


### سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# هەر گۆڕانکارییەک لە وەزعی هەرێمی کوردستان بکرێت دەبێت لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە بێت نەک بەشێوەی نا دەستووری و ناقانوونی

ئێـــوارەی رۆژی ٢٩/١/ ٢٠١١ بزووتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی توندی بڵاوکردەوە و تیایدا چەند خاڵێکی ئاماژە پێکردووە کە بۆنی لێکتێکگەیشـــتن و پێکەوە ژیانی دیموکراتیانەی لێ نایەت، هەربۆیە شـــەوی ٢٩/ ٢٠١١/١، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان لێدوانێکی بڵاوکردەوە و هەروەها هەر هەمان شـــەو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقی بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بەیاننامە هاوبەشەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی یە:

## روونکردنەوەیەک لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە

گۆڕان لە رێگەی کەی ئێن ئێنەوە بەشـــێوەیەکی نایاســـایی داوای گۆڕانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و هەموو وەزعەکە دەکات.

هەر گۆڕانکارییەک لە وەزعی هەرێمی کوردســـتان بکرێت دەبێت لە رێگەی ســـندوقی دەنگدانەوە بێت نەک بەشێوەی نا دەستووری و ناقانوونی.

ئەم وەزعەی هەرێمی کوردســـتان ئەنجامـــی هەڵبژاردنێکی ئازاد بووە و هەر گۆڕانکارییەکیش بێت لە رێگەی ســـندوقی دەنگدانەوە دەبێت.

لـــە هیچ لایەنێکیش قبووڵ ناکرێت رەوشـــی هەرێم و ژیانی خەڵکەکەی تێک بدات. داوا لە هەموو جەماوەری کوردستان و لایەنگران و ئەندامانی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردســـتان دەکەین کە وریا و ئـــاگاداری ئەم پیلانە بن کە بەمەبەســـتی لەدەستچوونی هەموو ئەو دەستکەوتانەیە کە بە خوێنی شەهیدان بەدەست هاتوون و بە زووترین کاتیش وەڵامی ئەم بانگەوازە تێکدەرانەیە دەدرێتەوە.



سیاسی

**مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی:**

# ڕێگە نادەین دۆخی ئارامی و ئاسایشی کوردستان تێکبدەن

**گەلی ئازادی خوازی کوردستان!**

لەکاتێکدا، سەرۆکی هەرێم، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزەکانی ئیئتیلافی کوردستانی، لەگەڵیاندا، رای گشتی گەلەکەمان و ڕێکخراو و سەندیکاو خەمخۆرانی بەدیهێنانی ئامانجە بەدینەهاتووەکانی کوردستان، تێکڕا سەرقاڵی ئەوەین لە بەغدادی پایتەختی عیراقدا، دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراق، بە سەرۆکایەتی بەڕێز نوری مالیکی، ئەو (١٨) خاڵەی لەسەری ڕێکەوتوین، بەتایبەتی مادەی (١٤٠)ی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئیتر باشتر بخرێنە بواری جێبەجێکردن و بەهۆی یەکڕیزی هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە، ڕێگە نەدەین چیدیکە جێبەجێکردنی داخوازییە دەستووری و سیاسییەکانمان، دوابخرێ. ئەمە سەرباری ئەوەی سەرانی گۆڕان، پوازێکی یەك لایەنەیان کوتایە ناو هاوسەنگەری و یەکڕیزی هێزە کوردستانیەکان و هەڵوێستی توندڕەوانەیان لە بەغداد نواندو ئیئتیلافی کوردستانیان جێهێشت، بەڵام سوربونمان لەسەر داخوازیەکان و چەسپاندنیان لەگەڵ زۆربەی هێزە عیراقیەکان، دڵنیاییەکی سیاسی بۆ دروستکردوین. بۆئەوەی سیاسەتی تەفریقەی گۆڕانیش، کەمترین زیان بە هێزە کوردستانیەکان و گەلەکەمان بگەیەنێت، هەر سیاسەتێکی نەرممان بەرامبەر سەرانی گۆڕان نواندو پەیتاپەیتاش هەوڵیان لەگەڵ دراوە، کێشەکانیان لەگەڵدا چارەسەر بکرێ، بەڵام..

**ئەی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!**

وادیارە سەرانی گۆڕان، ئەم نەرمیەو ئەم سیاسەتە پڕ لە هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتیەیان بە خراپ و بەلاوازی لێکداوەتەوە، بۆیە، ئەم ئێوارەیە، بەیاننامەیەکیان بۆ دژایەتی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی بەشەرعی هەڵبژێردراوی کوردستان دەرکردووەو بەڕەسمی، بەناوی سەرانی گۆڕانەوە، داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەکەن، لە وەڵامی ئەم سیاسەتە نامەسئولانەیەی بەناو بزووتنەوەی گۆڕان، هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رایدەگەیەنین کەوا:

یەکەم: سەرانی گۆڕان، بە تاقی تەنها، ئۆباڵی ئەم بەیاننامەیەو ئەم هەڵوێستە سیاسییەی دژایەتی شەرعیەتی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، تەحەمول دەکەن، هیچ لایەنێکی تر، لە هێزە کوردستانیەکان، لەگەڵیاندا نین.

دووەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، رایدەگەیەنین کەوا، بەتەواوی توانامان، توانای فراکسیۆنەکەمان لە پەرلەمان، توانامان لە حکومەتی کوردستان، توانای حزبی، جەماوەری، سیاسی و پەیوەندی نێونەتەوەییمان، دژی هەموو پیلانێکی ئاژاوەگێڕی دەوەستین و ڕێگە نادەین هێزێکی کودەتاچی، دۆخی ئارامی بازاڕو کاسبی خەڵك، گوزەرانی خەڵك، ئاسودەیی خەڵك، خۆشبەختی خەڵك. لەسایەی ئەزمونی دیموکراسی و ئازادی و ئاسایشی کوردستان تێکبدەن.

سێهەم: بەرپرسیارێتی هەموو ڕووداوێکی گەورەو بچوکی کوردستان، لەناو خەڵك، لەناو دامودەزگاکان، بارەگاکان، بانکەکان، میوان و دۆستانی کوردستان، هەر ڕووداوێك، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، ڕوبدات، یەکێتی و پارتی، ڕاستەوخۆ، سەرانی گۆڕان بە بەرپرسیار دەزانن و ڕووبەڕووی سزای یاسایی ئاشکرایان دەکەین.

**گەلی ئەزموندیدەی کوردستان!**

خۆتان شایەتن کە یەکێتیی و پارتی، لە دەیان ساڵی رابوردوودا، بۆ بەدیهێنانی ئەم دەستکەوتانەی کوردستان، پشت ئەستور بە گەلەکەمان، چەند شەهیدی بەخشیوەو چەندیش بەرگەی ڕۆژگارە سەختەکان و سیاسەتی فاشیستەکانی گرتووە، بۆیە، دڵنیاین، گەلەکەمان، کە ئەنفال و کیمیاباران و نەهامەتیەکانی تەرحیل، تەعریب و تەبعیسیشی دیوە، هەرگیز ڕێگە نادات، تاقمێکی قین لەدڵی ئاژاوەگێڕ، ئەزمونەکەمان تێکبدات، بەدڵنیاییەوە، دڵنیاشتان دەکەین، شەرعیەتی پەرلەمان، حکومەت، هەروا ئاسایش، ئازادی و ئاسودەیی خەڵك، بەهیچ تاقمێکی ئاژاوەچی تێکناچێت، بەڵکو لەم پیلانەدا، بەئاسانی پیلانەکەیان تێکدەشکێت.

**جەماوەری دڵسۆزی کوردستان!**

سەرانی گۆڕان وادەزانن بەشێکی خەڵك، بۆ تێکدانی حکومەتی کوردستان و ئارامی و ئازادی خەڵك، لە هەڵبژاردندا دەنگی پێداون، نازانن تەنانەت بەشی زۆری لایەنگرانی خۆشیان لەسایەی ئەم حکومەتەدا، ئازادن و بەئازادی دەنگیان بەوان داوە، هەر لەڕێگەی پەرلەمان و حکومەت و گفتوگۆی دڵسۆزانەی هێزەکانی ئیئتیلافی کوردستانەوە، ئەو کەموکوڕی و گیروگرفت و کارە ناپەسەندانەی، جەماوەر لێی نیگەرانە، چارەسەر دەکرێن و بەدڵنیاییەوە چارەسەریشیان دەکەین، نەك بە ئاژاوەو لاساری و چەواشەکاری، بەهیواین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وریابن و چەواشەنەکرێن و دۆخی وڵاتانی نادیموکراس و بەشمەینەتی خەڵك، بەهۆی سیاسەتی سەرانی گۆڕانەوە، بە کوردستانی ئازاد و دیموکراس و ئاوەدانە بەراورد نەکرێن و دەستخەڕۆ نەبن، هەر ڕێگای دیالۆگ و برایەتی و پەرۆشی پاراستنی ئەزمونەکەمان و پەرەپێدانی، ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانە نەك ئاژاوەو ئاشوبە نانەوە لەناو خەڵکدا.

- **سەربەرزی بۆ شەهیدان**
- **بژی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان**
- **بێتەدی ئامانجەکانمان**
- **تێکدەشکێنین پیلانی ئاژاوەگێڕان**

# ئیدریس بارزانی
# بەرگی خاکی و زمانی سادە و
# کەسایەتیەکی جیاواز



مەبەست لەیادکردنەوەی ئیدریس بارزانی بە تەنیاگێڕانەوەی ئەو داستان و سەروەرییانە نییە کە ئیدریس بارزانی رۆڵی سەرەکی تێداگێڕاوە، بەڵکو دووبارە وەگۆهێنانەوەی ئەو کارەکتەرە سیاسییەیە لەناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا کە چۆن بە زمانی سادە و بەرگی خاکییەوە، کاریزماوکەسایەتیەکی جیاوازی لەناو هاوکێشەی سیاسیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دروستکردبوو، کاتێك لەم روانگەیەوە جارێکی دیکە دیمەنی ئیدریس بارزانی بۆ خوێنەرانی خۆمان وێنا دەکەینەوە، پێشوەختە ددان بەو راستییە دەنێین کە رستەکانی ئەم نووسینە ناتوانێت تەواوی وێنای ئیدریس لە وشەکاندا دروست بکاتەوە، لەبەر ئەوەی وشە ناتوانێت ئەوەی وێنە راستەقینەکەی ئیدریس پیشانمانی دەدات، دووبارە پیشانی بداتەوە، لێرەوە ئێمە دەمانەوێت لە دیمەنی بەرگی خاکی و زمانی سادەی ئیدریس بارزانییەوە ئەو کەسایەتیە وێنا بکەینەوە کە خەبات و تێکۆشانی وەك ئەرکێکی دانەپچڕاوو دانەبڕاوی سەرشانی خۆی سەیر دەکرد،هەڵبەت ئەو پێویستی بەوە نەبوو خەبات بکات تا بە هۆیەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، لەبەر ئەوەی خۆی لەدایکبووی ناو رۆژانی بەرخودان و شۆڕشەکان بووە ، لەم بارەیەوە پێویستی بەخۆسەلماندنەوە نەبوو، بۆیە لەم بوونەدا دەیویست ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیی دەزانی جارێکی دیکە بە زمانی سادە و ئاسایی ناو خەڵکەوە بۆ جۆشدانەوەی خەبات و یەکخستنەوەی تواناکان هەروەها بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی جەمسەرە فرەلایەن و فرە بیربۆچوونەکانی شەبەنگە جیاوازەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان مانا و بەهاکان دروست بکاتەوە، دروستکردنەوەی مانا و بەها بۆ یەکڕیزی و یەکبوونی شەبەنگە جیاوازەکان، سەپاندنی بیرێکی تاق و تەنیای تایبەتی لەنێو کەسایەتی ئیدریسدا نەبوو، واتا ئەو نەیدەویست بەجۆرێك ماناو بەهای یەکڕیزی پێناسە بکاتەوە بەو شێوەیەی کە خۆی تێیگەیشتبوو، بەڵکو تێگەیشتنی خۆی بۆ مانای بەهاو یەکڕیزی دەخستەوە ناو چوارچێوەی تێڕوانینە فرەڕەهەندو جیاوازەکانی دیکەو هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی تریشی لەپێناوی گەیشتن و رێکەوتن لە ماناو بەهاکانی یەکڕیزیدا کۆدەکردەوە، بەمانایەکی دیکە ئیدریس بارزانی ئامادەبوو تێگەیشتنی خۆی بۆ مانا و بەهای یەکڕیزی لەنێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا بخاتە بەردەمی رەخنە و تێڕوانینی جیاوازی بۆچوونەکانی دیکەوە، ئەو ئامادەبوو لە چوارچێوەی یەکبوون و یەکڕیزی بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، سەرتاپا مانا و بەهای یەکبوون و یەکڕیزی پێناسە بکاتەوە، بەبێ ئەوەی پێشوەختە بزانێت ئەو پێناسەیەی لەو چوارچێوەیەدا بۆ ئەو بەهایانە دەکرێن بە سوودی پارتەکەی خۆی کە پارتی دیموکراتی کوردستانە دەشکێتەوە یان نە، هەربۆیە ئەو بەوجۆرە سەیری بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەکرد، کەچۆن پارتی دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرخستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردایەتی و بەرژەوەندی قۆناخی رزگاری نیشتمانی، گەرچی تۆماری ئەو هۆکارەش قوربانیدانێك بێت بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی پارتی وەك حزب و خۆی وەك سەرکردەیەکی دیاری ئەو حزبە.

هەربۆیە دەنگی ئیدریس بارزانی تەنیا دەنگێك نەبوو ئاڕاستەی پارتی و جەماوەری پارتی کرابێت، بەڵکو دەنگی ئەو ئاڕاستەی هەموو بیربۆچوونە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی و سەرجەم هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق دەکرا، ئەو هەموو هەوڵی بۆ ئەوەبوو پێش ئەوەی دەرفەتە گرنگەکان لە دەستمان دەربچێت ،باشترە سوودی لێوەربگرین، ئەوەی دەویست هێزەکانی نێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بەجۆرێك رێکبخرێنەوە کە بتوانێت گەرەنتی بوونمان وەك نەتەوە لەخۆ بگرێت و بتوانین هەموو پێکەوە شانی بدەینە بەر، ئەو دەیویست ئەو وێستگەیەی ئێستا بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، وێستگەیەك بێت مێژوویەکی پرشنگدار بۆ نەوەکانی ئایندە تۆمار بکات، نەك سەروەرییەکانی ئەو مێژووە بەناوی خۆیەوە تۆمار بکرێت،ئەمەیە پێمان دەڵێت ئیدریس بارزانی بیرکردنەوەی خۆی تێکەڵاوی پرانسیپ و کۆڵەگە سەرەکییەکانی سەرخستنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان کردبوو، هەر بۆیە بەجۆرێك پرانسیپ و کۆڵەگە سەرەکیەکانی کوردایەتی بووبوونە بەشێك لە بیرکردنەوەی ئەو، کاتێك ئیدریس بارزانی بە زمانە سادەکەی قسەی بۆ بەرامبەرەکەی دەکرد، بەرامبەر هەستی دەکرد ئەوە هەر خۆیەتی دەدوێت و لەگەڵ ناخی خۆی تەئەمولی کردووە،بەرانبەرەکەی هەستی دەکرد ئیدریس شتێکی زیاتری پێ ناڵێت لەوەی لە ناخی خۆیدا هەستی پێدەکات، بەڵام چۆن هەستێك ؛ ئەو هەستەی لەگەڵ گوێبیستی هەر وشەیەکی ئیدریسدا ساتێك تێڕامان وەك

**وشە ناتوانێت ئەوەی وێنە راستەقینەکەی ئیدریس پیشانمانی دەدات، دووبارە پیشانی بداتەوە**

**بە ئەرکی سەرشانی خۆیی دەزانی جارێکی دیکە بە زمانی سادە و ئاسایی ناو خەڵکەوە بۆ جۆشدانەوەی خەبات و یەکخستنەوەی تواناکان هەروەها بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی جەمسەرە فرەلایەن و فرە بیربۆچوونەکانی شەبەنگە جیاوازەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان مانا و بەهاکان دروست بکاتەوە**

**ئامادەبوو لە چوارچێوەی یەکبوون و یەکڕیزی بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، سەرتاپا مانا و بەهای یەکبوون و یەکڕیزی پێناسە بکاتەوە**

**ئەو دەیویست ئەو وێستگەیەی ئێستا بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، وێستگەیەك بێت مێژوویەکی پرشنگدار بۆ نەوەکانی ئایندە تۆمار بکات، نەك سەروەرییەکانی ئەو مێژووە بەناوی خۆیەوە تۆمار بکرێت**

**کاتێك ئیدریس بارزانی بە زمانە سادەکەی قسەی بۆ بەرامبەرەکەی دەکرد، بەرامبەر هەستی دەکرد ئەوە هەر خۆیەتی دەدوێت و لەگەڵ ناخی خۆی تەئەمولی کردووە**

**بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازییەکانمان، مێژووی ئیدریس پێمان دەڵێت، گرفتی سەرەکی ئێمە ئەوەیە چۆن بەهای بەهاکان دیاری دەکەین، ئەمەش واتە چۆن ئەقڵانییەت دەگۆڕین بۆ ماقووڵییەت و چۆن مەقبوول دەگۆڕین بۆ مەعقوڵ**

**دەنگی ئیدریس پێمان دەڵێت نابێت بەو شێوەیە پارتی هەڵبسەنگێنن کە تەنیا خۆمان پێی رازی بین بەڵکو گرنگ ئەوەیە خەڵك لە پارتی رازی بێت**

**ئیدریس بارزانی دووبارە لەسەر چەمکە بەرزەکەی بارزانی مەشق و ڕاهێنانمان پێدەکاتەوە کە دەڵێت «چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت»**

تەئەمول و بیرکردنەوە بەرەو ئاڕاستەیەك راماندەکێشێت بۆ ئەوەی لە گرنگی و بایەخی ئەو وشە سادانە بیر بکەینەوە کە ئیدریس بەزمانە سادەکەی خۆی دەریدەبڕین، ئەمەیە کاتێك هەوڵدەدەین وێنای ئیدریس بارزانی وەك پۆرترێتی کەسایەتیەکی جیاواز لەناو ئەم دێڕانە وێنا بکەینەوە، دەبینین خودی دێڕەکان لە سەدان دیمەنی شارەوەی دیکەی ئەم کەسایەتیە ئاگادارمان دەکاتەوە کە وشە توانای بەسەریدا نەشکاوە تا وێنای بکاتەوە.

## مانا و بەها
## وەك میتۆدێك بۆ هەڵسەنگاندن

ئەوەی پێویستە لە ئیدریس بارزانییەوە فێری بین ئەوەیە، چۆن مانا و بەها بۆ واقیعی ئێستامان دیاری دەکەین ، دیاریکردنی مانا و بەها بۆ باری سیاسیی ئێستای کوردستان دەستنیشان کردنی ئەو فاکتەر و کۆڵەگە سەرەکیانەن کە بۆ هەموومان گرنگە پێوەی پابەندبین و تێڕوانینیشمان لەسەری جیاواز بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە چۆن دەتوانین خۆمان و جیاوازییەکانمان پێکەوە کۆبکەینەوە، بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازییەکانمان، مێژووی ئیدریس پێمان دەڵێت، گرفتی سەرەکی ئێمە ئەوەیە چۆن بەهای بەهاکان دیاری دەکەین، ئەمەش واتە چۆن ئەقڵانییەت دەگۆڕین بۆ ماقووڵیەت و چۆن مەقبوول دەگۆڕین بۆ مەعقوڵ، لەم روانگەیەوە کە سەیری واقیعی سیاسیی ئەمڕۆی پارتی دەکەین و هەڵوێست و رەفتارەکانی هەڵدەسەنگێنین، هەست و دەنگی ئیدریس پێمان دەڵێت نابێت بەو شێوەیە پارتی هەڵبسەنگێنن کە تەنیا خۆمان پێی رازی بین بەڵکو گرنگ ئەوەیە خەڵك لە پارتی رازی بێت، رازی بوونی خەڵك بە میتۆدی ئیدریسی هەمیشە زیندوو بەو مانایە نییە خەڵك وەك ئەندامێك لە ناو پارتیدا ئەندامی پارتی بن، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە رەفتار و بڕیارەکانی پارتی بەو ئاستە ماقووڵ بن کە خەڵك بەبێ ئەوەی ئەندامی پارتی بێت پشتگیری لە پارتی بکات، کەواتە هەوڵدان بۆ ئەوەی بڕیار و رەفتارەکانی کادرانی حزب لە ئاستی رازیبوونی پارتییەوە بەرز بکەینەوە بۆ ئاستی ئەوەی هەموو خەڵك بە ماقووڵی بزانێت، بەرەو ئەوەمان دەبات کە بیر لە پیادەکردنی بەها بەرزەکانی ئەخلاق لە کاتی سیاسەت کردندا بکەینەوەو لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانیی و ئەخلاقیی سیاسەت بکەین، لەم چوارچێوەیەدا، ئیدریس بارزانی دووبارە لەسەر چەمکە بەرزەکەی بارزانی مەشق و ڕاهێنانمان پێدەکاتەوە کە دەڵێت ((چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت))، خزمەتکاری میللەت لەوانەیە وەك بەکارهێنانی وشەو لە داڕشتنی گوتارە سیاسیەکاندا کارێکی ئاسان بێت و هۆکارێك بێ بۆ رازاندنەوەی گوتارەکانمان، بەڵام ئیدریس بارزانی پێمان دەڵێت، بارزانی باوك ئەمەی لەهەموو ئەرکەکانی دیکەی بەقورستر زانیوە، بۆیە بەراوردەکەی دەگاتە ئەو رادەیەی بارزانی نەمر بەکارهێنانی خزمەتکاریی وەك مەزنایەتیەك بۆ مرۆڤ لە قەڵەمداوە، بەڵام گرنگە لێرەدا بگەڕێینەوە سەر وشەی (مەزن) کە بارزانی نەمر لەو چەند وشەیە بەکاری هێناوە و بپرسین ئایا مانا و بەهای (مەزنایەتی) لای بارزانی نەمر چی بووە و چۆن (مەزن)ی پێناسەکراوە؟ بێگومان هەرکەسێك مەبەستی بێت دەتوانێت بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە وشەی( مەزن و مەزنایەتی ) لای بارزانی نەمر تێبگات، لای بارزانی مەزنایەتی هەرە گەورە بۆ خوا بووە و وەرگرانی پلە جیاوازەکانی مەزنایەتیش، پێوەرەکەی ئەوەبووە تاچەند خواو میللەت لە رەفتارەکانمان رازی دەبن، تاچەند مرۆڤ دەتوانێت زمانی سادە و بەرگی خاکی و رەشۆکی بێت، بۆ ئەوەی بە پلەیەك لە پلەکانی مەزنایەتی لە روانگەی خەڵکەوە سەیر بکرێت.

کەواتە ئەم دێڕانە کە تایبەتمەندیەکانی ئیدریس بارزانی لە زمانی سادە و خاکیەتی ئەودا کۆدەکاتەوە و دەیکاتە هێمایەك بۆ دروستبوونی جیاوازییەك کە کەسایەتی ئیدریس بارزانی پێ بناسرێتەوە، لەو روانگەیەوە بووە کە هەموو کات ئەو هەوڵیداوە کەسێتی جیاوازی خۆی لەناو خەڵکدا بێت و خەڵك ئەو جیاوازییەی پێ ببەخشێت، نەك جیاوازییەکەی ئەوەندە بێت لە دەرەوەی خەڵك بێت و ماوەی دووری نێوان خۆی و خەڵك ئاماژەی جیاوازی نێوان ئەو و خەڵك بێت، بێگومان تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکیش لێرەدا بەو مانایە بەکاری ناهێنین کە سەرکردەیەکی وەك ئیدریس بارزانی بەردەوام لەناو خەڵك دانیشتبێت و هیچ کاری سیاسی و سەرکردایەتی ئەنجامنەدابێت، بەڵکو بەو مانایە بەکاری دەهێنین کە ئیدریس بارزانی لەگەڵ خواست و خەم و ئاوات و خەونەکانی گەلەکەی ژیاوە و ئەو هەستی کردووە گەلەکەی چۆن لێی رازی دەبێت نەك تەنیا حزبەکەی، بۆیە هەمووکات لەو کاتانەی لە پێگەی بەرپرسیاریەتیدا بووە هەوڵیداوە، هەنگاوو بڕیارەکانی بۆ ئەوەبن تێکەڵاوی

خواست و خەم و ئاوات و خەونەکانی گەلەکەی بێنەدی، نەك بەو جۆرە بێت کە بەتەنیا ئەندامان یان پێشمەرگەکانی پارتی لێی رازی بن، ئەمە پێمان دەڵێت حزبایەتی لای ئیدریس بارزانی هۆکارێك بووە بۆ خزمەتی گەلەکەی نەك ئامانجێك بوویێت بۆ بوون و ناساندنی خۆی وەك سەرکردەیەك، لای ئیدریس بارزانی بڕیاری ئەقڵانی و لۆژیکانە ئەو بڕیارە بووە کە لەدەرەوەی پارتی خەڵکی کوردستان پێی رازی بن و پشتگیری بکەن، نەك تەنیا بەو جۆرە بێت کە لەناو پارتیدا چەپڵەی بۆ لێ بدرێت، ئەم تایبەتمەندیەی ئیدریسی هەمیشە زیندوو کە زۆر هەوڵیداوە لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی و قۆناخی ناسکی رزگاری نیشتمانی کوردستان، لەناو پارتی رووبەرووی نارەزایی و رەخنەی زۆر بێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئیدریس قوتابی قوتابخانەکەی رێبازی بارزانی و لە نزیکەوە هاوکار و یاریدەدەری بارزانی نەمر بوو، بەو جۆرە لەناو سیاسەت پەروەردەکرابوو، کە سیاسەت بە بێ رەچاو کردنی بنەما ئەخلاقیەکان بوونی نییە، بەبێ وەرگرتنی بڕیاری قورس، هیچ دادپەروەرییەك بوونی نابێت، بەبێ لێبووردەیی، پێکەوە ژیان هیچ مانایەکی نییە، بەبێ جیاوازییەکان هیچ فرەییەك بوونی نییە، ئەمانە هەمووی پێکەوە وایکردبوو، کاتێك ئیدریس بارزانی هاوکێشەی سیاسیی کوردستانی دەخوێندەوە، هەموو ئەو توخمە گرنگانەی ناو هاوکێشەکە وەك ( ئەخلاق، لێبوردەیی، جیاوازی ) لەبەر چاو بگرێت، بەڵام ئەوەشی لەبەرچاوبوو کە کۆکردنەوەی ئەمانە هەمووی پێکەوە بەبێ بڕیاری قورس و قوربانیدان ئەنجام نادرێت، هەربۆیە کاتێك دەگەرێینەوە بەمێژووی ئەم کەسە خاکیەدا، دەبینین بڕیارەکانی بڕیاری قورس و بوێرانە و بێوێنەن، هەست دەکەین هەرگیز ئیدریس بارزانی بیری لەوە نەکردۆتەوە ئاکامی بڕیارەکانی بۆ پارتی زیانی دەبێت یان سوود، بەڵکو بیری لەوە کردۆتەوە چۆن ئەو بڕیارەی ئەو دەیدات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان یەکبگرێتەوە.

**بەرەی کوردستانی وانەیەك**
**بۆ دووبارە تێگەیشتنەوە لە یەکریزی**

بیرکردنەوە لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی قەدەرێك نەبوو کە کارەسات لایەنەکانی ناچار کردبێت خۆیان لەبەرەیەکدا ببیننەوە، بەڵکو بیرکردنەوەیەك بوو کە هەموو لایەنەکانی نێو گۆڕەپانی کوردستانی خستە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی بەوەی ئایا ئامادەن لە پێناوی گەرەنتی مانەوەمان وەك نەتەوەیەك هەموو لایەك قوربانی بەشێك لەو مافانە بدات کە لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی حزبی بەمافی خۆی دەزانێت،لێرەدا زۆر گرنگە بەشێوەیەك لە شێوەکان واقیعی ئەو کاتە وێنا بکەینەوە، کە چۆن بیرکردنەوە و تێڕوانینی حزبیانە بەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی واقیعیانە بۆ هاوکێشەی سیاسیی ئەوکاتی کوردستان زاڵ بووە، ئەمەش راشکاوانە بەو مانایەی لەوانەیە ئەندامانی حزبەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی لە روانگەی حزبییەوە هەرگیز بە بەرژەوەندیان نەزانێت پێکەوە لەناو بەرەیەکدا بە خۆیان و جیاوازییەکانەوە کۆببنەوە و فێربن رێز لە جیاوازییەکانی یەکتری بگرن و لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی یەك دوژمن بکەن، بەڵام ئیدریس بارزانی لەو کاتەدا وەك زەرورەتێکی مێژووی بە زوورەتی دەزانێت واز لەو مافانە بێنێت کە لەروانگەی حزبی پارتییەوە وەك مافی پارتی لەقەڵەمدەدران و بیانگۆڕێت بۆ ئەوەی ئەو قوربانیدانانە لە روانگەی بەرژەوەندی نیشتمانی و ناسکی قۆناخی رزگاری نیشتمانی کوردستانەوە سەیر بکرێن کە لەو کاتەدا بزووتنەوەکە پیایدا تێدەپەری، لەمەش زیاتر هەوڵەکانی ئیدریس بارزانی لەگەڵ بەرێز سەرۆك مسعود بارزانی ئەوەبوو، پێش هەموو شت کادرو ئەندامانی پارتی فێربکەن چۆن لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی نەرمی بنوێنن و لاپەرەکانی رابردوو هەڵنەدرێنەوە و لەسەر لاپەرەیەکی تازە مێژووی یەکبوون و یەکریزی کوردستان بنووسرێتەوە، ئامادەباشیی پارتی بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی و ئیدریس بارزانی، زەمینەی ئاشتبوونەوەی گشتی و دواتر زەمینەی بەرەی کوردستانی دروستکرد، لەگەڵ ئەوەی مەرگی ناوەختە بواری ئەوەی بە شەهید ئیدریس بارزانی نەدا کە ئەم بەرەیە بکاتە هەوێنی یەکبوون و یەکریزی هێزەکان و کۆکردنەوەی جیاوازییەکان لەناو یەك بازنەدا بۆ تا هەتایە، بەڵام هەموو کات کە یادی ئیدریس بارزانی دەکەینەوە و پاشگری هەمیشە زیندووی بۆ دادەنێین گرنگە لە دانانی ئەم پاشگرە بۆ ئەو شەهیدە تێبگەین و ئەو راستیەمان لابێت کە هەر کاتێك ریزەکانی هێزە کوردستانییەکان یەکگرتوو بێت و بەهەموو جیاوازییەکانییەوە بۆ یەك ئامانج خەبات بکەن، ئەوا ئەو کاتە رۆحی ئیدریسی هەمیشە زیندووە و لەگەڵماندا دەژی و ئەو وانەیەمان فێردەکاتەوە، ئەگەر یەکگرتوو نەبین هیچ ئایندەیەکمان نابێت.

**لای بارزانی مەزنایەتی هەرە گەورە بۆ خوا بووە و وەرگرانی لە جیاوازەکانی مەزنایەتیش، پێوەرەکەی ئەوەبووە تاچەند خواو میللەت لە رەفتارەکانمان رازی دەبن**

**حزبایەتی لای ئیدریس بارزانی هۆکارێك بووە بۆ خزمەتی گەلەکەی نەك ئامانجێك بوویێت بۆ بوون و ناساندنی خۆی وەك سەرکردەیەك**

**لای ئیدریس بارزانی بڕیاری ئەقڵانی و لۆژیکانە ئەو بڕیارە بووە کە لەدەرەوەی پارتی خەڵکی کوردستان پێی رازی بن و پشتگیری بکەن، نەك تەنیا بەو جۆرە بێت کە لەناو پارتیدا چەپڵەی بۆ لێ بدرێت**

**ئامادەباشیی پارتی بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی و ئیدریس بارزانی، زەمینەی ئاشتبوونەوەی گشتی و دواتر زەمینەی بەرەی کوردستانی دروستکرد**

**رۆحی ئیدریسی هەمیشە زیندووە و لەگەڵماندا دەژی و ئەو وانەیەمان فێردەکاتەوە، ئەگەر یەکگرتوو نەبین هیچ ئایندەیەکمان نابێت**

# پڕنەکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان ئاستەنگی بۆ حکومەتی عێراق دروستکردووە




خەریکە پێکهێنانی حکومەتی عێراق بە هاوشێوەی دامەزراندن و پەرلەمان و دەسنیشانکردنی پۆستی سەرۆك كۆمار دیسان درێژە دەكێشێت، بۆ ماوەی نزیكەی ١١ مانگ بەسەر تێپەڕبوونی هەڵبژاردنەكانی ئاداری ساڵی رابردوو تێدەپەڕێت و هەتا ئێستا نەتوانراوە كێشەو گرفتەكانی حكومەتی عێراق چارەسەر بكرێت و هەروەها نەتوانراوە ئەو پۆستە وەزارییانە بە تایبەتی پۆستی وەزارەتە ئەمنییەكان پڕبكرێتەوە كە هەتا ئێستاش كێشەی لەسەر هەیە، ئەو چاودێرە سیاسییانەی وەك چاودێری بێلایەن چاودێری رەوشی سیاسیی عێراق دەكەن، ئاماژە بەوە دەكەن لەناو ئەو كوتلە سەرەكییانەی حكومەتی لێ پێكهاتووە كێشە و ململانێی لەسەر دابەشكردنی ئەو پۆستە وەزارییانە هەیە كە بەر ئەو كوتلانە كەوتوون، هەربۆیە كاتێك ئەو پشكانە بەسەر پێكهاتە جیاوازەكانی نێو كوتلە سەرەكییەكاندا دابەشدەكرێتەوە، جۆرێك لە ئیشكالیەتی و هەڵبژاردنی كاندیدی نەگونجاو بۆ ئەو پۆستانە دروست دەبن، هەروەها كاتێك سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئەو كاندیدانە رەتدەكاتەوە، دەبێتە هۆكاری ئەوەی كە بە ئاسانی نەتوانن كەسێكی دیكە بۆ ئەو پۆستە بپاڵێونەوە و نەتوانن بە ئاسانی ئەو قۆناغە تێبپەڕێنن. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكە كێشەیەكی دیكەش هەیە ئەویش كێشەی دەسەڵاتی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانە كە هەندێك بەو جۆرە تەفسیری دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاكان دەكات كە بەشێك لە دەسەڵاتی جێبەجێكاریش وەردەگرێت، بەڵام هەندێكی دیكە بەو جۆرە تەفسیری دەسەڵاتی ئەو ئەنجوومەنە دەكەن بەوەی ئەو ئەنجوومەنە ئەنجوومەنێكی راوێژكاری دەبێت و پێوەندی بەدەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە نابێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەوانەی كە لایەنگیری ئەوەن كە ئەنجوومەنەكە بەشێك لەدەسەڵاتی جێبەجێكردنی هەبێت و ئەوانەی لایەنگیری ئەوەن كە تەنیا ئەنجوومەنێكی راوێژكاری بێت و هیچی دیكە، بۆتە هۆكاری ئەوەی كە نەتوانن نە یاسایەك بۆ ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاكان دەربكەن و نە ئیقراری ئەوەش بكەن كە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هەمان دەسەڵاتی پێشووتری هەیە، هەروەها گرفتی دیكە وەك هەندێك چاودێری دیكە باسی دەكەن چۆنییەتی تەفسیركردنی بنەماكانی پێكهێنانی حكومەتی هاوبەشی نیشتمانییە، لەم چوارچێوەیەشدا لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی جیاواز لەسەر چۆنییەتی دامەزراندنی ئەم حكومەتە لەنێوان پێكهاتە جیاوازەكاندا تا ئێستاش بوونی هەیە، بەڵام ئەو لایەنە ساغ بۆتەوە لەگەڵ ئەوەی بنەمای حكومەتی هاوبەشی نیشتمانی بەو جۆرەیە هەموو



پێکهاتەکان بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتدا بکەن، بەڵام بنەمای ئیستحقاقی هەڵبژاردن لەبەرچاو گیراوە و ئەو لایەنانەی ناو پێکهاتە جیاوازەکان دەنگی زیاتریان بەدەست هێناوە و پۆستی زیاتریان وەگرتووە، هەر بۆ نموونە لەنێو هاوبەندی ئیئتیلافی شیعە، تەیاری سەدر دوو هێندەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراقدا پۆستی وەرگرتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژمارەی ئەو کورسیانەی تەیاری سەدر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی پار بەدەستی هێناوە ٣٩ کورسیە و لایەنی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی کەمتری بەدەست هێناوە، هەروەها ئەم ئیشکالیەتە لەنێوان پێکهاتەکانی فراکسیۆنی هاوپەیمانە کوردستانییەکان بوونی هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی فراکسیۆنی گۆڕان لە هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هاتە دەرەوە و ئامادەنەبوو لە چوارچێوەی ئەو پشکەی بەر هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەکەوێت، پۆست وەربگرێت. بەنیاز بوو بەجیا وتووێژ بکات، ئەمانە کەم تازۆر هەموویان کێشەن، بۆیە بۆ خوێندنەوەی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە و دواکەوتنی پڕکردنەوەی ئەو پۆستە وەزاریانە، پرسیارمان لە نووسەر و شرۆڤەکاری عێراقی ئیبراهیم سومێدعی کرد و بەوەی ئایا ئەم بارودۆخە بەرەو کوێ دەڕوات؟ لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەڕێز سومێدعی بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: (با بە راشکاوی قسە بکەین، لە عێراقدا سەرۆك وەزیران نییە، بەڵکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، لەم سیستمە پەرلەمانییەشدا دەسەڵاتێکی ئاشکرا نییە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە سیفەتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەیە، ئێوە سەرنج بدەن کابینە وەزاریەکە هەوڵێکی بەهێزیدا بۆ دیاریکردنی سەڵاحیەتەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، کە لە دەورەی یەکەمدا و لەسەردەمی بەڕێز مالیکیدا ئەم سەڵاحیەتە هاوشێوەی سەڵاحیەتی سەرۆکایەتی یاخود تێکەڵێك بوو لە سەڵاحیەتی ئەم سەرۆکایەتیە. یەکەم هەنگاویش بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی بریتی بوو لە کشاندنەوەی دەسەڵاتی دامەزراندنی پلە تایبەتییەکانی وەك بەڕێوەبەرە گشتییەکان و وەکیلەکان و فەرماندە سەربازییەکان. لەبەر ئەوەی من داوای ئیلتیزامکردن بە دەستوورەوە دەکەم و داوا دەکەم دەسەڵاتەکانی قەرەبووبکرێتەوە وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، ئەمەش لەبەرامبەر لێسەندنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەبەر چەند هۆکارێکی ئیستیسنائی و بەحوکمی ئەوەی خاوەنی ئیئتیلافێکی گەورەبوو- کە ئەو کاتە هاوپەیمانی کوردستانیش بەشداربوو لەدەسەڵاتدا و بەرەی موعارەزە لە پێکهاتەی سوننەکاندا کورت ببۆوە، هەرچەندە من داوای دەوڵەتی هاوولاتیبوون دەکەم و پێم خۆش نییە باس لە پێکهاتە بکەم، بەڵام واقیعە سیاسییەکە ناچاری کردووین بەم شێوەیە بدوێین- لە دەورەی یەکەمدا پێیدرابوو. من لەگەڵ ئەوەدام دەسەڵات و وەزیفەکانی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانەوە خۆی ئەدا بکرێت و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران مافێکی حەسری هەبێت لە وەزارەتە ئەمنییەکاندا هەروەك لە دەستووردا ئەم دەسەڵاتەی پێدراوە. باقی وەزارەتەکانی دیکە ماوەتەوە، ئەوا گرێدراوە بەو رێککەوتنەی لە هەولێر ئەنجامدرا، ئێوە دەزانن رێککەوتنی هەولێر ئیشکالیەتی ململانێی دەسەڵاتی نێوان ئەلعێراقیە و دەوڵەتی یاسایی چارەسەرکرد، بەڵام ئێمە دەزانین پێش ئەو رێککەوتنەش رەوتی سەدر رایگەیاند دەچێتە پاڵ دەوڵەتی یاسا، کەواتە ئیستحقاقی پێش رێککەوتنەکەی هەولێر لە ئارادابوو، کە من باوەڕم وایە تەنانەت ئەو ئیستیحقاقەش لەرۆزك بوو، لەبەر ئەوە من داوای دووبارە تەفسیرکردنەوەی نەخشەی رێگای هەولێر دەکەم. بۆ نموونە سەدرییەکان دوو ئەوەندی ئیستیحقاقی ئەنجوومەنی باڵایان پێبڕاوە، ئەمە ئەگەر ئێمە باس لە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی بکەین. من لێرەدا داوا لە ئەنجوومەنی باڵا دەکەم کە دەست لەو بەشداری کردنە لاوازەش هەڵگرێت و بچێتە بەرەی موعارەزە کە دەتوانێت لەموعارەزەدا زیاتر پشتیوانی لە حکومەت بکات. ئەوەی پێوەندی بە هێزەکانی هاوپەیمانی کوردستانییەوە هەبێت، ئەگەر ئێمە هەرێمی کوردستان وەك یەکەیەکی هەڵبژاردن سەیر بکەین بە چاوپۆشین لە ململانێ و رکابەریە ناوخۆییەکان، بەلای کەمەوە لەگەڵ گۆڕاندا و دواتر چوونەدەرەوەی گۆڕان، ئەوا ئیشکالیەتی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی هەرێم لە ئارادایە. کەواتە من داوای بەستنی کۆبوونەوەی هەولێری دووەم دەکەم، بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی سەرکردەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە باڵاکان، لەگەڵ یەکلاکردنەوەی وەزارەتە هەڵپەسێردراوەکان، چونکە پێدەچێت سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەوڵی قۆڵبادانی هەندێ لەو هێزە سیاسییانەی بدات کە پێیوایە زیاتر لە ئیستحقاقی خۆیان بردووە، ئەویش لە پێناو دووبارە داڕشتنەوە یاخود تێپەڕاندنی ئەو رێککەوتنە لەرۆزکەی بووە هۆی ئەوەی ئەو پۆستە وەربگرێتەوە)).

کەواتە ئەو ئیشکالیەتەی سومێدعی باسی دەکات لەسەر دوو ئاستە، یەکێکیان پەیوەستە بەو رێککەوتنەی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی وەك گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی لەنێوان دەوڵەتی یاسا و لایەنەکانی ناو ئیئتیلافی شیعە ئەنجامدراوە، لایەنێکی دیکەی پێوەندی بەو رێککەوتنەوە هەیە کە لە ئاکامی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی لەهەولێر گرێدراو کێشەی نێوان لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی و لیستی ئەلعراقیەی چارەسەرکرد و لە ئاکامدا بووە هۆکاری



ئیبراهیم سومێدعی بۆ گوڵان:

# کۆماری پەرلەمانی پێویستی بە پارتی سیاسی لیبراڵ و پێشکەوتوو هەیە، بەڵام هێزە سیاسییەکانی عێراق لەسەر ئەساسی تائیفی، مەزهەبی و نەتەوەیی بنیادنراون

ئەوەی سێ پۆستە سەروەرییەکە(سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆمار) یەکلایی بکرێنەوە و بڕیاریش بدرێت ئەنجوومەنی سیاستە باڵاکان دابڕێژرێت، بەڵام ئەمانە ئایا تاچەند بوونە هۆکاری ئەوەی پۆستە وەزارییەکان یەکلایی نەکرێنەوە؟ ئیبراهیم سومێدعی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (بەداخەوە لە سیستمی سیاسی عێراقیدا ئیشکالیەتی گەورە هەیە، من هەمیشە دەڵێم ئەزموونی سیاسی عێراق بریتییە لە کۆمارێکی پەرلەمانی، لەمجۆرە کۆمارەشدا ناتوانرێت ڕەوڕەوەی کاروباری حکومڕانیتی لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەرژەوەندیە پێکناکۆك و دژەبەیەکانەی هێزە سیاسییەکان بەڕێوە ببردرێت، کە ئەم هێزانەش لە یەك کاتدا لەسەر ئەساسی تائیفی، مەزهەبی و نەتەوەیی بنیادنراون، کەواتە کۆماری پەرلەمانی پێویستی بە پارتی سیاسی لیبراڵ و پێشکەوتوو هەیە، کە ئەم پارتانەش سنووری دابەشبوونە محەلی و کۆمەڵایەتییەکان ببڕن، بەڵام دروستبوونی ئەم پارتە سیاسییانەش پێویستی بە کاتە، پێویستی بە ڕەواندنەوەی قەیرانی بێ متمانەیی هەیە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئەم ساتە وەختەش کوردەکان بەدگومانن لە گەڵاڵەبوونی هەر هەڵوێستێکی هاوبەش لە نێویان عەرەبەکاندا بۆ پێکهێنانی زۆرینەیەکی سیاسی کە ڕەهەندێکی نەتەوەیی هەبێت و هەوڵبدات دەسەڵات بە جۆرێك دابڕێژێتەوە، پێموایە ئەم ترس و نیگەرانییە ترس و نیگەرانییەکی ڕەوایە. لە هەمان کاتدا گرێی تائیفیش لەنێوان شیعە و سوننەکاندا یەکلا نەکراوەتەوە، پێموایە لەبەر ئەوەی ئەم گرێکوێرانە و ئەم بەدگومانیانە لەگەڵ حزبەکانی بەشدار لە دەسەڵاتدا لەدایك بوونە، ئەوا ناکرێت کۆتاییان پێبهێنرێت ئەگەر ئەم پارتانە لە ئارادا بمێنن یاخود بەلای کەمەوە ئەگەر نەوەی یەکەمی سەرکردەکانی ئەم پارتانە بمێنن، لەبەر ئەوەی ئەم سەرکردانە ئازار و گرێکوێرەکانی ڕابردوویان هەڵگرتووە. پێموایە ئەگەر لە عێراقدا کار بە سیستمی سەرۆکایەتی بکرێت، بەچەشنی ئەوەی لە ئەمریکادا هەیە کە لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنەکاندا سەرۆکی ئەو وڵاتە دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ بەرهەڵستی هەیە لە پێکهێنانی وەزارەتەکاندا و هەرگیز کۆنگرێس ناتوانێت سەرۆك بانگهێشت بکات بۆ ئیستیجواب، کۆنگرێس تەنیا دەتوانێت لەڕێی میزانییەوە فشار لەسەر سەرۆك دروست بکات، ئەویش لەڕێی فشارکردنەوە بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی لە سەرفکردنی میزانییەدا. لە عێراقدا سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی بەیەکداچوونە و لە ڕاستیدا دۆخەکەش بە یەکداچووە، لەبەر ئەوە هەموو ڕۆژێك قوڕەکە خەستتر دەبێتەوە. لەبەر ئەوە من داوا دەکەم سیستمی سەرۆکایەتی لە عێراقدا پیادە بکرێت، تەنانەت سیستمی سەرۆکایەتی لە عێراقی ئێستادا دەبێتەهۆی ئەوەی وڵاتەکە بەخێرای ڕووناکی بەرەو دیکتاتۆریەت سەربکێشێت، بەڵام ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە پاشماوەی سەد ساڵ و زیاتر لە سەد ساڵ بەیەك جار چارەسەر ناکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا پەراوێزی هەستی نیشتمانی لە ئارادانییە و پارتە سیاسییەکان بەپێی موحاسەسەی تائیفی، مەزهەبی و نەتەوەیی ڕەفتار دەکەن. هەربۆیە حاڵی حازر مالیکی گەمەی پەنجە گەستن دەکات و لە ڕاستیدا لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە تێکڕای لایەنە سیاسییەکان ئەم گەمەیە دەکەن و مالیکیش دانی بە خۆیدا گرت و ئارامی گرت و یەکەمجار هاواری نەکرد. پێموایە لەنێو هێزە سیاسییەکاندا لایەنگەلێك هەن پشتیوانی لە مالیکی دەکەن، بۆ نموونە لەلایەن سەدرییەکانەوە، ئەمە دوای گەڕانەوە و ڕۆیشتنەوەی موقتەدا سەدر).

ئەم حاڵەتە وەك سومێدعی ئاماژەی پێدەکات ئومێد بەخش نییە، بۆیە ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە ئایا تاچەند عێراقییەکان لەم بارودۆخە زەرەمەند دەبن؟ لە وەڵامی ئەمە پرسیارەشدا سومێدعی وتی: (ئێمە دەزانین لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا شەڕێك هەیە، یاخود ڕووبەڕووی شەڕێکی ڕاستەقینە بۆتەوە کە ڕەنگە بیانو و پاساو بداتە سیاسییەکان، ئەویش بە بیانوی ئەوەی وڵاتەکە لە شەڕێکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئیرهابدا، بەڵام ئەولەویاتەکانی هاووڵاتی عێراقی لە کوردستاندا بە چەشنێکن کە یارمەتیدەری گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و بونییەی سیاسییە، ئەویش بەهۆی لەئارادابوونی ئارامی ئاساییشەوە، بەڵام هاووڵاتی عێراقی لە بەشە عەرەبییەکەیدا ڕووبەڕووی هەر فشارێك ببێتەوە، ئەوا ئەولەویەتی یەکەم کە لەبەرچاوی دەگرێت بەدەستهێنانی ئارامی و ئاسایشە، بە چەشنێك غیابی ئەمن بۆتە پەرژینێك کە سیاسییەکانی وڵاتەکە کردویانەتە بیانویەك بۆ داپۆشینی شکست و دابین نەکردنی خزمەتگوزاری و ئیشکالیەتە گەورەکانی دیکە)).

ئەو لایەنەی سومێدعی وەك شرۆڤەکارێك و چاودێرێکی بێلایەن ئاماژەی پێکرد، هەڵسەنگاندنی ڕەفتار و پێوەندی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بوو لەڕوانگەی کاری پەرلەمانی و حکومڕانی عێراقەوە، هەربۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوەستە بکەین، پرسیارمان لە پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا کەمال ئەلساعدی

**لەگەڵ ئەوەدام دەسەڵات و وەزیفەکانی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانەوە خۆی ئەدا بکرێت و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران**

کرد، بەوەی ئایا ئەو چۆن تەفسیر بۆ ئەم بارودۆخە دەکات؟ لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (پێموایە کێشەکە لەنێوان کەسەکاندایە، واتە کێشەکە سرووشتێکی سیاسی نییە، سەرۆك وەزیران ناوی چەند پاڵێوراوێکی ڕەتکردەوە، لەبەر ئەوەی پێیوابو ئەو کەسانە ناتوانن لە ساڵانی داهاتوودا مەلەفێکی ئەوەندە گرنگ و مەترسیدار ئیدارە بکەن، ڕاستە دواخستنی پێکهێنانی ئەم وەزارەتانە زیانبەخشە، بەڵام هەڵبژاردنی کەسانی نەشیاویش زیانی



زوهێر ئەلئەعرەجی بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە هاتووە کاروانی خزمەتکردنی خەڵک تەواو بکەین و نابێت ڕێگە بدەین کارە لاوەکی و سادەکان ببێتەهۆی ئەوەی پرۆسەکە بگەڕێنینە دواوە

گەورەتر لە خۆدەگرێت، زیانی درێژخایەن، ئەمە کۆسپێکی سەرەکی بەردەم پێکهێنانی ئەم وەزارەتانەیە. لەم چوارچێوەیەدا پێموایە پێویستمان بە کاتێکی دووردرێژ هەیە بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتییەکان سەقامگیربن و زیاتر کامڵبن، ڕاستە هاوپەیمانێتییەکان لەسەر بنەمای بەرنامە و تێڕوانینی هاوبەش پێکدەهێنرێن، بەڵام لە هەمان کاتدا بواری جیاوازی و ناکۆکیش هەر لە ئارادا دەمێنێت. لەم ڕوانگەیەوە پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا پێویستی بە کاتێکی زۆر دەبێت بۆ ئەوەی مەسەلە و بابەتەکان بە تەواوەتی ڕوون ببنەوە و ڕەوتی ئاسایی و سرووشتی خۆیان وەرگرن. لەبەر ئەوە بوونی جیاوازی و ناکۆکی بە شتێکی سرووشتی دەزانم. بەڵام مەبەستیشم لەکاتی زیاتر ئەوەنییە کە ئێمە دەستەو ئەژنۆ دابنیشین و قەیرانەکانیش بەردەوامبن. من مەبەستم لە پرۆسە سیاسییەکە بوو، نەك پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، لەبەر ئەوەی چەسپاندنی نەریتە دیموکراسییەکان پێویستی بە کاتێکی دوورودرێژە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە دەستەوەستان نین و شەو و ڕۆژ لە کۆششدایین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و تەواوکردنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت)).

بەڵام زوهێر ئەلئەعرەجی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە ڕاشکاوانەتر لە پەرلەمانتارەکەی دەوڵەتی یاسا دەست دەخاتە سەر برینەکان و سەبارەت بەو بارودۆخەی ئێستا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: ((لە ڕاستیدا ئەو قەیرانە سیاسییەی پێش پێکهێنانی حکومەت دروست بوو و هەشت مانگ درێژەی کێشا، ماوەیەکی کەم نەبوو بۆ ئەوەی پرسی ڕێککەوتن لەسەر سەرۆکی حکومەت یاخود سەرۆك وەزیران یەکلابکرێتەوە، ئەمەش بەرپرسیارێتیەکەی لە ئەستۆی سەرکردەی کوتلەکاندایە، کە بینیمان پێداگیری هەندێ لە کوتلەکان لەسەر بەرژەوەندی گەلێکی بەرتەسك بووە هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت. ڕاستە ٣٢٥ ئەندام پەرلەمان هەن، بەڵام ئیعتیراف بەو ڕاستیە بکەین کە سەرکردەی کوتلەکان و هەندێ لە کەسایەتی ناو کوتلەکان ئەوان ئیدارەی پرۆسە سیاسییەکەیان دەکرد و ئەوان بوون هەڵدەستان بە پێکهێنانی لیژنەی گفتوگۆ و بڕیاردان لە جۆری گفتوگۆ بێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئەندامانی کوتلەکانیان و ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر پێکهێنانی حکومەت بەزووترین کات. با ئیعتیراف بەوەش بکەین کە دەستێوەردانی دەرەکی هەبوو و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستێکی دیاریکراوی بەسەر هەندێ لە کەسایەتییەکاندا دەسەپاند و نابێت نکۆڵی لەمە بکەین، لە هەمان کاتدا هاوپەیمانێتییەکان لە چەندین پارت و لایەن پێکهاتوون، ئەمە بۆ ئەلعێراقیە و دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانی کوردستانیش ڕاستە، کە پێکهاتەکانی ناو ئەم هاوپەیمانێتانە یەك ڕەنگ نەبوون، بۆ نموونە لەکاتی پێکهێنانی لیستی ئەلعێراقیەدا و پێش بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان زیاتر لە ٢٣ لایەن هەبوو لەم لیستەدا و ٩١ کورسی بەدەستهێنا کە هەندێ لە لایەنەکانی ناو ئەم لیستە ٢ کورسی و هەندێکیان ٥ کورسی و لایەنیش هەبوو ٢٢ کورسی بەرکەوت. لە ڕاستیدا ئەو دەموچاوانەی لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە پرۆسەکەدا زیانێکیان زۆریان گەیاند بە پرۆسەکە و ئەوان بەرپرسیارێکی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بۆ هەشت مانگ لە ئەستۆ دەگرن و ئێمە تەممەنامان دەکرد ئەو کەسانە خۆیان دووربکەوتنایەتەوە و بواریان بە کەسانی تەکنۆکرات و خاوەن کەفائەت بدایە، ئەگەرچی ئێمە شانازی بە زۆریانەوە دەکەین)).

ئەوەی زوهێر ئەلئەعرەجی ئاماژەی پێکرد دەرهاویشتە سلبییەکانی هەشت مانگی یەکەمی یەکلاییکرنەوەی پۆستە سەرورییەکان بوو، بۆیە سەبارەت بەوەی ئایا ئەم دەرهاویشتانە تاچەند بۆ داهاتووش کاریگەریان دەبێت؟ لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (دڵنیین دوای هەشت مانگ ناکۆکیەکانمان تێپەڕاند و دەستپێشخەری بەڕێز بارزانی لە ئارادایە، کە دەستپێشخەرییەکی تەواو عێراقیە و دوور لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی و ئێمە هەموو پێکەوە دانیشتین و توانیمان حکومەت پێکبهێنین و وەزارەتەکان دابەش بکەین و ناکۆکی هەبوو لە بارەی پێکهێنانی لیژنەکانە و توانیمان یەکلایان بکەینەوە، ئێستا کاتی ئەو هاتووە کاروانی خزمەتکردنی خەڵك تەواو بکەین و نابێت ڕێگە بدەین کارە لاوەکی و سادەکان ببێتە هۆی ئەوەی پرۆسەکە بگەڕێنینە دواوە یاخود نەتوانین پرۆسە سیاسییەکە بێ کاریگەری دەرەکی و بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بەرتەسك درێژە پێبدەین. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دواکەوتنی پڕکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان، ئەوا ئەمەش شتێکی سلبیە و مایەی ئاسوودەیی نییە، لەبەر ئەوەی پێشتر ڕێککەوتن کراوە دەربارەی پێکهێنانی حکومەت لە ماوەیەکی دیاریکراودا. ئەگەر ئێمە بیانوو بهێنینەوە بۆ دواخستنی پێکهێنانی وەزارەتە ئەمنییەکان بە حوکمی ئەوەی ئەمە پێویستی بە وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی زیاترە، لەبەر ئەوەی پێوەندیان بە بوارێکی گرنگەوە هەیە، ئەوا چەندین ناو بۆ وەزارەتەکانی دیکە-

**دەستێوەردانی دەرەکی هەبوو و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستێکی دیاریکراوی بەسەر هەندێ لە کەسایەتییەکاندا دەسەپاند و نابێت نکۆڵی لەمە بکەین**

وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان و وەزارەتەکانی دەوڵەت- پێشنیارکراوە، لەلایەن عێراقیەوە و لایەنەکانی دیکەوە، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا یەکلانەکراونەتەوە. هەربۆنموونە تا ئێستا پاڵێوراوی ئێمە فەلاح نەقیبە بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگری، بەڵام هیچ وەڵامێکمان نە بە سلبی و نە بە ئیجابی لەلایەن هاوپەیمانی کوردستانی و هاوپەیمانی نیشتمانی وەرنەگرتووە. لێرەو لەوێ باس لەوە دەکرێت کە وەزارەتی بەرگری بۆ سەرۆك وەزیرانە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ڕێزی زۆرماندا بۆ



کەمال ئەلساعدی بۆ گولان:

# راستە دواخستنی پێکهێنانی ئەم وەزارەتانە زیانبەخشە، بەڵام هەڵبژاردنی کەسانی نەشیاویش زیانی گەورەترە و ئەمەش کۆسپێکی سەرەکی بەردەم پێکهێنانی ئەم وەزارەتانەیە

سەرۆك وەزیران، بەڵام لەکاتی دابەشکردنی وەزارەتەکاندا وەزارەتی بەرگری بۆ ئەلعێراقیە دانرا. لەلایەکی دیکەوە چەندین بڕگەی ڕێککەوتنەکە پێویستیان بە پێداچوونەوە و دووبارە دانیشتنەوەی سەرکردەکانە بۆ ئەوەی روحێکی دیکە بکەنەوە بە بەریاندا کە رەنگدانەوەی ئیجابی هەبێت لەسەر خەڵکی وڵاتەکە، لەبەر ئەوەی مەلەفی ئەمنی هەیە، مەلەفی خزمەتگوزاری هەیە و چەندین یاسا هەیە کە چاوەڕێی دەرچوون دەکەن و کاریگەریان هەیە لەسەر باشترکردنی ژیانیان. لەبەر ئەوەی دەبێت سیاسییەکان بکەونە جموجوڵ و حکومەتی شەراکەت و حکومەتی یەکێتی نیشتمانی پێکبهێنن و چیتر ڕێگە نەدەن ئەم قەیرانانە دووبارە ببنەوە)).

ئەگەر ئەمە لایەنێکی گشتی کێشەکە بێت و پێوەندی بە لیستی ئەلعراقیەوە هەبێت، ئەوا لایەنێکی دیکەش هەیە ئەویش دەرکردنی بڕیارێکە بۆ ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان، کە راستەخۆ و پێش هەر لایەکی دیکە پێوەندی بەلیستی ئەلعراقیەوە هەیە، سەبارەت بە چۆنییەتی یەکلاییکرنەوەی ئەم مەسەلەیە و دەرکردنی یاسایەك بۆ ئەم ئەنجوومەنە، زوهێر ئەلئەعرەجی بەم جۆرە رای خۆی بۆ گولان خستەڕوو: (من ئاماژەم بەو ڕێککەوتن و تەوافوقانە کرد کە لەنێویاندا ڕێککەوتن کرا لەسەر دروستکردنی ئەم ئەنجوومەنە بە سەرۆکایەتی د.عەللاوی. لەسەرەتادا لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ داڕشتنی رەشنووسێك بۆ کاری ئەنجوومەنەکە و بۆ هەیکەلی ئەنجوومەنەکە کە لەلایەن ئەلعێراقیەوە پێشکەش کرا، بەڵام ڕووبەڕووی هەندێ تەحەفوز و هەندێ رەتکردنەوە بۆوە و سەرنج لەسەر هەندێ لە بڕگەکانی هەبوو، بەڵام دوای پێکهێنانی لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە هاوپەیمانی کوردستانی و ئەلعێراقیە و هاوپەیمانی نیشتمانی توانرا تەجاوزی هەندێ لە مەسەلەکان بکرێت. من نایشارمەوە کە هێشتا هەندێ سەرنج هەیە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بە تایبەتی لەسەر دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجوومەنە و هەیکەلیەتی ئەم ئەنجوومەنە و ئایا رۆڵی سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای باڵا چی دەبێت؟ ئایا مافی دەنگدانی دەبێت؟ ئایا ئەندامێکی فەخری دەبێت؟ لەبەر ئەوەی نامانەوێت سیاسەت و قەزا تێکەڵ بکەین، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە. هەروەها دەبێت ئەوە یەکلابکرێتەوە کە چۆن سەرۆکی ئەم ئەنجوومەنە دادەنرێت ئایا بە هەڵبژاردن دەکرێت لە ناوخۆی ئەم ئەنجوومەنەدا کە ئێمە لە ئەلعێراقیە داوا دەکەین هەڵبژاردنی د.عەللاوی و ئەنجوومەنەکە شەرعی بێت و لە ناو پەرلەماندا بێت، واتە لە پەرلەماندا هەڵبژێردرێت، ئەگەرچی بۆ یەك دەورەش بێت، کە دواتر بەپێی هەلومەرجەکە بڕیار لەوە دەدرێت ئایا ئەم ئەنجوومەنە بمێنێت یان نا. چونکە ئێوە دەزانن کە زۆرجار ئێمە هەڵدەستین بە دروستکردنی مەنسەبێك لە پێناو رازیکردندا نەك بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی)).

> **پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا پێویستی بە کاتێکی زۆر دەبێت بۆ ئەوەی مەسلە و بابەتەکان بە تەواوەتی روون ببنەوە و رەوتی ئاسایی و سروشتی خۆیان وەرگرن**

کەواتە ئێستا عێراق بە هەر پێوەرێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەو ئاراستەیەن کە پرۆسەی سیاسیی عێراق کۆمەڵێك تەنگژەی تێدایە و ئەم تەنگژانەش کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ئەدای







قاسم ئەلئەعرەجی بۆ گوڵان:

# ئێمە لە سەروبەندی ئەوەداین لوتکەی وڵاتانی عەرەبی لە وڵاتەکەماندا ببەستین بۆیە دەمانەوێت هەموو لایەک دڵنیا بکەینەوە دەتوانین ئەم لوتکەیە بەڕێوە ببەین

حکومەت و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان هەیە، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا کەئێستا دەنگی ناڕەزایی و خۆپیشاندان چەند وڵاتێکی عەرەبی گرتۆتەوە ئایا سیاسەتمەدارانی عێراق ناترسن ئەم مەسەلەیە عێراقیش بگرێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا قاسم ئەلئەعرەجی پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانی لەناو لیستی ڕێکخراوی بەدر بەمجۆرە رای خۆی سەبارەت بەم مەسەلەیە بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (لە راستیدا جیاوازییەکی گەورە لەنێوان بارودۆخی سیاسی عێراق و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ناوچەکە هەیە، بە حوکمی ئەوەی عێراق لە پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراتیدا دەژێیت و هەڵبژاردن لەم وڵاتەدا ئەنجام دەدرێت و دەستوور و پەرلەمانی وڵاتەکە حوکمی وڵاتەکە دەکەن، واتە جۆرێك لە دیموکراسی لەئارادایە، ئەگەرچی کەموکوڕی و خەلەلی ئەمنیش هەیە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات لە رووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە ئەدایەکی خراپی هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا هەڵقوڵاوی خەڵکە، بەڵام لە وڵاتانی دیکەدا دابڕانێك هەیە لەنێوان خەڵك و حکومڕانەکاندا کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە بەسەر خەڵکدا. سەبارەت بە و کێشە و گرفتانەشی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقیشدا ئێستا بوونی هەیە، ئێمە لە کۆبوونەوەکانی هەولێردا بەشداربووین کە بە دەستپێشخەری سەرۆك بارزانی ئەنجامدرا، کە دەستپێشخەریەکی باش بووە و توانی عێراقییەکان کۆبکاتەوە و حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی لێکەوتەوە، بەڵام ئێستا کەسانێکی دەستڕۆیشتووی ناو حکومەت هەوڵی دواخستنی ئەو ڕێککەوتنە دەدەن کە خۆیان پێش پێکهێنانی حکومەت پەرۆشی ئەنجامدانی بوون، لە راستیدا هەردوو لیستی ئەلعێراقیە و دەوڵەتی یاسا بەرپرسیارێکی یەکلانەکردنەوەی ئەو وەزارەتانە لە ئەستۆدەگرن کە ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دۆخە ئەمنییەکە. هەربۆیە ئێمە لە کوتلەی بەدر کە لە چوارچێوەی کوتلەی شەهیدی میحرابدایە و بڕیارماندا لە رەوتی سەدر و داوامان کردووە کە سەرۆك وەزیران پەلە بکات لە پڕکردنەوەی ئەو وەزارەتانە، لەبەر ئەوەی دواخستنی یەکلاکردنەوەی ئەم وەزارەتانە لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە و ئەمە پەیامێکی هەڵە دەدات بە وڵاتە عەرەبییەکان، کە ئێمە لە سەروبەندی ئەوەداین لوتکەی وڵاتی عەرەبی لە وڵاتەکەماندا ببەستین، کە دەمانەوێت هەمووولایەك دڵنیابکەینەوە کە ئێمە دەتوانین ئەم لوتکەیە بەڕێوەببەین، بەڵام ئێستا خروقاتی ئەمنی هەیە و دەبێت لەم رووەوە بڕوانینە کوردستان کە دۆخە ئەمنییەکە سەقامگیرە و وەزارەتەکان سەقامگیرن و پشت بە کادیرە نیشتمانییە دڵسۆزەکان دەبەسترێت. بەڵام لە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بە تایبەتی لە بەغدا کادیرە دڵسۆزەکان پەراوێزدەکرێن و ئەمەش بواری دروستکردووە بۆ ئەوەی کەسانی ئیرهابی لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و ڕێکخراوەکانی دیکە دزەبکەنە ئەم دەزگایانەوە)).

**پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا هەڵقوڵاوی خەڵکە. بەڵام لە وڵاتانی دیکەدا دابڕانێك هەیە لەنێوان خەڵك و حکومڕانەکاندا کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە بەسەر خەڵکدا**

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی لیام ئەندرسۆن و گاریس ستانسفیلد

# تەنگژەی کەرکوک: سیاسەتی ئیتنی لە ئاست ناکۆکی و چارەسەری مامناوەندیدا

نووسینی پرۆفیسۆر مایكڵ گەنتەر تایبەت بە گوڵان

ڕەنگەلە سەرەتادا زۆر کەس پرسیار بکەن بۆچی باسکردن لە تەنگژەی پارێزگای کەرکوك- عێراق گرنگە، هەرچۆنێك بێت، هەروەك لیام ئەندرسۆن و گاریس ستانسفیلد شیدەکەنەوە: «کەرکوك شارێکی دابەشبووی تەقلیدییە، بریتیە لەو شوێنەی گرووپەکان تێیدا ڕکابەری لەسەر دەسەڵات و سەرچاوەکان دەکەن، هەروەها تێیدا ناکۆکیەکی بنەڕەتی هەیە لە بارەی ناسنامەی کەلتوری و پێگەی شارەکە لە دەوڵەتدا. (لا٩). ئەم شارە دەکەوێتە سەر هێڵێك تێیدا کورد و عەرەب و تورکمانەکانی (مەسیحیەکانیش گرووپی چوارەم پێکدەهێنن کە گرووپێکی بچوکن) پێکەوە کۆدەبنەوە. «موبالەغە نییە ئەوە دوپات بکەینەوە ئایندەی عێراق دەوەستێتە سەر ئەو چارەسەرەی بۆ کێشەی کەرکوك دەدۆزرێتەوە بە چەشنێك ئەو چارەسەرە جێی ڕەزامەندی هەمولایەنەکان بێت» (لا٤). هەرچەندە زۆرکەس لەو باوەڕەدان دەوڵەمەندی ئەم شارە بە سەرچاوە نەوتییەکان هۆکاری ئەم تەنگژەیەیە، ئەوا کەسانێکی دیکە ئەوە دەخەنەڕوو بوونی تەفسیری مێژوویی تەواو لێکجیاواز هۆکارێکی گرنگترە. ئەوان وردەکاری ئەوە دەخەنەڕوو کە چۆن ئەم هۆکارە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە ڕۆڵی بینیەوە، دواتر چارەسەری مامناوەندی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پێشنیار دەکەن.

ئەم کتێبە بریتیە لە چوار بەش. بەشی یەکەم بە کورتی ڕووماڵی مێژوویی کەرکوکی پێش ساڵی ٢٠٠٣ دەکات و بەو دەرئەنجامە دەگەن کە تا ڕاددەیەکی گەورە باری ئیتنی و پێوەندییەمەزهەبیەکان لە دۆخێکی ئارامدابوون تاوەکو سەدەی بیست کە پێویستی نەوت و سەرهەڵدانی ناسیونالیزم لە ناوچەکەدا سەریانکێشا بۆ خولقاندنی عێراقی عەرەبی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە. سەددام حوسێن لە یەك کاتتدا هەڵسا بە»تەعریبکردن» و بە دەستکاریکردنی سنوری ئیداری پارێزگا و شاری کەرکوك . تەنانەت ناوی شارەکەی گۆڕی بە تەئمیم کە بریتی بوو لە بەخۆماڵیکردنی کۆمپانیا دەرەکیەکانی نەوت لە ساڵی ١٩٧٢دا. هەرچۆنێك بێت، لەگەڵ ڕووخانی دیکتاتۆردا لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەوا کورد و تورکمان کە پێشتر موڵك وماڵیان لێ زەوت کرابوون گەڕانەوە.

بەشی دووەم شیکردنەوە بۆ تەفسیرە مێژووییەکانی گرووپە ئیتنیە پێکناکۆکەکان دەکات، لەم میانەشدا ئەم دوو نوسەرە ئەوە دەخەنەڕوو هەرچەندە خستنەڕووی ڕاستی کارێکی دژوارە، بەڵام ئەوەی گرنگترە، تەنانەت مایەی گرفتە ئەوەیە هەر گرووپێك باوەڕی بە چییە « لەبەر ئەوەی لە چەند ڕوویەکەوە ڕاستیەکان پەیوەندییان بە یەکەوە نییە» (لا٥٠). بەم شێوەیە تورکمانەکان کەرکوك وەك خاکی تورکمانەکان سەیر دەکەن کە ڕابردوویەکی پڕ شکۆیان هەیە تێیدا، ژمارەشیان زۆر لەوە گەورەتر دەخەملێنن کە خەڵکانی دیکە باوەڕیان پێیەتی، ئەو کوشتارانە دەخەنەڕوو کە لەسەر دەستی کوردەکان لە ساڵانی ١٩٢٤ و ١٩٥٩دا دووچاری هاتن و باس لە «تەعریبکردن» و «تەکریدکردن»ی خاکەکەیان دەکەن. هەرچەندە کوردەکان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا بۆ کەمتر لە یەك مانگ شاری کەرکوکیان بەدەستەوەبوو، بەڵام «وەك قودس و زیاتر وەك دڵی کوردستان باس لە کەرکوك دەکەن» (لا٧٦). زۆرێك لە کوردەکان خوازیاری ئەوەن کەرکوك بکەنە پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمە دەبێتە «گەورەترین بەڵگەی ئەوەی ئەوان بۆدواجار سەرکەوتووبوون لە داواکەیاندا بۆ مومارەسەکردنی ئۆتۆنۆمیەکی مانادار لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا» بەلای عەرەبەوە، « کەرکوك مێژوویەکی دورودرێژی هەیە وەك شارێکی عێراقی، کە نابێت شارەکە وەك شاری گرووپێکی دیاریکراو پێناسەبکرێت بەڵکو وەك شاری عێراقیەکان. ئەو دۆخە ڕاستەقینەیەی دەبێتە تەحەددی بۆ ئەوان هەوڵی کوردەکانە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە وێنەی ئەم شارە بکەن کە لە ڕووی مێژووییەوە شاری ئەوانە و ئەم شارە ئاوێتەی هەرێمی نەتەوەیی خۆیان بکەن کە پێشتر شاری عێراقیەکان بووە-بەلای عەرەبەکانەوە-» (لا٧٩)

بەشی سێیەم هەڵدەستێت بە تەوسیقکردنی ئەو ململانێیەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر کەرکوك هاتەئاراوە، ئەویش لە سەرەتادا لە ئەنجامی «هەڵکشانی» کوردەکانەوە. (چاپتەری ٧) و دواتر «سەرکەوتن» (چاپتەری ٨)، بەڵام ئێستا «پێیاننادرێت « (چاپتەری ٩). کاتێك تورکیا بڕیاریدا پشتیوانی داگیرکاری ئەمەریکا بۆ عێراق لە مانگی ئازاری

**ئایندەی عێراق دەوەستێتە سەر ئەو چارەسەرەی بۆ کێشەی کەرکوك دەدۆزرێتەوە بە چەشنێك ئەو چارەسەرە جێی ڕەزامەندی هەمولایەنەکان بێت**





٢٠٠٣دا نەکات، ئەوا کوردەکان دەستوبرد بوونە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمەریکیەکان لە باکووردا و کەرکوکیش بە ئاسانی کەوتە دەستی ئەوان. ئەو کوردانەی ماڵ و موڵکیان زەوت کرابوو گەڕانەوە و ماددەی ١٤٠ی دەستووری نوێی عێراق چارەسەرێکی دەستووری دارِشت بۆ گەڕاندنەوەی شار و پارێزگای کەرکوک بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش لە ڕێی ڕاپرسیەکەوە کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا ئەنجامبدرێت. هەڵبژاردنە نیشتیمانیەکەی ١٥ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥، کە ئەو پارتانەی نوێنەرایەتی گرووپە ئێتنیەکانیان دەکرد چالاکانە بەشداریان کرد، ئەویان خستەڕوو « یان کوردەکان بەشێکی گەورەی دانیشووانەکەن یا کەمینەیەکی ڕەهای بچووکی کەرکوک پێکدەهێنن» (لا ١٤٢). هەرچۆنێک بێت، بەلای عەرەبە شیعە و سوننەکانەوە « کەرکوک پرسێکە یەکیان دەخات نەک دابەشیان بکات» )لا ١٩٤(. لەم ڕوانگەیەوە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ «ڕووبەڕووی هەموو هەوڵێکی دواخستن و یەکخستنی ناوخۆیی بۆوە». (لا١٣٧) لەوەش زیاتر، هەرچەندە پریشکی ئاگری شەڕی پڕ لە نەهامەتی ناوخۆی عێراق تا ڕادەیەکی گەورە دووربوو لە کەرکوکەوە، ئەوا «ئەمەریکا سەرکێشی کرد بە گۆشەگیرکردنی گرووپەکانی دیکەی عێراق و دەوڵەتەکانی ناوچەکە، ئەویش کاتێک بە هەموو قورسایی خۆیەوە پشتیوانی لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کرد» (لا ١٧٣).

بەشی چوارەم و کۆتایی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی ئەوەی بۆچی کوردەکان نەیانتوانی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکەن، لەوەش گرنگتر، ئەم بەشە بە ڕوونی ڕیزبەندی داواکارییەکانی هەر گرووپێکی ئێتنی و ئەو چارەسەرە مامناوەندانەی مومکینە دەخاتەڕوو. لەسەر ئەم ئەساسە، هەردوو نووسەر بەو دەرئەنجامە دەگەن بەلای گرووپی یەکەمەوە «تەنیا دەرئەنجامی مومکین ئەوەیە کەرکوک بارێکی تایبەتی هەبێت، ئەویش یان لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یا لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەم حکومەتە « (لا ٢٠٣)، بەلای گرووپی دووەمەوە « گەیشتن بە چارەسەری مامناوەند کە -خاوەندارێتی- کەرکوک دەداتە کوردەکان بریتیە لەو چارەسەرەی کە ئەم شارە بە ڕەسمی بە بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستان بناسرێت، بەڵام بێبەشیان دەکات لە دەسەڵاتی سیاسی» (لا ٢٣٢) ئەویش لە ڕێی تەوافوقێکەوە کە دەسەڵای یەکسان بە هەر سێ گرووپەکەی شارەکە بدات.

دەکرێت ئەم کتێبە لەسەر دوو ئاستی جیاواز بخوێنرێتەوە. ئاستی یەکەم، کە ئاستێکی زۆر ڕوونە ئەوەیە ئەم کتێبە شیکردنەوەیەکی گرنگ، بەڵام جیاوازە دەربارەی تەنگژەی کەرکوک و چۆن ئەم تەنگژەیەش کاریگەری لەسەر ئایندەی عێراق دەبێت. ئاستی دووەم ئەوەیە کە ئاکامی بەربڵاوتری لێدەکەوێتەوە

## بەلای عەرەبە شیعە و سوننەکانەوە « کەرکوک پرسێکە یەکیان دەخات نەک دابەشیان بکات

بۆ تیۆرەکانی حکومڕانێتی دیموکراسی و کارایی ئەم حکومڕانێتییە، کە لەم ڕووەوە کەرکوک وەک بابەتی لێکۆڵینەوە بەکاردەهێنێت. ئەم ئاکامانە بە ڕوونی لە دوایەمین چاپتەری کتێبەکەدا خراونەتەڕوو، کاتێک نووسەران ڕیزبەندی دەرئەنجامە خوازراوەکان بەلای هەر یەکە لە گرووپە ئێتنیە پەیوەندیدارەکانەوە دەکەن و دواتر باس لە دابەشکردنی هەنگاو بە هەنگاوی دەسەڵات دەکەن. ئەمەی دووەمیان زیاتر مایەی هاندانە. یەکێک لە تووندترین فۆرمەکانی بریتیە لە مۆدێلی کۆنترۆڵکردنی ئیسرائیلی کە لە لایەن لوستیکەوە پێشنیارکراوە و پێناسەکراوەتەوە، عەرەبەکان لە دەوڵەتی جوولەکەدا: کۆنترۆڵکردنی ئیسرائیل بۆ کەمینەیەکی نەتەوەیی. کە باس لەوە دەکات چۆن ئیسرائیل دەتوانێت دانیشتووانی عەرەبی وڵاتەکەی کۆنترۆڵ بکات کە کەمینەیەکی بەرچاون، ئەمە بێ ئەوەی ڕێگەیان بدات لە دەسەڵاتدا هاوبەش بن. مۆدێلی دووەم بریتیە لە مۆدێلی وێسمینستەر کە بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی زۆرینە، تێیدا دەسەڵات لە نێوان دوو گرووپی ململانێکاردا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت. دواتر باس لە مۆدێلی تەوافوقی دەکرێت وەک سیستەمی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی، کە دەسەڵات بە تێکڕای گرووپەکان دەدات ئەویش بە پێی سەنگی خۆیان. دوا مۆدێل بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵات بە چەشنێک تێکڕای گرووپەکان دەسەڵاتی یەکسانیان هەبێت بە چاوپۆشین لە قەبارەی دانیشتووانەکەیان. ئەمەش واتە کەمینەکانیش مافی ڤیتۆیان هەبێت کە ڕێگاچارەیەکە جۆن کەی کاسۆن وتەبێژی ویلایەتەکانی باشوور پێش شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا داوای دەکرد




و بەو شێوەیە وەسفی کرد کە هەمووان لە یەك کاتتدا زۆرینەن. کە تێیدا بڕیار لەسەر هیچ شتێك نادرێت تاوەکو تەواوی گروپەکان ڕەزامەند نەبن لە بارەیەوە.

هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ڕیگا چارەیە تەواو ناکارابێت. بەڵام ڕەنگە ئەم ڕێگاچارەیە ببێتەهۆی چارەسەرکردنی ناکۆکی گەلێکی درێژخایەن بە چەشنی دۆخی لوبنان ئەویش پێش شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە و دۆخی بەلجیکا تا ئەم دواییە. لە ڕاستیدا، جەلال تاڵەبانی کە یەکێکە لە دوو سەرکردە کوردەکە و سەرۆکی ئێستای عێراق: لە چەندین بۆنەدا بە باشی باسی لە «مۆدێلی بەلجیکا» کردووە وەك نمونەیەك بۆ شاری کەرکوك» (لا١٩٠). کێشەی مۆدێلی دەسەڵاتی یەکسان ئەوەیە ئەوەی پێدەچوو لە لوبناندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت سەریکێشا بۆ شەڕی ناوخۆی کە شەڕێکی تائیفی خوێناوی بوو ئەویش لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا، ئەمە لە کاتێکدا پێدەچێت بەلجیکا لەسەر ڕێگەی جیابوونەوەیەکی نەرم بێت. بەلەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکان لە دوای نووسینی کتێبەکەوە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨، ڕەنگە حاڵی حازر نووسەران بیر لە چاپی دووەم بکەنەوە. کوردەکان تەنیا نیوەی کورسیەکانی پارێزگای کەرکوکیان بەدەستهێنا لە هەڵبژاردنە نیشتیمانیەکەی ئازاری ٢٠١٠دا، ئەو دەرئەنجامەی ڕەنگە زۆر بە سەختی ببێتە تەحەددا بۆ بانگەشەکانیان. لەوەش زیاتر، کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ٥٠،٠٠٠ سەرباز لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ و کشانەوەی تەواوی ئەو هێزانە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ ڕەنگە ببێتەهۆی بێبەشکردنی هەموو لایەنەکان لە میانگیرێکی دڵسۆز. ئەمە چی دەگەیەنێت؟

لە کۆتاییدا، لە میانەی پێداچوونەوە بەم کتێبەدا ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە لە هەندێ شوێندا دووبارەکردنەوەی تێدایە، ڕەنگە ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەبێت دوو نووسەر پێکەوە و بە هاوبەش نووسیویانە. لەوەش زیاتر، هیچ بیبلیوگرافیەکی تێدا نییە جگە لە «لیستی ناوی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە» لاپەڕەکانی ٢٨٣-٢٨٤) لە لایەکی دیکەوە، ئەو سەرنجە زۆرانەی تێیدایە کە بە ڕاددەیەکی گەورە ئاماژە بە سەرچاوە ڕۆژنامەوانی و میدیاییەکان دەکات بیبلیوگرافی لە خۆدەگرێت، لەوەش زیاتر نەبوونی بیبلیوگرافی ڕەخنەیەکی گەورە نییە لە بەها و سەنگی ئەم کتێبە. لێکۆڵەرەوان، سیاسییەکان و ڕۆشنبیران دەتوانن بە ڕاددەیەکی گەورە سوودمەندبن لەم لێکۆڵینەوە گرنگە و مەوزوعیە.

# توركیاو ویكیلیكس و یەكێتیی ئەوروپا

خەریكــە توركەكان ئومێدیان بەیەكێتیی ئەوروپا كز دەبێ. ســاڵانێكی دوورودرێــژە توركیا ئومێد لەسەر ئەوروپایی بوونی خۆی هەڵدەچنێ و لەمێژە لەدەرگای ئەوروپــا دەداو دەرگای لێ ناكرێتەوە. ئێســتا رادەی بێئومێدیی تورك بە بەراورد لەگەڵ جاران زۆر بەرزە بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە كەتورك ئومێدبڕ بــووە. لەڕووی ســایكۆلۆژییەوە، ئەمە مانای ئەوەیە كەتوركەكان ئامادەیی ئەوەیان تێدایە كەچــاوەڕێ بكەن تا دەرگایان لێ دەكرێتەوە بەڵام ناخۆشترین شت لەمەسەلەكەدا ئەوەیە كەنازانن كەی دەرگایان لــێ دەكرێتەوەو تا كەی لەدەرگا دەدەن. ئەمەش وای كردوە وتووێژیان لەگەڵ ئەوروپا وەك ئەوە وا بێ كەوتوویژ بێ لەپێناوی وتووێژدا.


لێدوانەكەی بیگمان باگیس، ســەرۆكی شاندی توركیا بۆ وتوویژ لەگــەڵ یەكێتیی ئەوروپا، هەم نەختێــك ئومێــدی لێ هەڵدەكرێنــدرێ هەم بێ مننەتی. باگیس جەخت لەسەر دوو خاڵ دەكاتەوە، یەكێكیان ئەوەیە كەوتوویژو بەردەوام بوون لەســەر وتووێژ، لەخــودی ئەنجامی وتووێژەكە گرنگترەو ئەویتر ئەوەیە كەئەنكەرە نەك لەبەر ئەوروپا خەریكی چاكسازییە، بەڵكو لەبەر پێویستیی بەچاكسازی. هــەردو خــاڵ مشــتومڕێكی زۆر هەڵدەگــرن وگفتوگۆی تێرو تەسەلیان لێ دەكەوێتەوە.

توركەكان هەســت دەكەن دەســتی دەستیان پێ دەكرێ و ئەم هەڵوێســتەی ئەوروپا بەسوكایەتی پێ كردن دادەنێــن. بەكردەوە، لەنــاو توركەكاندا زەمینەیەكــی ســایكۆلۆژی بــۆ دووركەوتنەوە لەئەوروپا خەریكە پەیدا دەبێ. لەڕاپرسییەكەی ئەم دواییەی دەزگای ترانس ئەتلانتیك دەركەوتووە كە ٥٥٪ی توركەكان پێیان وایە توركیا بەهای خۆی هەیــە كەجیایە لەبەهای ئەوروپایی و لەهەمووی سەرنجڕاكێشــتر ئەوەیە كە ٥٦٪ی بەشداربووەكان ئەمریكا بەمایەی هەڕەشە بۆ سەر توركیا دەزانن. ئەمە تائەندازەیەكی زۆر بەو واتایە دێ كەهەستی ڕۆژهەڵاتگەرایــی خەریكە لەناو توركەكاندا پەرە دەســەنێ و چەند ئەم هەستە ســەقامگیرتر بێ، پارتی دادو پەرەپێدانی دەســەڵاتدار بۆی دەلوێ ئاكامی باشــتر لەهەڵبژاردنەكانــدا بەدی بێنێ.

بایەخدانــی توركەكانی بەچوونە نــاو یەكێتیی ئەوروپا، ئێستا لەچاو پێنج ساڵ لەمەوبەر، كزترە. لەســاڵی ٢٠٠٤دا ڕێژەی ٧٣٪ی توركەكان پێیان وابــوو ئەندامێتیــی توركیا لەیەكێتیــی ئەوروپا سوودبەخشە. لەســاڵی ٢٠١٠دا ڕێژەكە دابەزییە ئاســتی ٣٨٪. ئــەو ئەنجامــەی كــەدەزگای بیوگلۆبل لەم بارەیەوە بەدەســتی هێناوە، هەمان مانا دەدا. بەپێی ڕاپرســیی ئەم دەزگایە، ساڵی ٢٠٠٥ ڕێژەی ٦٨٪ی تورك پشــتگیریی ئەوەی دەكرد كەتوركیــا ببێ بەئەندام لەیەكێتیی ئەوروپا بەرامبەر بەڕێژەی ٢٧٪ی دژ. لەســاڵی ٢٠١٠دا ڕێژەی پشــتیوانەكان دابەزییە ئاستی ٥٤٪ءِ هی دژەكان بەرەو ٤٠٪ هەڵكشا.


لەخودی ئەوروپا، پێدەچــێ ئەوروپییەكان زۆر دودڵ بن لەوەرگرتنی توركیا. بەپێی ڕاپرسییەكی دەزگای مارشــاڵ، لەساڵی ٢٠١٠دا تەنیا ٣٨٪ی ئەڵمانــەكان پێیان خــۆش بوو توركیــا لەئەوروپا وەربگیرێــت، كەچــی لەســاڵی ٢٠٠٤دا ڕێژەی ٧٣٪ی ئەڵمانەكان پشتیوانییان لەوەرگرتنی توركیا دەكرد.

شەقامی ئەوروپایی هێشتا دوودڵە لەوەرگرتنی دەوڵەتێكی موســڵمانی وەك توركیــا لەیەكێتیی ئەوروپــا بەهــۆی جیاوازییــە كەلتورییەكانەوە. ڕاپۆرتەكانی ئەم دواییەی ویكیلیكسیش ساغیان كردۆتەوە كەپاپا بنكدیكتۆســی شانزەهەم رازییە ئەوروپا پەیوەندییەكــی تایبەتی لەگەڵ توركیادا هەبێ بەڵام دژی وەرگرتنێتی لەیەكێتیی ئەوروپا. ڕاتســنگەر بەر لەوەی ببێ بە پاپا بنكدیكتۆسی شــانزەهەم، لەســەروبەندی نووســینی دەستوری یەكێتیــی ئەوروپــادا هەوڵێكی بــێ وچانی بۆ ئاماژەكردن بۆ ڕیشــە مەســیحییەكانی ئەوروپا لەدەقەكانی دەستور دابوو بەڵام هەوڵەكەی هیچی لێ سەوز نەببوو، دواتر، لەساڵی ٢٠٠٩دا ڤاتیكان ئەمریكییەكانی ئاگادار كردەوە كەدژی وەرگرتنی توركیایــە لەیەكێتیی ئەوروپــا. ڕەنگە ئەم ماوەیە ماوەیەكی یەكلاكەرەوە بێ لەم ڕووەوە بەڵام هێشتا دیار نییە توركەكان تا كــەی ئامادەن لەدەرگای ئەوروپا بدەن.



فەرید ئەسەسەرد

# میسر...
# وەرچەرخانێک لە وڵاتانی عەرەبیدا



دیمەنی خۆپیشاندانەکانی میسر لە رۆژی هەینی رابردووەوە ئەو راستیەمان پێدەڵێن دواخستنی دیموکراتی بەهەر بیانوویەك بێت سەرەنجام ئەو تەقینەوە جەماوەرییەی لێدەکەوێتەوە کە هەمووومان لە شاشەی تیڤییەکانەوە بینیمان، وەك دەریشدەکەوێت خۆپیشاندانەکە بە ئاستێکە کە پێناچێت حوسنی موبارەك بتوانێت ئەمجارەیان پێی هێور بکرێتەوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەتا نووسینی ئەم دێڕانە جۆرێك هاوسۆزی و پشتگیری بۆ مانەوەی حکومڕانی حوسنی موبارەك لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبی و ئەمریکا و بەریتانیا هەستی پێدەکرێت، بەمەرجێ حوسنی موبارەك بتوانێت کۆمەڵێك گۆڕانکاری ریشەیی لە حکومەتەکەیدا ئەنجامبدات و ئەو بەڵێنانەی بەرەبەیانی رۆژی شەممەی رابردوو بەگەلی میسر و جیهانی داوە جێبەجێیان بکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حوسنی موبارەك دەتوانێت بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات، یان ئەویش وەك زەینەلعابدین بن عەلی ناچار دەبێت وڵات بەجێ بهێڵێت؟ بێگومان ئەوەی دیمەنەکانی چەند رۆژی رابردوو پێمان دەڵێت و لەرێگەی شاشەی تیڤییەکانەوە گوێبیستی داواکاری هاووڵاتیانی خۆپیشاندەر دەبینەوە ئەوەیە، کە دواکاری خۆپیشاندەران لە چاککردنی بژێوی ژیان و دۆزینەوەی هەلی کارەوە گۆڕدراوە بۆ رووخانی رژێم، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم دەسەڵاتەی حوسنی موبارەك هەر گۆڕانکارییەك بکات، ئەوا لەلایەن شەقامەوە رەتدەکرێتەوە، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا دوای حوسنی موبارەك بەدیلی دەسەڵاتی ئێستا کێ دەبێت؟ بێگومان ئەمەش ئەو پرسیارەیە کە هەموو جیهانی سەرسام کردووە و وەك شەوی هەینی رابردوو لە لێدوانەکانی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە گوێبیستی بووین هەموو جیهان لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی میسر دەکات و هەموو لەو بارودۆخەی کە لە میسردا روویداوە نیگەرانن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی جێگەی حوسنی موبارەك دەگرێتەوە بەنیسبەت رۆژئاوا و دەوڵەتانی ناوچەکەوە زۆر لە گۆڕین یان رۆیشتنی حوسنی موبارەك گرنگترە و ئەگەر بێتوو کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان لەمیسر لە دەست دەربچێت، کە پێناچێت بۆیان کۆنترۆڵ بکرێتەوە، ئەوا لەوانەیە رۆیشتنی رژێمی حوسنی موبارەك تەواوی پێوەندییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە پێناسە بکاتەوە، لەلایەکی دیکەش لەوانەیە ئەم باهۆزەی لە میسرەوە هەڵیکردووە بە ئاسانی کۆنترۆڵ نەکرێتەوە و تەواوی دەوڵەتانی کەنداو بە عەرەبستانی سعودیەشەوە بگرێتەوە، هەربۆیەش لە ئێستاوە عەرەبستانی سعودی پشتگیری خۆی بۆ مانەوەی دەسەڵاتی حوسنی موبارەك رادەگەیەنێت و ئامادەباشی پیشانداوە بۆ ئەوەی هەموو هاوکاریەکی موبارەك بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بارودۆخەکە هێور بکاتەوە.

### دواخستنی دیموکراتی
### خواستی ناوخۆیی و پشتگیری دەرەکی

پرۆفیسۆر لاری دایمۆند کە یەکێکە لە بیرمەندەکانی ئەمریکا لە بواری بونیادی دیموکراتی لەوڵاتانی دوای تەنگژە و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەلایەوە سەیرە دوای رووخانی دیواری بەرلین شەپۆلی دیموکراتی وڵاتانی عەرەبی نەگرتەوە، بۆ توێژینەوە و دیراسەتکردنی ئەم بارودۆخە دایمۆند لەلایەك پێکەوە گونجانی دیموکراتی و ئیسلامی پێکەوە بەراورد کردووە و لەلایەکی دیکە پێکەوە گونجانی عەرەب و دیموکراتی پێکەوە بەراورد کردووە، لەم دیراسەتەدا ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانی ئەم پرۆفیسۆرە بووە، ئەوەبووە ئەگەر ئیسلام و دیموکراتی پێکەوە نەگونجێن و هاودژی لە دژی یەکتری دروست بکەن، ئەوا دەبوایە لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵنەگیرایە، بەڵام پرۆفیسۆر دایمۆند چەند دەوڵەتێکی ئیسلامی بەنموونە دەهێنێتەوە وەك (مالیزیا و تورکیا) بەوەی ئەو دەوڵەتانە دوو دەوڵەتن کە دانیشتوانەکەی زۆربەیان موسڵمانن و بەڵام توانیویشیانە هەنگاو بەرەو دیموکراتی و هەڵبژاردن و تاراددەیەك کرانەوە و بەپیشەسازیکردنی







**یەککگرتنی خواستی ناوخۆی دەسەڵاتداران و بەرژەوەندی دەوڵەتانی رۆژئاوا لەو خاڵەدا یەکیان گرتۆتەوە بۆ ئەوەی چاپۆشی لە پرۆسەی کرانەوە و دیموکراتی بکەن**

وڵاتی خۆیان هەڵبگرن، بۆیە لەم راستەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی مەسەلەکە پێوەندی بە خودی دەوڵەتانی عەرەبییەوە هەیە.

لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆکاری دواخستنی پرۆسەی دیموکراتی و کرانەوە لەوڵاتانی عەرەبیدا و بپرسین ئایا ئەو هۆکارانە چین کە بوونە هاریکار بۆ ئەوەی باهۆزی دیموکراتی وڵاتانی عەرەبی نەگرێتەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە دوو هۆکاری گرنگمان بۆ دەستنیشان دەکات کە بریتین لە:

١- هۆکاری ناوخۆیی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەبی کە خۆیان حەزیان لە پاوانی دەسەڵاتە.

٢- هۆکاری دەرەکی پشتگیری رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکایە بەتایبەتی بۆ ئەو رژێمانە و مانەوەیان لەدەسەڵاتدا.

کەواتە ئەم دوو هۆکارە پێمان دەڵێن یەککگرتنی خواستی ناوخۆی دەسەڵاتداران و بەرژەوەندی دەوڵەتانی رۆژئاوا لەو خاڵەدا یەکیان گرتۆتەوە بۆ ئەوەی چاپۆشی لەو پرۆسەی کرانەوە و دیموکراتی بکەن، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە کە دەوڵەتی عەرەبی دیکەش هەبوون بۆ نموونە (سوریا و لیبیا) لەدەرەوەی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاواو ئەمریکا بوون، بەڵام باهۆزی دیموکراتی نەیگرتوونەتەوە و دیسان رۆژئاواو ئەمریکا چاوپۆشی لێکردوون، بەواتایەکی دیکە لەو دەوڵەتانە خواستی ناوخۆیی دەسەڵاتەکان و بەرژەوەندی دەوڵەتانی گەورەی رۆژئاوا یەکینەگرتۆتەوە، بۆچی ئەوانە ماونەتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەمان پێدەڵێت کە لە پێناوی پاراستنی وەزعی راهین لە ناوچەکە و پارێزگاریکردن لەو رژێمە دیکتاتۆریانەی

**لەوانەیە ئەم باهۆزەی لە میسرەوە هەڵیکردووە بە ئاسانی کۆنترۆڵ نەکرێتەوە و تەواوی دەوڵەتانی کەنداو بە عەرەبستانی سعودیەشەوە بگرێتەوە**

کە ئەمریکا بەدۆستی خۆی دەزانین، ببووە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا بیر لە شێوازی دیکە بکاتەوە و بەشێوازێکی دیکە ناویان بهێنێت، کە ئەویش ناوبردنیان بوو بەدەوڵەتانی تەوەرەی شەڕ یان دەوڵەتانی لەیاسا دەرچوو، ئەمەش بەو مانایەی ئەو دەوڵەتانە بوونە تەوەرێکی شەڕ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەرچوون و پێویستە سزا بدرێن، نەك لەبەر ئەوەی کۆمەڵە رژێمێکی داخرا و و دیکتاتۆرن و پێویستە روو لەکرانەوە و دیموکراتی بکەن، ئەمە وایکردبوو کە بەدرێژایی ٢٠ ساڵی رابردوو(واتە لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و رووخانی دیواری بەرلینەوە) وڵاتانی عەرەبی ئەو زۆنە داخراوە بن بەرووی دیموکراتی نەکرێنەوە.

**میسرییەکان زۆنە داخراوەکەیان کردەوە رۆژئاوا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم زۆنە کراوەیە دەکات؟**

پێشتر بیانووی مانەوەی رژێمە دیکتاتۆرییەکان ئەوەبوو، لە هیچ کام لەو وڵاتانە هێز و گرووپی دیموکراتی بۆ رژێمە دیکتاتۆرەکان نین، بۆیە بەرنامە بۆ ئەوە دادەڕێژرا بەوەی پێویستە چاوەڕێ بکرێت هەتا ئەو هێزانە گەشە دەکەن ئەوجا بیر لە گۆڕانگاری و دیموکراتی بکرێتەوە، بەڵام وەك لەسەرەتای ئەمساڵەوە دەیبینن، چیدیکە شەقامی سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی تەحەمولی ئەو چاوەڕوانییە ناکات و خۆی رژاوەتە سەرجادە و دەیەوێت خۆی گۆڕانکاری دروست بکات، بەڵام ئەوەی بۆ چاودێری سیاسیی جێگەی هەڵوەستەکردنە، خۆپیشاندەران دروشم دژی ئەمریکا و






ڕۆژئاوا بەرزناکەنەوە و دروشمەکانیان زیاتر ڕەنگدانەوەی بارێکی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە پیشاندەدات کە بەدەستیەوە ناڵاندویانە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیە بوون کە ئەگەر خۆپیشاندان یان ڕاپەڕینێك لە وڵاتانی عەرەبیدا سەر هەڵبدات، ئەوە هاووڵاتیان هەوڵدەدەن ڕژێمەکان و ئەمریکا تێکەڵ بکەن، لێکجیاکردنەوەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ستەمکاری دەسەڵاتەکانی وڵاتانی عەرەبی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە نیشانەی ئەوەیە کوڵانێك لەناخی ئەو جەماوەرەدا هەیە و چیدیکە بەوە ڕازی نابێت لەژێر دەستی ئەو ڕژێمانە بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی هەتا ئێستا جێگەی گومانە و زیاتر لە خۆپیشاندانەکانی میسر خەریکە خۆی دەردەخات ئەوەیە ئایا تاچەند هێزە ئیسلامییەکانی میسر (گرووپی ئیخوان موسلمین) دەیانەوێت لەم خۆپیشاندانەدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یەکلایی بکەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئێستا کە تەپ و تۆزی گەردەلوولەکە نەنیشتۆتەوە بواری ئەوە نادات درك بەو ڕاستیە بکەین چۆن باری سیاسیی لە میسر جڵەو گیر دەکرێتەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دوای نەمانی دەسەڵاتی حوسنی موبارەك هێزە ئیسلامییەکان لە هێزە دیموکراتی و عەلمانییەکان باڵا دەستتر دەبن و ئەگەر لە قۆناغی ئینتیقالیدا گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخەکەدا نەیەت و حزب و هێزە دیموکراتخوازەکان خۆیان ڕێکنەخەنەوە، ئەوا شانسی ئیسلامییەکان لەهەموو هێزەکانی دیکە زیاتر دەبێت.

### کاریگەری ڕووداوەکانی میسر کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە

میسر دەوڵەتێکی بچکۆلە نییە، بەڵکو لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەورەترین دەوڵەتی عەرەبییە و بەتەنیا ڕێژەی ٢٥٪ی دانیشتوانی هەموو دەوڵەتانی عەرەبی پێکدەهێنێت، لەڕووی پێگەی جوگرافیشەوە میسر گرنگترین دەوڵەتی عەرەبییە لە جیۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چوار چوارگۆشە زێڕینەکەی سەرنجی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە وەك عەبدولڕەحمان ڕاشد لە وتارێکی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە

**ئەگەر ئیسلام و دیموکراتی پێکەوە نەگونجێن و هاودژی لە دژی یەکتری دروست بکەن، ئەوا دەبوایە لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵنەگیرایە**

(الشرق الاوسط) ئاماژەی پێکردووە (ئەوەی میسری بەدەستەوە بێت، هەموو ناوچەکەی بەدەستەوە دەبێت) ئەمە مانای ئەوەیە هەر گۆڕانکارییەك لە میسر ڕوویدات، کاریگەری لەسەر تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی دەبێت، هەروەها میسر لە ڕووی مێژووییشەوە یەکێکە لەو وڵاتانەی خاوەنی یەکێك لە دێرینترین شارستانی مرۆڤایەتییە، ئەم تایبەتمەندیانەی میسر وادەکات کە ڕووداوەکانیشی کاریگەری گەورەی لەسەر ناوچەکە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەبێت و هەموو جیهان بە دیقەتەوە سەرنجی لێبدات و هەست بەوە بکەن کە کۆنترۆڵکردنی میسر ئاسان نییە، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر هەستیار و جیاواز لە ڕووداوەکانی تونس مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی میسر بکات و هەوڵبدات هەر چۆنێك بێت بتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە لەدەست دەرنەچێت، لە ئێستاوە ئاماژەی ئەوە هاووڵاتیانی میسر و ئەو هێزانەشی دێنە جێگەی موبارەك دەدات، ئەگەر بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردابێت، ئەوا ئەمریکاش چاو بەو یارمەتیانە دەگێڕێتەوە کە بە میسری دەدات.

**ئەگەر حزب و هێزە دیموکراتخوازەکان خۆیان ڕێکنەخەنەوە، ئەوا شانسی ئیسلامییەکان لەهەموو هێزەکانی دیکە زیاتر دەبێت**



## ئەکبەری گەنجی لە ئاخاوتنێکی تایبەتی گوڵاندا:

# هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق ئارامترە و وەزعی باشترە، بەڵام ئەو بارودۆخە هەروا بەئاسانی بەدەست نەهاتووە

ئەکبەری گەنجی یەکێکە لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی ئێران و ئێستا لە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دەژی و وەک رۆژنامەنووسێکی جیهانی لەقەڵەم دەدرێت، تائێستا چەندین خەڵاتی پێدراوە کە دواییینیان خەڵاتی میلتۆن فریدمانە بۆ ئازادی کە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن ئامۆژگای کاتۆ پێی بەخشراوە، هەروەها پێشتریش چەندین جاری دیکە خەڵاتکراوە کە دیارترینیان خەڵاتی قەڵەمی زێڕین بووە، گەنجی ئێستا کە بە زمانی ئینگلیزی لە زۆربەی رۆژنامەکانی ئەمریکا و گۆڤارە بەناوبانگەکانی وەک فۆرین ئەفێرز بابەت و دیراسەتەکانی بڵاو دەکاتەوە، وەک کەسایەتییەکی دیموکراتیخواز و چالاکوان لە بواری ئازادی لەسەر ئاستی جیهان لە قەڵەم دەدرێت، هەربۆیە ئێمەش وەک گۆڤاری گوڵان بە پێویستمان زانی کە وتووێژێکی سەردەمیانە سەبارەت بە پرسی دیموکراتی و ئازادی لەگەڵ ئەم رۆشنبیرە گەورەیە بکەینەوە، بەسوپاسەوە بەڕێز ئەکبەر گەنجی کاتی بۆ هەڤپەیڤینە لەگەڵ گۆڤاری گوڵان رەخساند ئەمەش دەقی هەڤپەیڤینە تایبەتەکەی گۆڤاری گوڵانە لەگەڵ ئەکبەری گەنجی.



**گۆلان:** سەرەتا حەزدەکەین لەوەوە دەست پێبکەین کە خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەیانەوێت ئەکبەری گەنجی لە زمانی خۆیەوە بناسن؟

**ئەکبەری گەنجی:** لەدایکبووی ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٠زایینیم، لەگەڕەکێکی کرێکارنشین و هەژار نشینی

## دەبێ هەوڵ بدرێ هاوسەنگی هێز دروست بکرێ لە نێوان حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی پاشان کۆمەڵگە بەهێز بکرێ و دواتر کولتووری دیموکراتی لەوێدا گەشە بکات

باشووری شارێکی ئێران لە دایك بووم. ئەو هەلومەرجەی ئەو سەردەمە بەسەر ئێراندا زاڵ بوو، واتە ئەو هەژارییە لە رادەبەدەرەی باڵی بەسەر ئەو گەڕەکانەی کە وەك ئێمە بوون کێشابوو، لە دەیەکانی حەفتای زایینی ببووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی لە جیهانی سێیەمدا باو بوون، واتە بابەتی دادوەری کۆمەڵایەتی سیاسی بوو کە بە تامۆیەکی مارکسیستی رەنگ کرابوو، روونتر بڵێین مارکسیستیەکی بۆلشەڤیکی رەنگی لەسەر دابۆوە، ئەوبیان مەسەلەی گرنگ بوو، هەروەها هەزری خەباتکردن بەدژی ئیمپریالیزمیش لەناو ئێمەدا هەبوو، ئێمە لەو هەلومەرج و سەردەمەدا گەورە بووین، هەربۆیە لەگەڵ رژێمێك کە گشت کۆمەڵگە لەوە بڕوایەدابوو کە ئەو رژێمە بەرەو گۆڕان و چاکسازی ناڕوات، هەربۆیە شۆڕش روویدا و کاتێکیش شۆڕش سەرکەوت من گەنجێکی ١٩ ساڵانە بووم و لە شۆڕشدا چالاك و هەڵسوڕاوبووم و سەر بە توێژی ئایینی بووم، بەڵام کە شۆڕش سەرکەوت تێگەیشتین لەو دروشمە گەورانەی کە هەڵمانگرتبوو هیچیان نەهاتنە دی، ئەو هۆکارانەش پاڵیان پێوەناین کە لە شۆڕش دووربکەوینەوە، ئەو شتە نوێیانەی کە فێریان ببووین و ئاشنابوونمان بوو بە جیهانی نوێ بوو، کە وای لێکردین وردە وردە ئێمەیان لەو هەلومەرجە دوورخستەوە، دەیەی یەکەمی شۆڕش بیر و هزرەکان بە دەوری بازنەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و ئەمریکادا دەخولانەوە، بەڵام کە بەرەبەرە لە کۆتایی دەیەی یەکەمی شۆڕش نزیك دەبووینەوە، مەسەلەی ئازادی، مەسەلەی دیموکراسی بۆ توێژێکی گرنگ لە کۆمەڵگە گرنگ بوو و باسی لێوەدەکرا، ئێمەش لەگەڵ ئەو توێژ و گرووپە دابووین کە بڕوایان بە دیموکراسی و ئازادی هەبوو، کە گەیشتینە دەیەی دووەمی شۆڕش ئەو بیر و هزرە رۆژ بەرۆژ زیاتر گەشەی دەسەند، ئێمەش لەریزی ئەو کەسانە دابووین کە لەو بوارانەدا کارمان دەکرد و گۆڤارمان دەردەکرد و بەیاننامەمان بڵاودەکردەوە و بە چەندین شێوازی دیکە وەك نووسین، وانە وتنەوە لەرێگەی گرووپی رۆشنبیرانەوە هەوڵمان دەدا بۆچوونەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ کە بەجۆرێك لەگەڵ ئیسلامدا لە ناتەباییدان و پێکەوەیان ببەستینەوە، ئەوە بوو ئەو کارانە درێژەیان کێشا، وردە وردە ئەو جۆرە چالاکیانە درێژەیان کێشا تا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٩٧ هاتە پێش، لەو ساڵەدا کە هەڵبژاردن کرا و بەرێز خاتەمی بوو بەسەرۆك کۆمار، هەر ئەوکات من کۆڕێکم سەبارەت بە «فاشیسم» لە زانکۆی شیراز بەڕێوە برد، کە پاشان لەسەر ئەو کۆڕە گیرام و بردیانم بۆ بەندیخانەی «ئەوین» و لەوێ لە بەندیخانەی تاکەکسیدا بەندکرام، بەیەك ساڵ بەندکردن مەحکوم کرام، کە ئازادبووم و پاشان هەر لەو گۆڤار و بڵاوکراوانەدا کارمان دەکرد و تیرۆرە زنجیرەییەکان کە لەو سەردەمەدا روویاندا، ئاشکرامان کردن، لەبەر ئەو چالاکیانەی هەمانبوو لە ساڵی ٢٠٠٠دا جارێکی دیکەش گیرامەوە و حوکمی شەش ساڵ زیندانیم درایە، حوکمێك کە زۆر نادادپەروەرانە بوو و شەش ساڵ لە زیندان دابووم و ساڵی ٢٠٠٦ ئازاد کرام و دوای چەند مانگ ئازاد بوونم هاتمە دەرەوەی وڵات و ئێستاکەش لە ئەمریکا دەژیم.

**گۆلان:** لەبەر ئەوەی ئێمە بەڕێزتان وەك رۆشنبیرێك دەبینین، ئایا پێناسە و ئەرکی رۆشنبیر چییە؟

**ئەکبەری گەنجی:** رۆشنبیر بە پێناسە گشتییەکەی بە کەسێك دەڵێن کە لەگەڵ حەقیقەتدا تێکەڵە، لە بواری تیۆرییەوە دەیەوێت کۆمەڵگە لەگەڵ حەقیقەت ئاشنا بکات، بەڵام لە بواری کردارییەوە ئەرکی ئەخلاقی رۆشنبیر ئەوەیە کە ئازار و مەینەتی خەڵك کەم بکاتەوە، واتە رۆشنبیران و سیاسەتمەداران ئەو ئەرکەیان لەسەرشانە کە ئازار و مەینەتی مرۆڤایەتی کەم بکەنەوە. ئێمە ئەرکی هێنانی بەختەوەری بۆ خەڵکمان نییە، بوونی هزرێکی واش بەرەو باوکسالاری و دیکتاتۆریەت هەنگاو دەنێ، چونکە بۆچوونەکان سەبارەت بە بەختەوەری و کرداری باش جیاوازە و من ئەگەر بمەوێ خۆشبەختی و بەختەوەری بۆ کەسانی دیکە بێنم، بەپێی ئەو بۆچوونەی کە خۆم لە بەختەوەری هەمە دەیهێنم، ئەوەش بۆخۆی باوکسالاری و دیکتاتۆرییە. بەڵام ئەوەی ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ئەوەیە هەموومان هەوڵبدەین بۆ کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتی کۆمەڵگە، ئەوە ئەرکی ئەخلاقی رۆشنبیرانە. تا ئێرە ئاماژەم بە دوو خاڵ کردووە، یەکەمیان راستگۆبوون و دووەمیان کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتی. خاڵی سێیەم ئەوەیە کە رۆشنبیر بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە گەورەترین چەکی دەستی رەخنەگرتنە. رۆشنبیر کەسێکە کە بەبێ مەترسی، دابونەریت، ئایین، کەلتوور، دەسەڵات، سامان. گشت ئەوانە دەخاتە ژێر تیغی رەخنەوە. ئەوانە زۆر بە کورتی بۆچوونی منە سەبارەت بە رۆشنبیر.

**گۆلان:** ئایا رۆشنبیران دەتوانن ببنە فاکتەرێك بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و دروستکردنی رای گشتی لە کۆمەڵگەدا؟

**ئەکبەری گەنجی:** هەر ئەوەی کە لە

## هەلومەرجی ژنان هیچ باش نییە، وەزعییەتی ئافرەتان لە هیچ کام لە وڵاتانی ناوچە باش نابینم

وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا ئاماژەم پێدا، گرنگترین ئامرازی دەستی رۆشنبیر رەخنەیە، رۆشنبیر ئەفسانەکان و خورافات، باوەڕە درۆینە و ناڕاستەکان، دەخاتە بەر دیدی رەخنەوە. رۆشنبیر رەخنە لە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و چەقبەستوو لە ناوەندێکدا دەگرێ. رۆشنبیر لە رێگەی ئەو رەخنانەوە بەبێ مەترسی هەوڵ دەدات کۆمەڵگە لەگەڵ حەقیقەت ئاشنا بکات، ئەوانە گرنگترین ئەرکن کە رۆشنبیر دەتوانێ ئەنجامیان بدات.

**گۆلان:** ئایا سنوورێك بۆ رەخنەگرتنی رۆشنبیر هەیە؟

**ئەکبەری گەنجی:** بەرای من هیچ سنوور و بەربەستێك بۆ رەخنەگرتنی رۆشنبیر و هەروەها بۆ رەخنە نییە، رەخنە هەموو کون و کەلەبەرێك دەگرێتەوە و هیچ سنوورێك ناناسێ، بەڵام شتێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئێمە هەر شتێك دەیخەینە بەر رەخنەوە، دەبێ بۆ سەلماندنی بەڵگەی دروستمان لەبەردەست دابێ.

**گــوڵان:** کاتێك باســی رۆشــنبیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت بە رۆشنبیرانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیســلامیەوە، هەســت دەکەین رۆشــنبیرانی رۆژهەڵات بەرهەمی مەعریفیان کەمە، یان ئەگەر هەشــیان بێت بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆژیەتێکی مارکسی یان ئیســلامی سیاســیی بەکاری دەهێنن، ئایا بەڕای تۆ ئیشــکالیەتی ئەم رۆشنبیرانە لە کوێدایە؟

**ئەکبەری گەنجی:** پێناسەی ئەو رۆشنبیرییە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، هی سەردەمی پێشــکەوتوو و مۆدێرنیتەیە. ئەوە دیاردەیەکە لەســەردەمی بەر لە پێشکەوتن بەو پێناسەی کە ئێســتا ئاماژەمان پێــدا بوونی هەبوو، هەربۆیە کاتێك سەردەمی مۆدێرن دەستپێدەکا و دیاردەیەکی وا ســەرهەڵدەدا گەشەدەکا و دەگاتە ئەو شــوێنەی کە ئێستا باسمان لێوە کرد. ئێمە لــە کۆمەڵگــەی رۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا بەهۆی دواکەوتنــی فەرهەنگی لەو کۆمەڵگەیانەدا هەیــە، مەودایەکمان لەگــەڵ کۆمەڵگەی گەشەســەندوو و پێشــکەوتوو هەیــە، ئەو هۆکارەش بۆتە هۆی ئــەوەی کە ئەو جۆرە رۆشنبیرییە پێشکەوتووە درەنگتر لە جیهانی رۆژئاوا لەناوچەی ئێمەدا سەرهەڵبدا، هەربۆیە ئاشنایەتی ئەو دیاردەیەش لەگەڵ مۆدێرنیتە بەدرەنگ کەوت، بۆیە لە یەکەمین هەنگاودا دەبێ ناسینێك، زانیارییەك و تێگەیشتنێکی ورد لــە جیهانی نوێ و بەتایبەتی لەســەر مۆدێرنیتــە بەدەســت بێنێ تاکــو بتوانێ ئــەو ئەرکە ئەنجــام بــدەی، هەربۆیە ئەو رۆشــنبیرییەی لە ناوچەکەی ئێمەدا بوونی هەیە، قاچێکی کەوتۆتە سەر دابونەریتەکانی کۆمەڵگــە و قاچەکــەی دیکــە لەســەر مۆدێرنیتەیە. بــەردەوام لەنێوان ئەو دووانەدا واتە مۆدێرنێتــەو دابونەریتەکانی کۆمەڵگە دێت و دەچێت، بەســتراوە بەو کۆمەڵگەیەی کە ئێمە تێیدا دەژیــن، چونکە تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین جیاوازییەکــی زۆر هەیە، هەندێکیان پێشــکەوتوو و مۆدێرنیتــەن، هەندێکیــان زۆر دواکەوتــوو و بەســتراون بە دابونەریتی کۆمەڵگــە، هەربۆیە لەو نێوەدا رۆشــنبیر گیری خــواردووە کــە ئایا چــۆن لەنێوان دابونەریتــی دواکەوتوو مۆدێرنیتەدا هەنگاو بنــێ. لــە قۆناغی یەکەمــدا ئەرکی ئەوە بووە کە بیروهــزری نوێگەرایی و بیروهزری مۆدێرنیتــە بگوازێتەوە بــۆ کۆمەڵگەکەی خۆی، جگە لەوە هیچ رێگەیەکیشی نەبووە، بەڵام لەو کاتانەیدا کە دەیەوێت ئەو بیروهزرە بگوازێتــەوە، بەڵام بەو هۆکارانەی ئاماژەت پێدان ئاشــنایی ئەو رۆشنبیرە لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو و مۆدێنرنیتە زۆر لاواز و کەم بووە، هەربۆیە ئەوەی دەهاتە دی ئایدیۆلۆژیاکانی سیاســی وەك مارکسیزمیشــی دەگوازتەوە لەگەڵ ئەوەشــدا هەوڵیداوە کــە دابونەریتی کۆمەڵگەکــە و ئایینەکەی خۆشــی بکاتە ئایدیۆلۆژیایەك، ئالێرەدایە ئیسلامی سیاسی دروست دەبێت، ناسیۆنالیزمی عەرەبی دروست دەبێت، چەندین جۆر و شێوازی ئایدیۆلۆژیا سەرهەڵدەدەن.

**گــوڵان:** ماکس ڤێبەر لە کتێبی ئەخلاقی پرۆتستانی و گیانی سەرمایەداری، ئەخلاقی ئایین پرۆتســتانت وەك فاکتەرێکی خێر بۆ گەشــەکردنی ســەرمایەداری باس دەکات، پرســیار ئەوەیە ئایا دەتوانیــن لە روانگەی ڤێبەرەوە ئیســلامیش ببێتە فاکتەرێکی خێر بۆدیموکراتی و بووژانەوە؟

**ئەکبــەری گەنجی:** ئێســتا من ناکەومە موناقاشــاتەوە، کە بڵێــم بۆچوونی ماکس ڤێبەر دروســتە یان نە، لەبەر ئەوەی هەندێك لــە کۆمەڵناســان رەخنەی جددی لەســەر بۆچوونەکانــی ماکس ڤێبــەر دەگرن، من ناچمەوە ناو ئەو موناقەشــانەوە، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەوەی کە ماکس ڤێبەر دەیڵێت ئەوەیە کە پرۆتساتنیسم ئەو بۆچوونەی کــە ماکــس ڤێبــەر لایەنگری لێــدەکات، بەتایبەتــی شــێوازی لــە چوارچێوەدانان، خوێندنــەوە و شــیکردنەوەیەکی نــوێ لە مەســیحیەت بووە کە ئەویان وەك هۆکارێك رێگەی داوە بە پەرەسەندنی سەرمایەداری، لەراســتیدا ئەگــەر ئیســلامیش بیــەوێ خاڵێکــی ئیجابی لەو دیاردەیــەدا بگێڕێ، یانی لەســەرەتاوە دەبێ بزانین ئایا ئایینەکان دەتوانن رۆڵــی کاریگەر و ئیجابی ببینن لە گەشەکردن و دیاردەی مۆدێرنێتە، ئەگەر بەو قەناعەتە بگەین کە ئایین رۆڵی کاریگەری دەبێت، ئەوا تۆ دەبــێ خوێندنەوەیەکی نوێت بۆ ئاییــن، بیرکردنەوەیەکی نــوێ بۆ دین، شیکردنەوەیەکی نوێ بۆ ئایین بێنی، کە ئەو خوێندنەوە و شــیکردنەوە یارمەتیدەر بێ بۆ گەشەکردن، خودی ئەو شیکردنەوە کە دەبێ ئیسلام یارمەتیدەر بێ شیکردنەوەیەکی نوێ دەبێت.

**کۆڕێکم سەبارەت بە «فاشیسم» لە زانکۆی شیراز بەڕێوە برد. پاشان لەسەر ئەو کۆڕە گیرام و بردیانم بۆ بەندیخانەی «ئەوین» و لەوێ لە بەندیخانەی تاکەکەسیدا بەندکرام**

**گوڵان:** هــەر ماکس ڤێبــەر پێیوایە، تا کۆمەڵگە نەگاتە ئاســتی بــێ ئومێد بوون کاردانەوە دروســت نابێــت (Enhancement and societys reaction) ئایــا بۆچــی تــا ئێســتا کۆمەڵگــە رۆژهەڵاتییــەکان لــەو ئایدیۆلۆژیەتانــە نائومێــد نەبوون کە کۆمەڵگەیان خستۆتە قاڵبی چەقبەستنەوە؟

**ئەکبەری گەنجی:** ئێســتا ئێمە کە ئەوە وەبەرچاو نەگرین، کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان، کۆمەڵگــەی رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، کۆمەڵگەی عەرەبــی، ئەو کۆمەڵگەیە من و تۆ تێیدا دەژیــن و لەگەڵ کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیە گەورە بوون، ئەزموونی زۆرمان لــە نائومێدی و بێ هیوایــی هەبووە، یانی وا نەبووە کــە بڵێین نەمان بووە، هەمیشــە لــە درێژایی مێــژوودا بەتایبەتی لەو چەند سەدەیەی دواییدا خەڵکی ئەو ناوچانە مەودای خۆیان لەگەڵ جیهانی رۆژئاوادا دەدیت، ئەو جیاوازی و مەودایەی کە دەبینین هەرچەندە بە خێراش رابکەین، ناگەینەوە گەشەسەندنی رۆژئاوا، ئــەو خێراییەی کە ئەوان هەیانە لە پێشــکەوتندا ئەوەندە زۆرە کە بۆ ئێمە روون نییە، دە ســاڵ یان بیست ســاڵی دیکەش بگەڕێینەوە ئەوانە، خودی ئەوە هەمیشە بۆتە مایەی نائومێدی و بێ هیوایی و رەشبینی، بوونی دەســەڵاتە پاوانخوازە درێژخایەنەکان یانی مێژووی ئەو ناوچانە هەمیشە مێژووی ســتەم و ســەرەڕۆیی بووە، هەمیشــە لەو ناوچانەدا حکومەتە سەرەڕۆ و ستەمکارەکان دەســەڵاتدار بوونە، هەمیشــە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەر هەنگاوێــك کە دەینێن ناتوانن لە چنگی بەڵای ئەو حکومەتانە رزگاریان بێت، ئەوەش هەمیشە بێ هیوایی دەخوڵقێنێ. وەرە تۆ ســەیری کێشەی عەرەب و ئیسرائیل بکە، لە ســاڵی ١٩٤٨ەوە تاکو ئێستا دەستی پێکردووەو درێژەی کێشــاوە، نیو سەدە بەسەر ئەو کێشەیەدا رادەبورێ، هێشتا فەلەستینیەکان بچووکترین دەســتکەوتیان بەدەست نەهێناوە، ئەوە بۆخۆی نائومێدی و رەشــبینی لە ناو بەشێك لە خەڵکی ئەو ناوچەیەدا پێکهێناوە، بەڵام ئەوەی کە بڵێی ئەزموونی نائومێدی و بێهیوایمان نەبووە وانییە، هەر زۆر ئەزموونی رەشبینی و بێهومێدیمان هەبووە، بەڵام ئەوەی کە دژەکردەوەی ئێمە بۆ ئەوە چ بووە، بەڕای من پەرچەکرداری ئێمە بۆ ئەو هەلومەرجە، پەرچەکردارێکی ئیجابی نەبووە، یانی دەکرا

# ئەکبەری گەنجی لە چەند دێڕێکدا

ئەکبەری گەنجی لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕەکی سێزدەی ئابان لە شاری تاران لەدایك بووە.

گەنجی لەسەردەمی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیدا واتە لە ساڵی ١٩٧٩ یەکێك بووە لە چالاکوانانی سیاسی ڕێکخەری خۆپێشاندانەکان، دوای سەرکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی سوپای پاسداران هاتە ناو ریزی ئەو سوپایەوە. دوای ئەوەی کە شاری خورەمشار لەلایەن ئێرانەوە گیرایەوە، ناوبراو یەکێك بوو لەو کەسانەی بە توندی دژایەتی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانی دەکرد و بە بێهوودەی دادەنا.

لەساڵی ١٩٨٤ بەیەکجاری لە سوپا هاتەدەر. چەند ساڵێك لە بەشی ڕۆشنبیری کونسوڵگەری ئێران و تورکیادا کاری دەکرد. پێوەندییەکی نزیکی هەبوو لەگەڵ سەعید حەجاریان کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی سەرەکی وەزارەتی ئیتلاعات، هەربۆیە هەندێك کەس پێیان وابوو گەنجی-ش یەکێکە لە ئەندامانی ئەو وەزارەتە، بەڵام بۆخۆی دەڵێ هیچ کات من لەو وەزارەتەدا کارم نەکردووە. دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، چوو بۆ زانکۆ. لە سەرەتای نەوەدەکاندا گەنجی چووە ناو ریزی ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژنامەی «کیان»دا کاریان دەکرد..

بە هاتنە سەرکاری خاتەمی لە ساڵی ١٩٩٧دا گەنجی یەکێك بوو لەو کەسانەی کە پشتیوانی لە ریفۆرمخوازانی سەر بەخاتەمی دەکردو هەڵسوڕاوێکی چالاکی ئەم بوارە بوو. هەر لەو ساڵەشدا بەهۆی ئەوەی خوێندنەوەی وتارێك لە زانکۆی شیراز و هەروەها بەهۆی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری راە نور «ڕێگای رووناکی» شەش ساڵ حوکمی بەندکردنی بۆ بڕایەوە. لەساڵی ٢٠٠٠ بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسێك چوو بۆ بەرلین و دوای گەڕانەوەی لە فڕۆکەخانەی مهیرئابادی تاران سەرلەنوێ گیرایەوە. کە جارێکی تریش شەش ساڵ حوکمیان دا، بەڵام ئەمجارەیان لە بەندیخانەدا دەستی بە مانگرتن لە خواردن کرد و هەتا ٧٢ ڕۆژ دەستی لە مانخواردن هەڵنەگرت و هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئازادبوونی.

لە زینداندا چەندین کتێب و نامیلکەی لەسەر جیابوونەوەی ئایین لە سیاسەت نووسی. لەو کاتەی لە بەندیخانەدا بوو زۆربەی وڵاتانی جیهان داوای ئازادبوونیان کرد بۆ نموونە سەرۆکی ئەوکاتی وڵاتە یەکگرتووەکان جورج دەبلیۆ بوش، سەرۆکی ئەوکاتی بەریتانیا تونی بلێر، و کۆفی ئەنان سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. دوای ئەوەی کە لە بەندیخانە ئازاد بوو بۆ یەکجاری ڕێگەی هەندەرانی گرتە بەر. گەنجی چەندین خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە وەك، ١- خەڵاتی قەڵەمی زێڕین لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانی کە لە کۆشکی کرملێن بەڕێوەچوو.

٢- لە ئیتالیا خەڵاتی ئاڵای زیوینی شاری فلۆرانسی وەرگرت.

٣- سەرۆکی پێشووی دادگای نێونەتەوەیی تاوانەکانی شەڕ، گەنجی لە ریزی نیلسۆن ماندیلا و ڤاسلاو هاول داناوە، هەروەها لە فەرەنسا و ئەمریکا و کەنەدا چەندین خەڵاتی جۆراوجۆری دیکەی وەرگرت.

٤- لە ساڵی ٢٠١٠ش خەڵاتی میلتۆن فریدمانی لە ئامۆژگای کاتۆ لە ئەمریکا وەرگرتووە.



پەرچەکرداری ئێمە ئەوە بێت ئێمە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین، بەرەو گەشەسەندن بەرەو رزگاربوون لەو هەلومەرجە دژوارەی کە تێیداین بچینە پێش، بەڵام ئێمە قەت ئەوەمان نەکرد، بەڕای من پەرچەکرداری ئێمە لە ئاست ئەوەدا پەرچەکردارێکی سلبی بووە.

**گوڵان:** ئەکبەر گەنجی وەك رۆژنامەنووسێك بەردەوام خۆی لەبەرەی بەرگریکردن لە ئازادی و دیموکراتی بینیوەتەوە و لەم پێناوەشدا قوربانییەکی گەورەی داوە و چەدین ساڵ بەند کردنت بینیوە، ئایا ئازادی و دیموکراتی وەك دوو چەمکی فەلسەفی لە هزری گەنجی دا مانای چییە؟



**ئەکبەری گەنجی:** ئێمە خوازیاری ژیانێکی پڕ لە دادپەروەری و جیهانێکی پڕ لە دادپەوەرین، ئەمرۆکەش بەبێ ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ هیچ دادپەروەرییەك نایەتە دی. هەربۆیە دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ ئەوانە ئامانجی ستراتیژی ئێمەن، بۆ گەیشتن بەوانەش بەردەوام هەوڵ دەدەم، بەهیواین لەو ناوچەیەدا بتوانین هەرچی زووتر بگەین بەو ئامانجانەمان.

**گوڵان:** بەڕێز گەنجی پرسیارێك لێرەدا دێتەپێشێ، هەمیشە ئازادی و دادپەروەری لەبەریەکدان بەو مانایەی کە لە شوێنێك ئازادی رەها هەبێ، دادپەروەری نییە، لە شوێنێکیش دادپەروەری تەواو هەبێ ئازادی نییە. ئێوە چۆن لەو مەسەلەیە دەڕوانن؟

**ئەکبەری گەنجی:** ئەوە بەستراوەتەوە بەوەی کە ئێوە چۆن پێناسەی ئەو چەمکانە دەکەن، بۆچوونی «ئازیا بیرلینگ» کە دەڵێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە بتەوێ ئازادیت هەبێ و دادپەوەریت هەبێت، دادپەروەریش بەو مانایە کە ئێوە لەسەرەوە داوا بکەن ئازادی و دادپەروەریتان بداتێ هەروەك ئەوەی کە لە بلۆکی رۆژهەڵاتدا هاتە پێش، واتە لە وڵاتانی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتدا دەیانویست ئەنجامی بدەن، ئەوە دیکتاتۆری لەگەڵ خۆی دێنێ، یانی حکومەتێك بیەوێت لەسەرەوە را بە زۆر دادپەوەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی بسەپێنێ، ئەوەیان سەرهەڵدەکێشێ بۆ دیکتاتۆری و ئازادی لەناو دەبات و دیموکراسی لەناو دەبات و مافی مرۆڤ لەناو دەبات و پاشان ناتوانێ هیچ دادپەروەرییەك بێنێتە دی. «ئازیا بیرلینگ» ئەوە بۆچوونەکەی بووە و منیش لەگەڵ بۆچوونەکەیدام. ئەوەی کە من دەڵێم عەدالەت بە مانای عەدالەتی کۆمەڵایەتی، یان ئەوەی کە حکومەتێك بیەوێت لەسەرەوە را بە زۆر هەموویان وەك یەك لێبکات، بۆچوونی من نەبووە، من شتێکی وام باس نەکردووە، خودی دیموکراسی و خودی مافی مرۆڤ ئەوانە لە لق و پۆپەکانی دادپەروەرین، یانی دادپەوەری بەمانای بەرفرەتر سەیر دەکەین.

**گوڵان:** ئێوە بڕواتان بە دادپەروەری هەیە یان بڕواتان بە یەکسانییە؟

**ئەکبەری گەنجی:** ئەوەشیان بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەگەر حکومەتێك بیەوێ لەسەرەوە ڕا ئەو شێوازەی کە حکومەتانی کۆمۆنیستی پەیڕەویان دەکرد یانی هەموو شتێك بکەنە حکومەتی، هەموو ئابووری بکەنە حکومەتی، لە سەرەوەرا دابەشکردن بکرێ، ئەوەیان شتێکی مەحاڵە. بەڵام بڕوام بە دادپەوەری بەمانای ئەوەی کە گشت وەك یەك بن قبوڵمە و ئەمرۆکە تیۆرییەکی زۆر بۆ یەکسانی دانراوە، تەنانەت لە دەزگا لیبرالییەکانیش، لیبرالییەکانی وەکو «دومینیکن» «مارتن دورتمام»، و لیبرالەکانی تر، تیۆری گەلێکی زۆر، «جۆن راولز» تیۆری دادپەوەری ویژدانی ئەویش یەکێکە لە تیۆرەکانی یەکسانی. یانی دەکرێ شتێکت لە دادپەروەری و یەکسانی هەبێت کە لەگەڵ ئازادی و دیموکراسی بگونجێت.

**گوڵان:** بەڕێزت کەسێکی ئیسلامیت و بڕواشت بە ئیسلام هەیە، ئایا بەڕای بەڕێزت چۆن لە ئیسلامەوە سەیری دیموکراسی دەکەیت، یان بەڕای بەڕێزت پێتوایە تا چەند دەتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا دیموکراتی بونیاد بنرێت؟

**ئەکبەری گەنجی:** بزانە ئەگەر کەسێك بیربکاتەوە کە ئێمە لە کانگای ئایینەوە ئازادی و مافی مرۆڤ هەڵێنجێنین، من بڕوام بەوە نییە. گەر کەسێك بڕوای بە بیرۆکەی دیموکراسی ئایینی و ئازادی ئایینی و مافی مرۆڤی ئایینی هەیە، من بڕوام بەوە نییە. ناکرێ دیموکراسی چوارچێوەی بۆ دابندرێ، دیموکراسی ناخرێتە هیچ چوارچێوە و کۆت و بەندێکەوە، نە لە چوارچێوەی ئیسلام دەخرێ و نە لە چوارچێوەی مەسیحیەت و نە لە چوارچێوەی یەهودیەت و نە لە چوارچێوەی مارکسیزم دەخرێ، دیموکراسی سیستەمێکە کە لەو سیستەمەدا لە رێگەی هەڵبژاردنی ئازاد، بە رکابەرێکی سەربەست و دوور لە دەستێوەردان ئەنجام دەدرێ، گرووپەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەگەڵ یەکتر ململانێ دەکەن، تا دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. هەر زۆرینەیەك کە دەسەڵاتی بەدەست هێنا رێز لە مافی کەمینە دەگرێت، لە ئاست ئەواندا ئیلتزامی هەیە، هەروەها ئیلتزامی بۆ مافی مرۆڤ هەیە و مافی مرۆڤ دەپارێزێ. ئەو نیزامەش شێوازێکی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەوەی کە بڵێین لەناخی ئاییندا شتێکی وا دەربێنین و بە ئایینی ببەستینەوە، من ئەوەم قبوڵ نییە، بەڵام بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ نموونە کۆمەڵگەی ئێران، عێراق، ئەفغانستان و چ سعودییە، کۆمەڵگەی موسڵمانی ئەو ناوچەیە، بمانەوێ

**لەبەر چالاکییە رۆشنبیرییەکان لە ساڵی 2000دا جارێکی دیکەش گیرامەوە و حوکمی شەش ساڵ زیندانیم درایە. حوکمێك کە زۆر نادادپەروەرانە بوو و شەش ساڵ لە زیندان دابووم و ساڵی 2006 ئازاد کرام**

دیموکراسی و مافی مرۆڤ گەشەبکا و پەرە بستێنێ، هیچ رێگەچارەیەك نییە جگە لەوەی خوێندنەوەیەکی دیکە، شێوازی شیکردنەوەیەکی تر لە ئیسلام باس بکەین کە ئەو خوێندنەوەو شیکردنەوانە لەگەڵ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیدا بگونجێن. یانی لەراستیدا دەبێ ئیسلام لەگەڵ ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پلۆرالیسم بگونجێنین.

**گوڵان:** پرسیارێك لێرەدا دێتە پێش، ئایا ئەو خوێندنەوە نوێیە نابێتە هۆی ئەوەی کە لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو کەسانەی بڕوایان بە سەلەفیەت و ئوسولگەرایی هەیە بکەینەوە؟

**ئەکبەری گەنجی:** من لەگەڵ بۆچوون و تێڕوانینەکانی سەلەفیەت، وەهابیەت، ئەو خوێندنەوانەی کە شیعە ئووسلگەراکان لە ئیسلام هەیانە موخالیفم. رەخنەم لەوانە گرتووەو رەخنەیان لێدەگرم، ئێمە لەخودی ئێران ئەو کەسانەی کە ناسراون بەبۆچوونە نوێیەکانی دینی، رۆشنبیرانی ئایینی

سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە خوێندنەوەی تۆتالیتاریا، فاشیستی، ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی نوێ، ڕاژە و شیکردنەوەیەکی نوێ لە ئیسلام بدەین، کە بەو خوێندنەوانە ئیسلام لەگەڵ دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و پلورالیزم و کۆمەڵگەی مەدەنی بگونجێنین.

**گوڵان:** وەك ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد و لایەنگری دیموکراتی حەتمەن ئاگاداری ڕەوشی ناوچەی ڕۆژهەڵات هەیت و عێراقیش یەکێکە لە کێشە گەرمەکانی



**کاتێك زۆرینەی کۆمەڵگەیەك ئەوە قبوڵ بکەن کە ئەگەر لە نێوانیاندا کێشەیەك ڕوویدا، ئەو کێشانە بەشێوازی دیموکراسی چارە بکەن، ئەوەیان هەنگاوێکە بەرەو دیموکراسی**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا چۆن سەیری پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەکەیت، ئایا پێتوایە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی؟

**ئەکبەری گەنجی:** دیموکراسی پێشمەرجی کۆمەڵایەتی هەیە، کە خۆی لە کۆمەڵێك پێشمەرجدا دەبینێتەوە. بەبێ ئەو پێشمەرجانە ئێمە ناتوانین دیموکراسی بەدەست بێنین. دیموکراسی وەك کاڵایەکی هاوردە نییە کە تۆ بتەوێ وەك کاڵایەك بیهێنی. یان بتەوێ بە ڕێگەی شەڕ و توندوتیژی و هێرشی نیزامی وڵاتێکی بێگانە بچێت هێرش بکاتە سەر وڵاتێکی دیکە وەك ئەمریکا بۆ عێراق و ئەفغانستان بۆ وڵاتێکی تر و بیەوێ بیکاتە دیموکراتی. شتێکی وا نایەتە دی و مەحاڵە. دەبێ هەیکەلە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و توانایی خۆگونجان لەگەڵ دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤی تێدابێت، لە کۆمەڵگەیەکدا کە گشت خەڵك چەکدارە و چەك دەسەڵاتدارە و تەقینەوە هەیە، لە کۆمەڵگەیەکی وادا دیموکراسی بوونی نییە. ئێستا لە عێراقدا دەیان هەزار سەربازی ئەمریکایی تێدایە، جگە لەوەش زۆربەی هێزەکان چەکدارن و بە چەك لەگەڵ یەکتر شەڕ دەکەن و بەزمانی چەك لەگەڵ یەکتر ئاخافتن دەکەن. ئێوە وای دابنێین ئەمڕۆ یان سبەی یان ساڵێکی دیکە یان سێ ساڵی دیکە ئەمریکا هێزەکانی لە عێراق بەرێتە دەرەوە، لەوکاتەدا عێراق چ هەلومەرجێکی دێتە پێش. ئایا کەسێك پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەمریکا هێزەکانی لەعێراق کشاندنەوە عێراق دەکەوێتە ئارامی و خۆشییەوە. ئێوە دەزانن کە لە عێراقدا تەنیا ئەمریکا نییە بەرژەوەندی هەیە، وڵاتانی عەرەبی، میسر، عەرەبستانی سعودیە، سوریا، ئەمانە هەموویان لەعێراقدا خۆیان بە خاوەن بەرژەوەندی دەزانن، کۆماری ئیسلامی لە عێراق خۆی بە خاوەن بەرژەوەندی دەزانێ، گشت ئەو وڵاتانە لە ئەمریکاوە بگرە تا ئیسرائیل تا وڵاتانی عەرەبی سوننی و ئێران، هەندێك گرووپیان لە عێراقدا پڕ چەك کردووە، ڕاهێنانی عەسکەرییان پێدەکەن و پارەیان دەدەنێ چەك و ئیمکاناتیان دەدەنێ تاکو ئامانج و مەبەستەکانی خۆیان ببەنە پێشەوە. بەڕاست ئەگەر ئەمریکا هێزەکانی خۆی لەوێ بکێشێتەوە، ئەو وەزعییەتە کەم نابێتەوە بگرە زیاتریش پەرە دەسێنێ. یانی هەر وڵاتێك تێدەکۆشێ کە نفووزی زیاتری لە وڵاتی عێراق و حکومەتی عێراقدا هەبێ، وڵاتانی ناوچەکە گشتیان ئەوە دەکەن، ئێران ئەوە دەکات، وڵاتانی عەرەبی ئەو کارە دەکەن، ئیسرائیل و خودی ئەمریکاش ئەوە دەکەن، گشتیان ئەوە دەکەن. من نازانم لە هەلومەرجێکی وادا کە ئاماژەم پێدا، بە بوونی ئەو هەموو گرووپە چەکدارانەی کە سەر بە وڵاتانی بێگانەن، چۆن دیموکراسی لەوێدا دروست دەبێ.

**گوڵان:** بەڕێز گەنجی لەعێراقدا سێ ناوچەی گەورە هەن، یەکیان هەرێمی کوردستانە و ئەوی تریان ئەو ناوچەیەیە کە سوننەی عەرەبەکان لەوێدا باڵادەستن و ئەوی تریشیان ئەو ناوچەیەیە کە شیعەکان تێدا باڵادەستن، ئایا بەو جۆرەی کە باسی دەکەی کە عێراق وڵاتێکی نوێیە، یانی وڵاتێك نییە کە وەك ئێران مێژوویەکی لەمێژینەی هەبێ، لە کاتێکی وادا عێراق بەرەو دابەشبوون دەچێت ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە کشانەوە؟

**ئەکبەری گەنجی:** من ناتوانم پێشبینی بۆ داهاتوو بکەم، بەڵام هیوادارم و بە ئاواتم کە عێراقێکی ئازاد و دیموکرات کە بڕوای بە مافی مرۆڤ هەبێ، خەڵکی وڵاتەکە پێکەوە لەوپەڕی ئارامی و ئاشتی و تەباییدا بژین، ئاواتی من بۆ عێراق و گشت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە. من ئارەزووی دادپەوەری دەکەم، نە ئارەزوو بکەم کە خەڵکی ئەو ناوچەیە چەکدار بن و پاڵ بە هزری تیرۆریستی بدەن و یەکتر بکوژن و لەناو بەرن، ئەویش بە پشتیوانی وڵاتانی بێگانە، ئەو دەوڵەتانە کێ دەبن با ببن، تەنیا مەرج نییە ئەو دەوڵەتە ئەمریکا یان ئیسرائیل یان وڵاتانی ڕۆژئاوایی بن. تەنانەت گەر



**ئەو ڕۆشنبیرییەی لە ناوچەکەی ئێمەدا بوونی هەیە، قاچێکی کەوتۆتە سەر دابونەریتەکانی کۆمەڵگە و قاچەکەی دیکەی لەسەر مۆدێرنیتەیە و بەردەوام لەنێوان ئەو دووانەدا دێت و دەچێت**

وڵاتانی عەرەبی وەك میسر، سوریە، سعودیە بێ، یان حکومەتی ئێران بێ. ئەوان ئەو کارە بکەن کە ئێستا خەریکن دەیکەن، ئەوانە خۆتێوەردانی نابەجێن، ئەوانە ئەوە دەردەخەن کە هیچ پێوەندییەکی بە ئەخلاقەوە نییە، گشت ئەو وڵاتانە لەبیری بەرژەوەندی ناوچەیی و سیاسی خۆیاندان، خەڵکی هەر سێ هەرێمەکەی عێراق وەك ئامرازی ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان سەیر دەکەن. لە هەرکام لەو توندوتیژی و تەقینەوانەدا هەزاران کەس کوژراو و بریندار بوون، ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی ئەو چەند ساڵەی دوایی عێراق بدەیەوە دەبینی پاش هێرشی نیزامی ئەمریکا بۆسەر عێراق تا ئێستا چەند سەد هەزار عێراقی کوژراوە، هەزاران هەزار عێراقی پیروگەنج و ژن منداڵ لەبەر نەبوونی تەندروستی و بەدخۆراکی لە هەژاری و نەداریدا ژیانیان لەدەست داوە، لەبەرچی؟

لەبەر ئەوەی کە هەندێك دەوڵەت دەیانەوێت بە ئامانجە سیاسیی و بەرژەوەندە ئابوورییەکانی خۆیـان و بەرژەوەندیـی هەرێمایەتییەکانی خۆیان بگەن. من جیهانێکی وا بە جیهانێکی زاڵمانە دەبینم، بەهیوای دیتنی عێراقێکم کە بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی خەڵکی ئەو وڵاتە بتوانن ئازادانە و لە هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراسیدا خۆیان داهاتووی سیاسی خۆیان دیاری بکەن.

**گـولان:** لەناو عێراقـدا، هەرێمێك هەیە بەنـاوی هەرێمی کوردستـانی عێراق، ئەم



## دیموکراسی ناخرێتە هیچ چوارچێوە و کۆت و بەندێکەوە. نە لە چوارچێوەی ئیسلام دەخرێ و نە لە چوارچێوەی مەسیحییەت و نە لە چوارچێوەی یەهودییەت و نە لە چوارچێوەی مارکسیزم دەخرێ

هەرێمە لە سـاڵی ١٩٩١ نەوای ئارام (No fly zone) بۆ دابینکرا، بۆ ئەوەی لە ڕژێمی سەدام حوسێن بپارێزرێت، ئێستا لەم هەرێمە جیاواز لە بەشەکانی دیکەی عێراق ناوچەیەکی ئارام و سەقامگیرە و هەنگاوی باشی بەرەو دیموکراتی بریوە، ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئازاد بوونیان هەیە و هەڵبژاردن بەئازادی دەکرێت، ئایا تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد چۆن سەیری هەرێمێکی لەمجۆرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەیت، ئایا پێتوانییە دروستبوونی ئەم کیانە دیموکراتییە ئەزموونێکی باشە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

**ئەکبەری گەنجی:** هەرێمی کوردستـان لە عێراقدا بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە ئارامترە و وەزعی باشترە، بەڵام تۆ بزانە ئەو وەزعیەتەی کە باسی دەکەی هەروا بە ئاسانی بە دەست نەهاتووە، بەرهەمی کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بووە، لە شەڕی عێراقدا کە بەسەرپەرشتی ئەمریکا دەستی پێکرد و ئەو گەمارۆیانەی کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەر عێراقیدا سەپاند، ئاسمانی کوردستانیان لە فڕینی فڕۆکەی عێراقی بەسەر ئەوێدا قەدەغە کرد و بە پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا توانیان ئەو ناوچەیە وردە وردە لە حکومەتی عێراق جیا بکەنەوە و کارێك بکەن هەلومەرجێکی وای تێدا سەقامگیر بێ. لە کوردستاندا خۆت دەزانی گرووپی چەکداری تێدا بووە، ئێستاش ئەو گرووپانە بوونیان هەیە. دیموکراسی ناتوانێ لە پەنای گرووپی چەکدار گەشە بکات، ئێمە دەبێ بەرەو شوێنێك هەنگاو بنێین کە چەك وەلابنێین، زمان و نووسین و دیالۆگ شوێنی بگرێتەوە. دیموکراسی پێویستی بە پێشمەرجی دیموکراسیە. پێویستی بە کەلتووری دیموکراتییە، پێویستی بە کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئێوە لە کۆمەڵگەی گوندی ناتوانن دیموکراسی دابمەزرێنن، کۆمەڵگەی شاری، کۆمەڵگەی خوێندەوار، دەبێ زۆربەی کۆمەڵگە شاری بن و زۆرینەی کۆمەڵگە خوێندەواربن، کەلتووریان کەلتووری دیموکراتی بێ، ئابووریان ئابووری حکومی نەبێ، ئابوورییەك کە بنەمای نەوت بێ، ئەو وڵاتانەی ئابوورییەکەیان نەوتە، یەکێك لە ئاستەنگەکانی سەر ڕێی دیموکراسی لەوڵاتانی ناوچەکەدا ئەوەیە کە ئابووری حکومییە و بەتەواوی پشتی بە نەوت بەستووە. بەو جۆرە دەوڵەتانە و بەوجۆرە ئابوورییانە ناتوانین دیموکراسی بەدەست بێنین. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە دیموکراسی بەرهەمی هاوسەنگی هێزەکانە. جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە، دیموکراسی بەرهەمی هاوسەنگی هێزەکانە. لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. چەندە خەڵك بەهێز بن ئەوەندە لە دیموکراسی نزیك دەبنەوە. لە کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز هاوسەنگی هێزەکان وا دەکات هاوسەنگی هەبێت لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵك بەو ڕاددەیەی کە ڕێکدەخرێن بەشێوەی زۆرینە، واتە لە کۆمەڵگەدا هێزی زۆرینە هەیە، مرۆڤەکان جۆراوجۆرن، جیاوازن. ئەو مرۆڤە جیاواز و جۆراوجۆرانە بەتەنیا هیچ چەشنە دەسەڵات و هێزێکیان نییە، بەڵام کاتێك لێك کۆدەبنەوە پێکەوە ڕێکخستن دەکەن، چەندین جۆر ڕێکخراوی مەدەنی دروست دەکەن. بەمجۆرەیە کە بەهێز دەبن. نە لە ڕێگەی خۆپڕ چەك کردن، هەربۆیە گەر دەتانەوێ لەو ناوچەیەدا دیموکراسی بوونی هەبێ، لە عێراقدا لە ئێراندا، هیچ ڕێگەیەك نییە جگە لەوەی کە خەڵك بەهێز بکەین، بەهێزکردنی خەڵکی یانی ڕێکخستنیان، یانی کۆمەڵگە مەدەنییەکان، یانی ڕێکخراوە سەربەخۆکان، یانی بەهێزکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز. ئەگەر شتێکی وا بکەین، ئەوا هاوسەنگی هێز دروست دەبێت، کۆمەڵگەیەکی وا دەبێ کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار بێ، کۆمەڵگەیەکی وا دەبێ کۆمەڵگەیەکی شارستانی بێ، دەبێ فەرهەنگی دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیەدا گەشە بکات، دەبێ مرۆڤە نوخبە بەرهەمەندانی کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەی کە دەیەوێ دیموکراسی



## بەهیوای دیتنی عێراقێکم کە بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی خەڵکی ئەو وڵاتە بتوانن ئازادانە و لە هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراسیدا خۆیان داهاتووی سیاسی خۆیان دیاری بکەن

تێدا بەرقەرار بێ، دیموکراسی وەك ڕێگە چارەی گیروگرفتەکان لە کۆمەڵگەدا و وەك دادوەری کێشەکان قبوڵ بکەن. ئەوە پێشمەرجی چوونە ناو جیهانی دیموکراسییە. گردبوونەوەی ڕۆشنبیران لەسەر دیموکراسی، گردبوونەوە لەسەر دیموکراسی وەك دروشم نییە، گەر بمانەوێ کێشەکانمان لەڕێگەی چەك و تیرۆرەوە چارەسەر بکەین، ئەوە دیارە دیموکراسی بوونی نییە، کاتێك زۆرینەی کۆمەڵگەیەك ئەوە قبوڵ دەکەن کە ئەگەر لە نێوانیاندا کێشەیەك ڕوویدا، ئەو کێشانە بەشێوازی دیموکراسی چارە بکەن، ئەوەیان هەنگاوێکە بەرەو دیموکراسی، بەبێ ئەوە ناتوانین دیموکراسیمان هەبێ، بەبێ ئەوە کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران لەسەر تەوەری دیموکراسی ناتوانین دیموکراسیمان هەبێت، گردبوونەوەیەکی وا بەکردەوە بوونی نییە. دروشمی دیموکراسی هەڵدەگرین، بەڵام

**ئێوە گەر لەسەرەوە داوا بکەن ئازادی و دادپەروەریتان بداتێ هەروەك ئەوەی کە لە بلۆکی رۆژهەڵاتدا هاتەپێش واتە لە وڵاتانی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتدا دەیانویست ئەنجامی بدەن. ئەوە دیکتاتۆری لەگەڵ خۆی دێنێت**

کاتێك کێشەیەك کەوتە نێوانمانەوە بەدژی یەکتر چەك هەڵدەگرین، هەوڵ دەدەین یەکتر تیرۆر بکەین، هەوڵ دەدەین بۆمب دانێینەوە، بەمجۆرە ناتوانین دیموکراسیمان هەبێت.

**گوڵان:** بەڕای تۆ بۆ کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکانی سەر رێگەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێ چ بکەین؟

**ئەکبەری گەنجی:** ئێستا ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وڵاتی دیموکراسیمان نییە، ئیسرائیلی لێ دەربچێ، وڵاتێك کە زەمینەی دیموکراسی تێدا بێ تورکیایە، تورکیا لەو بوارەدا لەگشت وڵاتانی ناوچەکە لە پێشترە، بەڵام هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، دیموکراسی پێویستی بە چەند پێشمەرجێك هەیە، بەبێ ئەو پێشمەرجانە دیموکراسیمان نییە، واتە ساویلکەیە هەرکەسێك وا بیربکاتەوە، ناڵێم هیچ هەنگاوێك نەهاویشتراوە، لە ئێرانیشدا لەگەڵ ئەوەیدا کە رژێمێك دیموکراسی بوونی نییە، بەڵام پێکهاتە و هەیکەلەی دیموکراسی لەوێدا بوونی هەیە، کۆمەڵگەیەکی شارستانییە، کۆمەڵگەیەکی خوێندەوارە، رۆشنبیرییەکی بەهێزمان هەیە، کەلتوورێکی دیموکراتیمان هەیە، بەڵام ئەوانە هیچ فەرق ناکەن، لە عێراقیشدا و لە کوردستانیشدا هەروایە، دەبێ هەوڵ بدرێ هاوسەنگی هێز دروست بکرێ لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. پاشان کۆمەڵگە بەهێز بکرێ و دواتر کەلتووری دیموکراتی لەوێدا گەشە بکات، خەڵك دەبێ خوێندەوار بن، خەڵك دەبێ رۆشنبیر بن، کۆمەڵگە دەبێ، کۆمەڵگەیەك بێ لە توێکڵی هۆزگەرایی و عەشیرەتی بێتە دەر، دەبێ سیمایەکی شارستانی بەخۆوە بگرێ، قسەکردن بەزمانی چەك دەبێ وەلاوە بنرێ، کۆمەڵێك لەو هەنگاوانەن کە کۆمەڵگە بەرەو دیموکراسی پاڵ پێوەدەنێ.

**گوڵان:** لایەنێکی دیکە کە دەکرا زووتر لەسەری هەڵوەستە بکەم، مەسەلەی رۆڵی ئافرەتانە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و



بواردانی ئافرەتە بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا، ئایا چۆن لە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەنگاو بۆ ئازادی ئافرەت هەڵدەگیرێت؟

**ئەکبەری گەنجی:** ژنان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە زیاتر تەوەرەی باسەکانمان لەو ناوچەیە و لە ئێراندا بووە لە هەلومەرجێکی باشدا نین، دیارە من بەگشتی ئەوە دەڵێم، هەرچەندە من و تۆ دەزانین کە لەنێوان وڵاتانەی ناوچەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە، یانی ئەوە نییە کە گشت وڵاتان وەکو یەك

**یەکێك لە ئاستەنگەکانی سەر رێی دیموکراسی لەوڵاتانی ناوچەکەدا ئەوەیە کە ئابووری حکومییە و بەتەواوی پشتی بە نەوت بەستووە، بەو جۆرە دەوڵەتانە و بەوجۆرە ئابوورییانە ناتوانین دیموکراسی بەدەست بێنین**

بچن. بۆ نموونە لە خودی ئێراندا لەگەڵ ئەوەی یاساکانی ئێمە زۆربەیان نایەکسانیان تێدایە لەنێوان ژن و پیاودا، یاساکانی کە حوکمی شەرعین و حکومەت کردوونی بە یاسا، بەڵام بەکردەوە ژنان لە ئێراندا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە دیوە، ئێستا زۆربەی خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران لە ژنان پێکدێ، زۆربەی ئەوانەی کە زانکۆ تەواو دەکەن ئافرەتن. لە بوارەکانی وەك سینەما و هونەر ئەدەبیات، شیعر رۆژنامەنووسی ژنان، چالاکانە بوونیان هەیە، بزووتنەوەیەکی فیمینیستی زۆر بەهێز لە ئێراندا لەگۆڕێ دایە، هەمووی ئەوانە بوونیان هەیە، بەڵام لەگەڵ هەمموو ئەوانەدا هەلومەرجی ژنان هیچ باش نییە. لەو بوارەوە وەزعییەتی ئافرەتان لە هیچ کام لە وڵاتانی ناوچە باش نابینم، نە لە عێراقدا و نە لە وڵاتانی دیکە. ئەو شتەی کە بنەمای دیموکراسییە، دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەیەك کانگاوە سەرچاوە دەگرن، توخمێك هەیە کە بنەمای دیموکراسی و مافی مرۆڤە ئەو توخمەش یەکسانییە، ئەوەی کە ئێمە گشت مرۆڤەکان بە یەکسان دەبینین بەبێ جیاوازی ئایینی، ئەوەی کە ئێوە چ ئایینێکتان هەیە ئەوە هیچ گرنگ نییە، هەر ئایینێك کە هەتبێ تۆ یەکسانی. ئەوەی کە تۆ سەر بە چ نەتەوەیەکی گرنگ نییە. فارسی، عەرەبی، کوردی، هەرچی هەیە ئەوە هیچ گرنگ نییە. هەر کەسێك کە هەیە بەرامبەر و یەکسانی. ئەوەی کە ئێوە چ رەگەزێکتان هەیە، ژن یان پیاو، ئەوە هیچ گرنگ نییە. ئێوە یەکسانن، بنەمای دیموکراسی، بنەمای هاوبەشی دیموکراسی و مافی مرۆڤ توخمی بەرامبەرییە. ئەوەی کە ئێمە مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی رەگەز و نەتەوە و ئایین وەك یەکیان دەبینین. ئەوە یەکسانییە ئەساسی کارە. هەربۆیە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە هەموومان بەیەك چاو سەیر بکەین. بۆ نموونە ژن و پیاوان. ئەوە شتێکە کە لە کەلتووری هزری گەلانی رۆژهەڵاتدا بوونی نییە، یانی لە کەلتوور و دابونەریتی گەلانی رۆژهەڵاتدا شتێك هەیە کە ژن و پیاوانی لێك هەڵاواردووەو بە یەکچاو سەیریان ناکات. لە راستیشدا فەرق و جیاوازیی زۆرە لەنێوان ژن و پیاواندا. یەکەمین هەنگاو ئەوەیە ئەوانەی کە رۆشنبیرن، ئەوانەی کە بانگەوازی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ دەکەن، ئەوان ئەو یەکسانییە لەنێوان ژن و پیاودا وەبەرچاو بگرن. ئێمە دەبێ بەردەوام ئەوە بڵێینەوە کە بەبێ ئازادی ژنان ئازادیمان

**گرنگترین ئامرازی دەستی رۆشنبیر رەخنەیە، رۆشنبیر ئەفسانەکان و خورافات، باوەڕە درۆینە و ناڕاستەکان دەخاتە بەر دیدی رەخنەوە. رۆشنبیر رەخنە لە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و چەقبەستوو لە ناوەندێکدا دەگرێ**

نابێت، بەبێ بەرامبەری ژنان لەگەڵ پیاوان یەکسان نابین. بەبێ دیموکراسییەك کە ژنان لەوێدا چالاك نەبن، ئێمە دیموکراسیمان نابێت، ئەوە ئەو هەنگاوانەن کە دەبێ هەڵیانهێنینەوە.

**گوڵان:** سوپاس بۆ ئەو دیمانەیەتان، حەز دەکەین لە کۆتایی ئەم دیدارەدا پەیامی ئەکبەر گەنجی بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بزانین؟

**ئەکبەری گەنجی:** پەیامی من بۆ خوێنەرانتان کە دەزانم زۆربەیان کوردن، ئەوەیە کە کوردەکان لە درێژایی مێژوودا یەکێك لە باشترین مرۆڤەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، لە درێژایی مێژوودا ستەمێکی زۆر لە کوردەکان کراوە، لەگشت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا هەیە، چ لە عێراق، چ لە ئێران، چ لە تورکیا، چ لە سوریە، ستەمێکی زۆریان لێکراوە، بەڵام ئەو ستەمە تەنیا لەوان نەکراوە، بەهۆی ئەوەی کە گشت حکومەتەکانی ناوچەکە، دەسەڵاتداری سەرکوتکەر بوون، زوڵم لەگشت لایەك کراوە، زوڵم لە ژن، پیاو، لە سوننییەکان، لە شیعەکان لە مەسیحییەکان لە جوولەکەکان لە گشتیان زوڵم کراوە، لەبەر ئەوەی کە مێژووی ئێمە مێژووی زوڵم و ستەمە، ئەوەی کە ئێستا پێویستیمان پێیەتی، ئەوەی کە گشتمان ئەوە قبوڵ بکەین و دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ دەتوانن چارەسەری گرفتەکانی ئێمە بن. ژیانێکی پڕ لە ئاشتی بۆ ئێمە بێننە دی. ژیانێك دادپەروەرانەتر بۆ ئێمە بێننە دی. ئەوەی کە هەموو دەبێ دەست لەناو دەستی یەك بنێین هەوڵ بدەین بۆ دیموکراسی کردنی هەرچی زیاتری ئەو ناوچەیە کە تێیدا دەژین، لەناوچەیەکی بچووکەوە بگرە تا گشت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو ناوچەیە کێشەکانی پێکەوە پەیوەندیان هەیە، ئەوەی کە لە ئێراندا بزووتنەوەی ئازادیخوازی سەربکەوێت و حکومەتێکی دیموکراتی لە ئێراندا بێتە سەرکار، ئەوە چارەنووسی گشت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێ، ئەمڕۆ ئەوەی کە لە تونس گۆڕانکارییەك دێتە پێش و بن عەلی رادەکات، دەبینین ئەوە لە گشت وڵاتانی عەرەبی دژکردەوەی لەم چەشنە و کرداری لەم چەشنە خەریکن سەرهەڵبدەن، چارەنووسی گشت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە پەیوەندی هەیە، بۆ ئەوەی کە ئێمە گۆڕانکارییەك بێنینە دی، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە کە لەسەر پێی خۆمان بوەستین و بزانین کە دیموکراسی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە هەوڵدان و ماندووبونی خۆیان دەتوانن بۆ ناوچەکە بە دیاری بێنن.

**ئەگەر ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە، ئەو وەزعیەتە ناڵەبارە کەم نابێتەوە بگرە زیاتریش پەرەدەسێنێ، یانی هەر وڵاتێك تێدەکۆشێ کە نفووزی زیاتری لە وڵاتی عێراق و حکومەت و رژێمی عێراقدا هەبێ**

# میللەت لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، چیدی رەعیەت نابێت



ئاسۆ کەریم

لە چەند رۆژی رابردوودا، خەڵك لە چەند وڵاتێکی عەرەب (تونس، جەزایر، میسر، یەمەن، ئەردەن..) هاتنە سەر جادە. لە تونس دانەسەکنان، تا (زەینەلعابدین بن عەلی) یان لە حوکم و لە وڵات دەرپەڕاند. لە میسریش ، دەستپێشکەری کەوتۆتە دەست خەڵکی راپەڕیو.

(موبارەك) بە دەردی (بن عەلی) دەچێ یان نا، ئەوەیان شتێکی ترە. ئەگەر هۆکاری ناوەکی (بە بڕوای من هۆکاری سەرەکییە، بەو مانایەی راپەڕین بەردەوام و مەدەنی و دوور بێت لە توندوتیژی) و هۆکاری دەرەکی (هەڵوێستی ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپی لە رێگەی فشاری سیاسی و ئاماژەکردن بۆ بڕینی یارمەتی دارایی لەباری ریفۆرم نەکردندا) یەکیان گرتەوە، ئەوە چار نییە دەبێ موبارەك بڕوا. پێموایە موبارەك پێڕاناگات ریفۆرم بکات، چونکە خۆی بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتییە لە کێشەی نێوان خەڵك و حکومەتدا.

لەسەرەتاوە خەڵکی راپەڕیو لە میسر (بە راپەرینی تورەبوون ناوزەد کراوە)، دروشمی باشترکردنی ئاستی بژێو و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسییان بەرزکردەوە، ئێستا دروشمەکە بووە بە رووخانی رژێم و دەرپەڕاندنی موبارەك.

وەك سەرنج دەدرێ، ئەوە نەوەی نوێیە کە هاتە سەرجادەو سەرکێشی راپەرینی کرد و پاشان راپەرینەکە بووە راپەڕینێکی سەرانسەری. دیارە، بەشی زۆری نەوەی نوێ کە لەسایەی سیاسەتی کرانەوەی کۆنترۆڵ نەکراودا پێگەیشتووە، هەژار و نەدارە، بەچاوی خۆی گەندەڵی و ئیستبدادی سیاسیی دەبینێت، چیدی لەبەرانبەر بێکاری، نەبوونی دەرفەتی وەکیەك، دادۆشینی وڵات، نەبوونی ئازادی بێ دەنگ نابێ. چونکە سیاسەتی کرانەوەی بازاڕی ئازاد، کە دەبێت هاوشانی دیموکراسی بێت، لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئەو هاوشانییە نابیندرێ. ئاخر، توێژی مشەخۆری بیرۆکراتیی حوکمڕان بۆشاییەکی گەورەی لەنێوان خۆی و گەنجاندا دروستکردووە. ئەو توێژە وەك توێژێکی مشەخۆری بیرۆکراتیی، لە ماوەی (٣٠)ساڵدا، بەکەڵوەرگرتن لە سیاسەتی کرانەوەو کۆنترۆڵ نەکراو و قۆرخکراوی بازاڕی ئازاد نەشونمای کردووەو قەبە بووە کە تاقمی هەرە سەرەوەی حوکمڕان، دەستگرو رێخۆشکەرو شەریکە بەشی هەرە گەورەی ئەو توێژەیەو هەناسەی لەبەر وڵات و لەبەر پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بڕیوە. ئەم توێژە مشەخۆرە حوکمڕانە، لەسایەی نەبوونی دامودەزگای دەستووری، چاوەدێریی کاراو راستەقینەدا، بۆ هێشتنەوەی ئەو واقیعە ناحەزە، بۆ خۆماکیاجکردن بە رواڵەت هەڵبژاردنی کردووە، بەڵام ساختەی لە ئیرادەی دەنگدەران کردووە (هەڵبژاردنی ٢٠١٠ی مەجلیسی شەعبی میسر وەك نموونە)، ئائاوا حوکمڕانان بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ ساڵ دەبێت، لەسەر حوکم ماونەتەوە و بەم یان بەو شێوەیە درێژەیان بە ئیستبدادی سیاسی لە لایەك و دادۆشینی وڵات لە لایەکەی تر داوە. تەنانەت هەندێکیان، (تونس بۆ نموونە) وەك وڵاتێکی جێگیرو سەقامگیر دەهاتنە بەرچاو و چاوەڕێی شتی وا زوو و خێرا یەکلاکەرەوەیان لێ نەدەکرا.

لەراستیدا لە وڵاتانی بەناو «پەرەئەستێن»دا کە دامودەزگای دەستووریی شەرعی و چاوەدێریی کارا، یان وجودێکیان نییە، یان بۆ رواڵەت و ناکاران، ئەو ستایلە حوکمڕانییە بووە بە قانوون: توێژی حوکمڕان، کە وڵات لە رووی ئابوورییەوە دادەدۆشێت و وڵات بە موڵك وماڵی خۆی دەزانێت، میللەتی پێ رەعیەتە. ئەگەر شتێکیشی بۆ وڵات کردبێت، ئەوا بە خێری خۆی و بە (مەکرەمە)ی دەزانێت نەك ئەرك و لێپرساوەتی، لەهەمانکاتدا لە رووی سیاسیشەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندو ئیمتیازاتەکانی، سەرەڕۆ، ملهوڕ و دژە ئازادیی و کەرامەتشکێن بووە. راستە، ئەو ناوچەیە، مێژوویەکی دووردودرێژی لە ئیستبدادی سیاسی هەیە، خەڵك بێ دەنگ و کڕ کراوە، بەڵام وەك دەڵێن «هەموو شتێ لە باریکیدا دەپسێت، زوڵم و زۆر لە ئەستووریدا»...لە چرکەیەکی مێژووییدا، خەڵك قبوڵ ناکات چیتر رەعییەت بێت و دێتە سەرجادەو ئیعتوباری خۆی دەسەلمێنێتەوە. راپەرین و سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران (١٩٧٩)، کوردستان (١٩٩١)، تونس (٢٠١١)، میسر (....) ئەوەمان پێ دەڵێن، بەڵام حوکمڕانان هەرگیز دەرس لە تەجرەبەی وڵاتانی تر وەرناگرن....

# پرەنسیپی ئەخلاق و کاری رۆژنامەوانی

ئەگــەر بمانەوێت قســە لــە چەمکــی ئەخلاقی رۆژنامەوانی بکەین، دەبێت یەکەمجار چەمکی ئەخلاق وردبکەینەوە، پاشان پێناسەیەکی گونجاوی کاری میدیا و رۆژنامەوانی بکەین، ئەوجا ئەو رایەڵانە دەستنیشــان بکەین کە ئەم دوو کایەیە چ وەکوو مەعریفە، چ وەکوو ئامرازێك بۆ رێکخســتنی پێوەندی نێوان بواری میدیا (رۆژنامەگەری).

ئەخلاق، یان ئیتیکس (ethics)، بە مانای هەموو ئەو رەوشت و خوو و خەسڵەتانەی کە بێ ویستی خۆی مرۆڤ هەڵیگرتووە، هەروەها ئەو سیفەتانەی کە دوای لەدایکبوونی وەریشــیدەگرێت. لــەرووی زمانەوانیەوە ئەخلاق بە مانای (زانســتی خێر و شــەڕ)، زانســتی ئینسان، زانســتی ئەرکەکان دێت. ئێتیکس دوو لایەنی هەیە کە بریتیە لە لایەنی دەروونی ناوەوە کەپێیی دەوترێ نەستی و لایەنی رووکەش کە لە هەڵسوکەوت و کرداردا بەرجەستە ئەبێت.

هەڵبەتــە ئەگەر قســە لــە ئەخلاق بێت بــە مانا فراوانەکەی دەبێت ئاماژە بە ئەخلاقی تاکەکەسی بدرێت هەروەهــا ئەخلاقی بەکۆمەڵ، چونکــە دوو چەمکی ئەگەرچی لەیەکچوون، بەڵام لەهەندێ رووەوە جیاوازن. بۆ نموونە نە ئەخلاقی بەکۆمەڵ جارێکی تر پێناســەی ئەخلاقی مــن دەکاتەوە لەنــاو کۆمەڵگاکەدا لەچاوی کەسێکی بیانیدا و، مەرجیش نییە ئەخلاقی من وەك تاك پێناسەی ئەخلاقی بەکۆمەڵ بکاتەوە، بەڵام لەدەرەوەی ئەمەش کۆمەڵێــك بنەما هەن کە ئەخلاقی هەریەك لە تاك و کۆمەڵ پێناســە ئەکاتەوە. بەو پێیەش ئەخلاقی منیش وەکو تاکەکەس جارێکی تر پێناســەی ئەخلاقی کۆمەڵگاکەم دەکاتەوە لە دەرەوەی کۆمەڵگاکەم.

بەرای سوکرات ئادەمیزاد لە ژیانیدا هەموو هەوڵێکی بۆ بەختەوەریە، لەو نێوەندەدا هەرچی دەکات لە گەشتی ژیانیدا بۆ ئەوەیە بەختەوەربێت، دین و ئیمانیش شتێکی تەواوکــەرن، وەك لای هەنــدێ لە مرۆڤــەکان ئیمان سەرچاوەی بەختەوەریە، هەروەك لای هەندێ کەسی تر رەنگە ئیلحاد سەرچاوەی بەختەوەری بێت، بەڵام بەرای سوکرات لەمەدا ئەخلاق لەسەر ئیمان و دین بینا نابێت، بەڵکوو لەســەر حیکمە. ئەگەرچــی پێگەی دین لای ئەفلاتون لە ئەخلاقدا بەرز بوو، بەپێچەوانەوە ســوکرات ئەو پێگەیەی نەدا بە دین.


بــەم پێیەش چەمکــی ئەخلاق لــە کارێکی وەکوو رۆژنامەوانیدا ئەو چەمکەیە کە لە هەردوو رووی تیۆر و پراکتیکەوە بوون و کاریگەر و رۆڵی هەیە. لە نێوان ئەوەی وەکوو تیۆر قســەی لێوە ئەکەین و ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع وەکوو رۆژنامەوان لــە کارە رۆژنامەوانیەکانماندا رەنگدەداتەوە و بەرجەستەی ئەکەین.

هەڵبەتــە گرنگترین پایــەی کاری رۆژنامەوانی ئــازادی رادەربڕینــە، ئەو دەمیــش راگەیاندن دەبێتە هێزێکــی ئابووری و ئەخلاقی کاریگــەر کە ئازادی رادەربڕین لــە کۆمەڵــگادا کەلتوورێکی باڵابێت، چ لــە گوێزانەوەی هــەواڵ و زانیاری بێــرووراکان بەبێ سانسۆر و بەربەستێك لەلایەن دەسەڵاتی حکومیەوە چ لە هەڵســوکەوتی تایبەتیمان وەکوو رۆژنامەنووس و، بنەما ئەخلاقیەکانمان کە بنەمان بۆ کەسایەتیمان وەکوو راگەیاندنکار.

ونبوونی رەقیب و سنوور لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە هەندێــك لە بڵاوکراوە یان کەناڵەکانی راگەیاندن زۆر لە بەها پیشەییە ئەخلاقیەکانی کاڵکردۆتەوە. هەڵبەتە ئەم حاڵەتەش لــەو کۆنفلیکت یان لێکحاڵینەبوونەی خودی راگەیاندکارەکانەوە دروســتبوە ســەبارەت بە چەمکی ئەخلاق لە کاری رۆژنامەوانیدا.

بەڵام ئەگەر لە گۆشــەی هوشیاریەوە لە چەمکی ئەخلاقــی بڕوانین ئەو بیردۆزە تــەواو دەگۆڕدرێت، چونکە ئەوە چەمکی ئەخلاقە بەهەموو لێکدانەوەکانی ســنوور و عورف بۆ هەموو مومارەسە و کردارەکانی رۆژنامەوان (وەکوو ئینســان پێش ئەوەی رۆژنامەوان بێت) دادەنێت و تەنانەت پێوەندیەکانی بە دەورووبەریەوە رێکدەخات. لێــرەدا گرنگە ئاماژە بە رۆڵ و گرنگی یاسا بدەین لە دەستنیشــانکردنی سنوور بۆ ئەخلاقی پیشەییمان وەکوو راگەیاندنکار. کە ئەویش دواجار هەر ئەخلاقمان پێمان دەڵێت ئەو یاســایە چۆن بەکاربهێنین و ســوودی لێ ببینین. هەڵبەتە ئــەوی کە جێگیرە ئەو یاسـایانەن کە نووســراونەتەوە، بــەڵام ئەوەی لە گۆڕاندایە ئەخلاقمانە کە راســتەوخۆ بەستراوەتەوە بە زەمینەی پەروەردەیی و ژینگەییەکەی کە لەســەری بنەماکانی ئەخلاقمان وەرگرتــوە. بۆیە نابێت لە ژێر هیــچ بەهانەیەکــدا بەرپرســیاریتی ئەخلاقی و ئەو یاسایانە لەیەکتر جیابکەینەوە.

لــە زۆر رۆژنامەوانــەکان وایــە ئــەو ئەخلاقــی رۆژنامەوانیەی ئێمە باســی لێوە دەکەین ســنوورەکانی ئازادی بیروڕا بەرتەســك دەکاتەوە، لە کاتێکدا لە پایە پتەوەکانی کاری رۆژنامەوانی پرنسیپەکانی راستگۆیی، بەرپرســیاریتی و رێزگرتــن لە یاســایە. دواجار نابێت هیچ یاســایەکیش نەکاری رۆژنامەوانی و نە ئەخلاقی رۆژنامەوانیمان بخاتە بەر هەڕەشە یان لەچاوی دەسەڵاتی باڵا کە یاساکە دروست دەکات نابووت بکات..



ڤینۆس فایەق

# ئاكرێ بۆ باشكردنی باروگوزەرانی

ئاكـــرێ كە ناوەكەی لـــە (ئاگر)ەوە هاتـــووەو بەزمانی كوردی بۆتە ئاكرێ، لەســـاڵی (١٨٧٧)ەوە لە ســـەردەمی عوســـمانییەكان بە فەرمی كراوەتە قەزا، ئەم شـــارە كە بەنێرگزو نەورۆز بەناوبانگە یەكێكە لەقەزا دێرینەكانی كوردســـتان، تەنانەت باس لەوە دەكرێت كە لەســـاڵی (٧٣٣) پێش زایینی لە ســـەردەمی میرزەند ئەم قەزایە نۆژەنكراوەتەوە، لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیشەوە قەزابوونی دووپات كراوەتەوە. ئاكرێ كەوتۆتە ناوچەیەكی شاخاوی و دەشتێكی بەرفراوان و بەپیت و بەرەكەتی هەیە ڕووبەری سنوورەكەی (٧٢٥) هەزار دۆنمە و ژمارەی دانیشتووانەكەشی (١٥٠) هەزار كەس دەبێت، ئێستاكە ناحییەكانی ( دینارتە و بجیل و گردەسێن و ٢٤٧ گوند ) لەخۆدەگرێت.


كاتێـــك وەك تیمی گوڵان ســـەردانی دەڤەرەكەمان كرد تێبینی ئەوەمان كـــرد كە خەڵكی ئەم ناوچەیە بەكاری كشـــتوكاڵی و باخ و بێســـتان و ئاژەڵدارییەوە خەریكن، تەنانەت ڕێژەی لە(٤١٪)ی ئاژەڵی هەموو پارێزگای دهۆك لەم دەڤەرە بەخێودەكرێت، لەڕووی كشتوكاڵ و بەرهەمەكانییەوە ساڵانە بڕێكی زۆر لە گەنم و جۆ بەرهەم دەهێنرێت، لەكاتێكدا ئەم ناوچەیە خاوەنی ســـایلۆیەك نین، جگە لەمانە جۆرە برنجێكی لێ دەچێندرێت كەلە شـــارەكانی كوردســـتان بەناوبانگە. ئاكرێ لە دوای ســـاڵی (١٩٩١) و بە تایبەتی دوای ئـــازادی عێراق بەرفراوانییەكـــی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بۆیە لەبوارەكانی خزمەتگوزاری پێویســـتی بـــە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە،



# خەڵکەکەی لە چاوەڕوانیدایە

لەچەند گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دانیشتووانی ئەم قەزا دێرینەی کوردستان هاووڵاتیانی سەنتەری قەزا لێرەو لەوێ گلەیی و گازندەیەکی زۆریان هەبوو، بەتایبەتی لەوەی لە گەڕەکە تازەکان شەقام و کۆڵانەکانیان قیرتاوو کۆنکرێت نەکراوەو کێشەی ئاوەڕۆو ئاوی خواردنەوەشیان هەبوو، لەلایەکی ترەوە دانیشتووانی گوندەکانیش گلەیی زۆریان لە خراپی و نەبوونی ڕێگاوبانەکانیان هەیە، خراپی خزمەتگوزارییەکان لەئاکرێ بواری پەروەردەشی گرتۆتەوەو ژمارەیەک لەگوندەکان لەگەڵ هاتنی ساڵی تازەی خوێندن قوتابخانەکانیان داخراوە، دەبێ ڕۆژانە منداڵەکانیان بۆ خوێندن هاتووچۆی گوندی تر بکەن.هەروەها ژمارەیەک گوند تا ئێستا کارەبای بۆ نەچووە .

لە سەردانێکی تیمی (گۆڤاری گوڵان) بۆ قەزای ئاکرێ ئەو کەموکوڕی و گلەیی و گازندەیەی خەڵکەکە و چەند پرسیارێکی ترمان ئاڕاستەی بەڕێز جەهوەر عەلی عەزیز قایمقامی قەزای ئاکرێ کرد، کە لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.



جەهوەر عەلی عەزیز قائیمقامی قەزای ئاکرێ (بۆ گوڵان):

# وەکو خەڵکی ئاکرێ خۆمان بە مەغدوور دەزانین



### ئاکرێ بەپێی بەرفراوانبوونی گرنگی پێ نەدراوە

کاتێك ســـەردانی ئاکرێ دەکەیت شارێکی نوێ دەبینیـــت و ئەو ئاکرێیە دیار نییە کە لە قوتابخانەدا لەوانەی جوگرافیا لەئەتڵەســـی عێراقدا دەمانبینی و بە شـــێوازێکی سەرنجڕاکێش خانووەکان لەدامێنی چیاکـــەدا بۆ ســـەرەوە هەڵکشـــابوون، ئەمەش بۆ ئەو گەورەبوونە دەگەڕێتەوە کە شـــارەکە بەخۆیەوە بینیـــوە، ســـەبارەت بـــەوەی کە ئاکـــرێ ژمارەی دانیشـــتووان و گەڕەکەکانـــی لەمـــاوەی چەنـــد ســـاڵی رابـــردوو زۆر زیادیکـــردووەو داواکاری و پێداویســـتی خزمەتگوزاری خەڵکەکەش بە هەمان شـــێوە زیادیکـــردووە، قایمقامی قـــەزای ئاکرێ وتـــی: حکومەتی عێراق شـــاری ئاکرێی بەجارێك پشتگوێ خســـتبوو، گرنگی بەلایەنی گەشەکردن و کار و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان نەدابوو، تەنانەت قایمقامییـــەت و هەموو فەرمانگە حکومییەکان لە یەك بینایە ئاخنرابوون، تەنیـــا یەك ژووریش نەبوو بۆ کردنەوەی یەکەیەکی ئیداری بۆ گەشـــەپێدانی شـــارەکە، ئەو بینایەش قەشـــڵەی کۆنە کەداتەپیوو رووخاوە، بەڵام لـــە دوای ڕاپەڕین بەتایبەتی دوای ساڵی (٢٠٠٣) کە عێراق بە تەواوی ئازاد بوو ئیتر لەلایەن حکومەتی کوردســـتان تا ڕادەیەك گرنگی بـــە ئاکرێ درا لە ڕێگای بودجـــەی وەزارەتەکان و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆکەوە، لەئەنجامدا قەزاکەمان لەرووی خزمەتگوزارییەوە گەشەکردنێکی باشی بەخۆوە بینی، بەرادەیەك سەنتەری قەزاکە لە (سێ) گەڕەك بووە (٢١) گەڕەك، واتە ئاکرێ پێنج بەرامبەر زیادی کـــردووە، بەڵام ئێمە وەکو خەڵکی ئاکرێ خۆمان تاڕادەیەك بە مەغدور دەزانین، لەبەر ئەوەی ئاکرێ بەپێی گەشـــەکردن و بەرفراوانبوونی گرنگی پێ نەدراوەو کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ نەکراوە، بەتایبەتی لـــە بوارەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و شـــەقام و ڕێگا و بانەکان دا، بۆیە دانیشتووانی گەڕەکە تازەکان بەگشتی گلەیی و گازندەیان هەیە و داوا دەکەن پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاوەڕۆ و ئاوی خواردنەوە و قیرتاو و کۆنکرێتی شـــەقام و کۆڵانەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت، پێویستە ئەوەش بڵێین کە پڕۆژەی ئـــاوی خواردنەوەی ئاکرێ لە مانگی شوباتی (٢٠١٠) بەردی بناغەی بۆ دانراوە، کەچی تاکو ئێستاکە بەردێك لەسەر بەردێك بۆ ئەو پڕۆژەیە دانەنـــراوە، هەروەها پـــڕۆژەی تریش هەبوو لەگەڵ پەســـەندکردنی بودجە دەبوایە لە ســـاڵی ( ٢٠١٠ ) جێبەجێ بکرایە، زۆر لەپرۆژەکان لەکۆتایی ساڵ لە مانگی (١٢) دەستیان پێکراوەو ئەو پڕۆژانەش زۆر دواکەوتووە و کاریگەرییەکی راســـتەوخۆو خراپیان لەسەر ژیانی دانیشتووانی زۆربەی شارەکە دروست کردووە. بەمشێوەیە دواکەوتنی ئەنجامدانی پرۆژەکان گلەیـــی و رەخنەیەکی زۆری لەلایەن هاووڵاتیانەوە لێکەوتۆتـــەوە، ئەم رەخنەو بێزارییـــە لە دواکەوتنی پرۆژەکان بەمافێکی سروشتی هاووڵاتیانی دەزانم. لەســـەر دواکەوتنی ئـــەو پڕۆژانـــەش داواکاری و نووســـراوومان بۆ مەرجەعیەت و سەرووی خۆمان بەرز کردۆتەوە..

سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکە تازەکان و ناو سەنتەری شار بەگشتی و ئەو کێشە و گرفتانەی لەم بارەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو چی بکرێت باشە قایمقامی قەزای ئاکرێ وتی: پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە لە مانگی شوباتی ساڵی رابردوو بەردی بناغەی بۆ دانراوە، گەرچی لە کۆتایی مانگی (١٢)ی ساڵی (٢٠١٠) کاریان دەست پێ کردووە، ئەگەر ئەو پرۆژەیە تەواو بێت ئەوە بەشێوەیەکی وا پلانی بۆ دانراوە کە بۆ ماوەی(٢٥) ساڵی داهاتوو گرفت و کێشەی ئاوی خواردنەوە لە ئاکرێ نابێت .

## گرنگی بە ئاوەڕۆ نەدراوەو نەبوونی هەماهەنگی نێوان پرۆژەکان زیانی لێکەوتۆتەوە

هەروەها قایمقامی قەزای ئاکرێ ئاماژەی بە پرۆژەکانی ئاوەڕۆو کێشەو گرفتەکانی ئەو لایەنە کردو وتی: ئەمساڵ دوو پرۆژەی ئاوەڕۆ لە ناو سەنتەری قەزای ئاکرێ هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بە ئاوەڕۆ نەدراوە، لەبەر تەرخان نەکردنی بودجە بۆ ئەم بوارە، لە لایەکی ترەوە لەبەر نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دروستکردنی شەقام و پرۆژەکانی ئاوەڕۆ زیاتر کێشە و گرفتەکانی ئاوەڕۆ کەوتۆتە بەرچاو، چونکە زۆرجاری وا هەبووە شەقامێك دروستکراوە لە پاشان لە هەمان شوێن دەستکراوە بە دروستکردنی پرۆژەی ئاوەڕۆ، ئەمەش کێشە و بێسەروبەرییەکی زۆری لە پرۆژەکان خستۆتەوە.

## نەتوانراوە شاری ئاکرێ بەپێی پێویست پاك بکرێتەوە

سەبارەت بە زبڵ و خاشاك چۆن شار پاك دەکەنەوەو چ پرۆژەیەکیان هەیە بۆ رزگاربوون لە زبڵو خاشاك و بەنیاز نین کارگەیەکی ریسایلکین دابنێن،قایمقامی قەزای ئاکرێ وتی: بیرۆکە و پلانێك هەیە کە زبڵ وخاشاکی قەزای ئاکرێ و بەردەڕەش و شێخان و ناحییەکان و سنوورەکە لەیەك شوێن کۆبکرێتەوەو جۆری زبڵەکانیش لە یەکتر جیابکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە وەزارەتی شارەوانی لیژنەیەکی بۆ دروستکراوە، تاوەکو کار لەسەر ئەو پرۆژەیە بکەن، بە ئەنجامدانی ئەم پرۆژەی ریسایکلینە رزگارمان دەبێت لە کۆمەڵێك کێشە و گرفت لە بارەی زبڵ وخاشاکەوە، چونکە ئەو کارو سیستەمەی ئێستا لە پاککردنەوەی شاری ئاکرێ پەیڕەو دەکرێت کەموکوڕی هەیەو ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، لەبەر ئەوەی رۆژانە شارو گەڕەکەکان پاککردنەوەی پێویستە و ناتوانرێت بەپێی پێویستیش شارەکە پاك بکرێتەوە، بۆیە پێویستە بۆ پاك ڕاگرتنی شار و شارۆچکە و هەموو کوردستان سستەمێکی پێشکەوتوو و هاوچەرخ پیادە بکرێت و کارگەی جیاکردنەوەی ریسایکلین دابنرێت .

## (٣٠-٤٠) گرد لە دەشتی ئاکرێ هەیە کە سەر بە بنکەی شوێنەوارە خەڵك زێدەڕۆیی دەکەنە سەر ئەو گردانە

شاری ئاکرێ بەوپێیەی مێژوویەکی دێرینی لەشارستانییەت هەیە، هەربۆیە جگە لەبوونی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی، خاوەنی چەندین شوێن و شوێنەواری مێژووییە، بەرادەیەك لە ئاکرێ ژمارەیەك شوێنەوار و قەڵا هەیە، کە مێژوویێکی زۆر کۆنیان هەیە ئایا بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار یا وەزارەتی پێوەندار چییان بۆ ئەم شوێنانە کردووە تاوەکو بپارێزرێن، لەمبارەوە قایمقامی ئاکرێ وتی :

ئاکرێ لەلایەنی شوێنەواری و کەلتورییەوە شوێنێکی دیار و بەرچاوە‌و هەر سێ جۆری شوێنەواری هەیە، سروشتی و دیرۆکی و ئایینی، هەروەها شێوازو دروستکردنی خانووەکانی ئاکرێ شێوازێکی تایبەتمەندو دەگمەنە و چەندین قەڵاتی لێیە و سەدان خانوو و شوێنی دێرین و شوێنەواری تێدایە، گەرچی تا ئێستا تەنیا بنکەیەکی شوێنەوار لە ئاکرێ هەیە، کە بێ دەسەڵات و بێ ئیمکانیات و بێ توانایە، ئەو بنکەیە نەك ناتوانی کاری هەڵکۆڵین و چاککردن بکات، بەڵکو توانای پاراستنی شوێنەوارەکانیشیان نییە و ناتوانن دوو پاسەوان بۆ شوێنەوارەکان دابنێین، هەروەها زیاتر لە (٣٠-٤٠) گرد لە دەشتی ئاکرێ هەیە کە سەر بە

**دانیشتووانی گەڕەکە تازەکان لەئاکرێ داوا دەکەن پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاوەڕۆ و ئاوی خواردنەوە و قیرتاوی شەقام و کۆڵانەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت**

بنکەی شوێنەوارە خەڵك زێدەڕۆی دەکەنە سەر ئەو گردانە و بۆچاکردن و دروست کردنی خانووەکانیان گڵی لێ دەبەن، بۆیە پێویستە بۆ ئەو ژمارە گرد و شوێنەوارەکانی تریش شوورە بە تەل یا و بەشێوەی تر دروست بکرێت تا خەڵك بزانێ ئەمە شوێنەوارە و خاوەنی هەیە.

هاوکات بەدەیان جێگای گەشتوگوزاری لە دەڤەری ئاکرێ هەیە وەکو دینارتە و سیپەی ئاکرێ و. . . کە خەڵك لە وەرزی گەشتیاری بۆ خۆشی و ئاسوودەیی سەردانیان دەکات کە سروشتێکی جوان و دڵڕفێنیان هەیە، بەڵام تا ئێستا گرنگیەکی وا بەو شوێنە گەشتوگوزاریانە نەدراوە کە شایانی باسکردن بێت.

## کەرتی تایبەت تەنانەت یەك پرۆژمیان لەناوچەکە ئەنجام نەداوە کە شایەنی باسکردن بێت

سەبارەت بەوەی ئایا کەرتی تایبەت لە سنووری قەزای ئاکرێ هیچ کارو پرۆژەیەکی ئەنجامداوە قایمقامی قەزای ئاکرێ وتی : لە ساڵانی رابردوو تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدار و کەرتی تایبەت سەردانیان کردوین و ئێمەش هاوکاری و پاڵپشتی خۆمان لە هەموو بوارەکان بۆیان دەربڕیوە، بەڵام تا ئێستاکە تەنیا یەك پرۆژەشیان لە سنوورەکە ئەنجام نەداوە، چونکە وەبەرهێنەر و کەرتی تایبەت بە گشتی بیر لە قازانجی زۆر و خێرا دەکەنەوە، هەندێ کۆمپانیا هەیە کەگفتوگۆمان لەگەڵیان کردبوو زۆری نەماوە بگەڕێنەوە بۆ ئاکرێ بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانەی قسەیان لەسەر کرا بوو ئەنجامی بدەن .

## تەنگژەی نیشتەجێ بوون لە ئاکرێ هەر ماوە

هەروەها سەبارت بە کێشەی نیشتەجێبوون بەڕێزی وتی: بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون، تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر زەوی لە ئاکرێ بەسەر چین و توێژە جیاجیاکان دابەشکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش کرێی خانوو لە ئاکرێ زۆر گرانە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوانەی زەوییان وەرگرتووە هەر هەموویان نەیانتوانیوە بیکەن بە خانوو، بۆیە ئەزمەی نیشتەجێبوون لە ئاکرێ هەر ماوە، لەبەر ئەوە ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەگەر لە رێگای وەبەرهێنانیشەوە بێت، هەروەها داوایەکی خەڵکی قەزایەکان هەیە لێرەدا من ئاماژەی پێ دەکەم ئەویش ئەوەیە پێویستە حکومەت قەرزی نیشتەجێبوون بە هاووڵاتیانی قەزا و ناحیەکانی سنووری قەزای ئاکرێ بدات.

## زێدەڕۆیی کەم بۆتەوەو کێشەی نیشتەجێبوون سەریهەڵداوە

گەرچی قایمقامی ئاکرێ پێی وابوو کێشەی زێدەڕۆیی لەقەزاکەدا نییە، بەڵام وێنەی ژمارەیەکی ماڵمان گرتووە کە لەناو چەمێکدان لەرۆژهەڵاتی ئەو شارەوە دروستکراون، لەبارەی زێدەڕۆیی و کێشەی ئەو گوندانەی کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانی تازەی ئاکرێ قایمقامی ئاکرێ وتی: توانیوومانە زاڵبین بەسەر زێدەڕۆی و دەتوانم بڵێم لە (١٠٠٪) زێدەڕۆیی بنبڕکراوە لە سنووری ئاکرێ بەتایبەتی لە ناو سەنتەری قەزادا، بەڵام کێشەیەکی تر لە ئاکرێ هەیە لەگەڵ گەورە بوونی سنووری شارەوانی (١٢ تا ١٣) گوند کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانی، چونکە پێویستە و ئەرکە و هەقی گوندەکانە دەبێ بچین دیزاینی تەواو و ورد ئەنجام بدەین بۆیان، لەبەر ئەوەی ئەوانەش بوونە گەڕەك لە ناوشاری ئاکرێ، لەو کاتەدا خەڵکەکە ئیزعازج و ماندوو دەکەین و گلەیی و گازندەمان لەلایەن دانیشتووانی گوندەکان دێتە سەر، لەلایەکی ترەوە ئەو سنوورەی کە لە گوندەکان هەبوون دەبوایە تەنیا خانوو لەم سنوورە دروست بکەن لە ساڵی ١٩٥٦ نەماوە، ئەمەش گرفتێکی تری ئێمە و هەموو گوندەکانی کوردستانە، هەر بۆیەش بۆقەرزی خانوو پارە نادرێت بەو گوندانە یا زۆربەیان سوودیان لێ وەرنەگرتووە .

## (٣٠) گوند کارەبای نیشتمانی نییە و لە رێگای پارێزگای دهۆکەوە مۆلیدەیان بۆ دانراوە

سەبارەت بە پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا لە ئاکرێ چۆن دەڕوات بەڕێوە، ئایا کێشە و گرفتیان هەیە قایمقامی ئاکرێ وتی: ژێرخانی کارەبا لە ئاکرێ وەکو وێستگەی گۆڕین باشە، ئەوە وێستگەی

## ژمارەیەك لەگوندەكانی ئاكرێ سەرەڕای ئەوەی كارەبایان بۆنەچووە، لەگەڵ هاتنی ساڵی تازەی خوێندنیشدا قوتابخانەكانیان داخراوە

(١٣٢) كەی ڤی دروستكراوە و ئێستا قۆناغێكی تر لەم وێستگەیە دەست پێكراوە بۆ بەرفراوانكردنی، چونكە یەك محاویلـەی (٦٣) میگاواتی تێدابوو، ئێستا دووی تریش دادەنێین، هەروەها تۆڕی كارەبای نێوان ئاكرێ و هەولێر و ئاكرێ و دهۆك بەیەكتر بەستراوەتەوە، هاوكات ئەمساڵ بودجە و خەرجییەكی باش هاتۆتە بەردەستی بەڕێوەبەرایەتی كارەبایی ئاكرێ بۆ كڕینی تەلی كارەبا و محاویلە و فنجان و پێداویستی تری كارەبا، بەڵام ئێمە یەك كێشەمان هەیە كە (٣٠) گوند كارەبای نیشتمانی نییە و لە ڕێگای پارێزگای دهۆكەوە مولیدەیان بۆ دانراوە، لێرەدا داواكارین لە وەزارەتی كارەبا و حكومەتی كوردستان كارەبا بگەیەنێتە ئەو(٣٠) گوندەش، چونكە ئەوە هەقێكی ڕەوای خەڵكە لەسەر حكومەت دەبێ بۆیان دابین بكات .

### كۆمەڵە گوندێكمان هەیە تەنانەت ڕێگاكانیان چەوڕێژ نەكراوە هاتوچۆكردن لەم گوندانە زۆر زەحمەتە

ڕێگاوبان لە هەموو شار و شارۆچكە و ناوچەیەكدا یەكێكە لەو خزمەتگوزاریانەی كە زۆر پێویستە و كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان و داهات و گوزەرانی خەڵكەكە هەیە، لەبەر ئەوەی بوونی ڕێگا و ئاستی باشی ڕێگا دەبێتە هۆی ئەوەی كە هاووڵاتیان بە ئاسانی هاتوچۆ بكەن و كەمترین ماندووبوون و ڕووداویان بێتە پێش، سەبارەت بە شەقام و كۆڵانەكانی ناو سەنتەر و گەڕەكەكانی ئاكرێ و ڕێگا و بانەكانی گوندەكانی سنووری قەزاكە كە لە چ ئاستێكن و ئایا ئەمساڵ بەگشتی بۆئاكرێ پڕۆژەی ڕێگاو بان لەپلان و بەرنامەدا هەیە، قایمقامی قەزای ئاكرێ وتی :

لە ئاكرێ كاروپڕۆژە ئەنجامدراوە و ئێستاكەش ڕێگا سەرەكییەكان كاریان لەسەر دەكرێت هەر بۆ نموونە جووتسایدی نێوان و ناحیەی رووڤیا بە گوژمەی (١٥) ملیار دینار دەستی پێكردووە لە ماوەی یەك ساڵ و چوار مانگ تەواو دەبێت، گەرچی ڕێگای گوندەكان كە دروست دەكرێن بە دەبڵ درێسین ئەنجام دەدرێت واتە قیرتاو ناكرێن، بەڵكو بەشێوەیەكی ئاوایە هەندێ ڕێگایان زۆر بەرگە ناگرێت و تێكدەچێت، هەندێ گوندی ترمان هەیە ڕێگاكانیان تەنیا چەورێژكراوە و كۆمەڵە گوندێكمان هەیە تەنانەت چەوڕێژیش نەكراوە هاتوچۆكردن لەم گوندانە زۆر زەحمەتە واتە بە گشتی ڕێگای گوندەكانی دەڤەری قەزای ئاكرێ باش نییە.

### پزیشكی پسپۆرو شارەزامان لەهەموو بوارەكاندا نییە

خزمەتگوزارییەكانی كەرتی تەندروستی لە ئاكرێ لەكابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمدا هەنگاوی باشی ناوە، بەتایبەت دوای دروستكردنی نەخۆشخانەی ١٠٠ قەرەوێڵەیی مۆدێرن، گرفتەكە بۆ نەبوونی پسپۆرایەتی و پزیشكی مومارس دەگەڕێتەوە، قایمقامی ئاكرێ پێی وایە: لە كەرتی تەندروستی لەسەردەمی كابینەی پێنجەم نەخۆشخانەیەكی (١٠٠) قەرەوێڵەیی مۆدێرن دروست كرا و لە سنوور و گوندەكان بنكەی تەندروستیان بۆ دروستكراوە، بەڵام پزیشكی پسپۆڕ و شارەزای هەموو بوارەكانی نییە و ئامێری ڕەنینی موگناتیسی كە زۆر پێویستە بۆی دابین نەكراوە، دەبێ خەڵك بۆ ئەمجۆرە تیشكە بچێتە شار و شوێنی دیكە و چەندین ئامێری تر و

## بەبێ كوژاندنەوەی زەوی و زاری كشتوكاڵی و ئیستیملاك كردن و قەرەبووكردنەوەی خاوەن زەوی و موڵكدارەكان ماستەرپلانی ئاكرێ سەركەوتوو نابێت

پزیشكی پسپۆڕی تری ورد و شارەزایە بەهەمان شێوە كەموكوڕی نەخۆشخانەكەیە وەكو پزیشكی هەناو و ئافرەتان و چاو و....تاد. هەروەها لە ناو نەخۆشخانەكە یەكەیەكی بەرفراوان بۆ دادی پزیشكی دروستكراوە، بەڵام پزیشكی دادی نییە لە كاتی هەر ڕووداوێكدا چەند كارێك پێویستە بە بواری دادی پزیشكی هەبێت، خەڵكەكە دەچنە شاری دهۆك لەم بارودۆخە بە هاتوچۆكە تووشی زەحمەتییەكی زۆر دێن و زیاتر لە ساڵێك دەبێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و حكومەتی كوردستانەوە هیچ كاروپرۆژەیەك بۆ بواری تەندروستی لە سنووری قەزای ئاكرێ نەكراوە، جگە لە كڕینی ئامێرێكی شكاندنی بەردی گورچیلە، سنووری ئاكرێ پێویستی بە چەند بنكەیەكی تەندروستی هەیە كە بۆی دروست بكرێت و لە پلانی ساڵی ٢٠١١ دانراوە كە ئەنجام بدرێت، هەروەها ئاكرێ پێویستی بە نۆرینگەیەكی پسپۆڕی ددان هەیە.

### لە ژمارەیەك گوندا قوتابخانەكان داخران

سەبارەت بەگرفتی داخستنی ژمارەیەك لەقوتابخانەكانی گوندەكان لەئاكرێ بەڕێز جەهوەر عەلی وتی: ئێستا لە قوتابخانەكانمان سێ دەوامی نییە، بەڵام دوو دەوامی زۆرە، گرفتی ئێمە پتر لە گوندەكانە بەتایبەتی لە كاتی هاتن و پیادەكردنی ئەو سیستەمە تازەیە، چونكە گوند هەبووە قوتابخانەكەی دوو پۆلی بووە یان سەری بە گڵ و قوڕ دروستكرا بوو، هەروەها میلاكاتی مامۆستاش كە كەمبوون لە ژمارەیەك گوند قوتابخانەكان داخران و قوتابییەكان دەچنە گوندەكانی دەوروبەری خۆیان كە قوتابخانەكەیان شیاوە لەگەڵ سیستەمی خوێندنەكە دەگونجێت و میلاكاتی مامۆستاشیان تەواوە، لە سنووری ئاكرێ كێشەی میلاكات بەرچاوە كە مامۆستا دادەمەزرێت خەڵكی دەرەوەی ئاكرێ واتە خەڵكی سنوورەكە نییە بۆیە لە دەستپێكی هاتنیان داوای گواستنەوە دەكەن، لەو كاتەشدا گرفتی كەمی مامۆستامان بۆ دروست دەبێت، بۆیە پێویستە لە دامەزراندن بەتایبەتی مامۆستایان تا بكرێت خەڵكی ئاكرێ و سنوورەكەی بێت باشتر و گونجاوترە، چونكە ئەو مامۆستایە شارەزای لەسەر ناوچەكە هەیە و ماڵ و خێزانی لێرەیە بەدەگمەن هەیە بۆ دەڤەرێكی تر داوای گواستنەوە بكات ..

### بە مافی خەڵكی ئاكرێ و سنوورەكەی دەزانین زانكۆی ئاكرێ لە داهاتوویەكی نزیكدا بكرێتەوە

سەبارەت بەزانكۆش كە ئاكرێ بەراورد بەزۆر قەزای تر مەغدور كراوە، بەڕێزیان وتی:- لەسەردەمی كابینەی پێنجەم داوامان لە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی كرد بۆ كردنەوەی زانكۆ لەسەرەتادا كۆلیژێك لە ئاكرێ، ئەمەش ڕەزامەندی لەسەر درا و كۆلێژی پەروەردەی بنیاد كرایەوە، بەڵام بە مافی خەڵكی ئاكرێ و سنوورەكەی دەزانین زانكۆی ئاكرێ لە داهاتوو نزیكدا بكرێتەوە، ئێستا كە پێویست بەوە دەكات دوو تا سێ كۆلێژی تریش بكرێتەوە و ئەم ئیمكانیاتەش لە ئاكرێ هەیە.

### ئاكرێ پێویستی بە سایلۆ هەیە

سەردەمێك بوو ئاكرێ خاوەنی كارگەی زەیتی گوڵەبەڕۆژە بوو، بەڵام ئەم كارگەیە لەكار ڕاوەستاوەو هیچ كارگەیەكی تریش لەم ناوچە كشتوكاڵییە نەكراوەتەوە، سەبارەت بە كەرتی كشتوكاڵی و پیشەسازی و چارەنووسی ئەو كارگەیە قایمقامی ئاكرێ وتی: ئاكرێ ناوچەیەكی كشتوكاڵییە و گرفتی خاك و ئاو و هەوای نییە و ناوچەیەكی زۆر بە پیت و بەرەكەتە و ساڵانە بەشی خۆی بارانی لێ دەبارێت وەكو كەندێناوە و قەراج و. تا، ساڵی پار باشترین داهاتی گەنم و جۆ لە كوردستان لە سنووری ئاكرێ بووە، هەر بۆیە لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە ئاكرێ پێویستی بە سایلۆ هەیە، لە وەرزی دروێنە و داهاتدا جوتیارەكانمان لە گواستنەوەی گەنم و جۆ بۆ سایلۆیەكان پارەیەكی زۆر خەرج دەكەن، بەبوونی سایلۆ ئەو پارەیەیان بۆ دەگەڕێتەوە و پتر هان دەدرێن لەسەر كاری كشتوكاڵی و لە ئاكرێ برنج دەچێندرێت پێویستە وەزارەت و حكومەت ئاوڕێكی جیددی لەم كارە بدەنەوە بەتایبەتی هەوڵبدەن جۆری برنجەكان لە ناو نەچێت و پاڵپشتی جوتیارەكان بكەن لە چاندنی ئەو جۆرە برنجانە و ئاكرێ گونجاوە بۆ چاندنی برنج، چونكە كەوتۆتە نێوان زێی گەورە و خازر،

بەڵام تا ئێستا لەسەر ئەم دوو زێیە بە شێوەیەك سنووری ئاکرێ سوودی لێ وەربگرێت بەنداو دروست نەکراوە، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەنداوی بچووك و مامناوەند یان بەربەست لەسەر هەردوو زێی دروست بکات، ئەمە گەورەترین هاوکاری و پشتگیری جوتیارانە، بۆ ئەو مەبەستەش داواکاری و نووسراومان بەرزکردۆتەوە کار گەیشتۆتە ئەوەی داوام لە بەغداش کردووە بۆ دروستکردنی بەنداو بەربەرست، بەڵام لەلای خۆمان تا ئێستا هیچ کاروپرۆژەی وا نییە و گرنگی بەم بوارە نەدراوە، هەر بەناوی پاراستنی برنجی ئاکرێ دەتوانێ بەربەست لەسەر هەردوو زێی دروست بکرێت و کاریگەریشی لەسەر کەمبوونەوەی ئاوی زێیەکان نابێت، کارگەی زەیتی ئاکرێ لەلایەن(UN) وە بڕیاری (٩٨٦) دانراوە و کارگەیەکی مۆدێل کۆنە و لە راستیدا مۆدێلی لە دنیادا هەر نەماوە، بۆیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو ماوەی دوو ساڵە بەکرێ دراوە، بەڵام تا ئێستا کاری پێ نەکردۆتەوە.

لە کەرتی کشتوکاڵیدا پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە ئاکرێ هەیە کە کۆمپانیایەکی بەریتانی بەناوی(IK) ە چەند ساڵە کاری لەسەر دەکات و ئێمە دوو هەزار دۆنم زەویمان بۆیان تەرخانکردووە، ئەمەش پرۆژەیەکی پیشەسازی شیری لێ بەرهەم دەهێنن، ئەم پرۆژەیە زۆر قۆناغی بڕیوە لە ماوەیەکی کەمدا دەست بەکارەکانی دەکات.

**بنکەیەکی وەزرش و لاوانی زۆر گەورە لە ئاکرێ دروستکراوە بەڵام بەداخەوە دوو ملیار دیناری تێچووە، کەچی تەجهیز نەکراوە**

### پارساڵ لە ئاکرێ دوو فیستیڤاڵ سازکرا، هیچیان لەسەر بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری نەبوون

سەبارەت بە بواری رۆشنبیری و لاوان لەئاکرێ قایمقامی ئاکرێ وتی: لە دوای راپەرین یەکەم سەنتەری رۆشنبیری لە ئاکرێ کرایەوە و لە ناحیەکان و چەندین شوێنی دیکە سەنتەری رۆشنبیرمان هەیە و سەنتەری رۆشنبیری کلدوئاشور لە ئاکرێ هەیە کە لە دێرزەمانەوە وەکو برا بەیەکەوە لەم شار و سنوورە ژیاوین و هەندێ گوندی برا مەسیحییەکان لە سنووری ئاکرێ هەیە لە کاتی شۆڕش و دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیش ئەم گوندانە هەر ئازادبوون و لەگەڵ شۆڕشی کورد بوون و ئێستاش بە گیانێکی ئاسوودە و برایەتی بەیەکەوە دەژین، وەزارەتی رۆشنبیری بەتایبەتی شەخسی وەزیر لە هەموو بۆنە و فیستیڤاڵەکان ئامادەیە، بەڵام لە رووی پرۆژە و هاوکاریکردن بۆ نموونە ئەمساڵ دوو ڤیستیڤاڵ لە ئاکرێ سازکران لەسەر بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری نەبوون، یەکێکیان لەلایەن وەزارەتی شارەوانی ئەوی تریان لەسەر بودجەی کەرتی تایبەت بوو، هەروەها هۆڵێکی گەورەی بیرەوەری و بۆنە و کۆنفرانس و رۆشنبیری لەسەردەمی کابینەی(٥)دا دروستکراوە بەڵام تا ئێستا بۆمان تەجهیز نەکراوە و نووسراوو کشوفاتیشمان داوەتە وەزارەتی رۆشنبیری، گەرچی تا ئێستا بۆیان ئامادە نەکردووین، بنکەیەکی وەزرش و لاوانی زۆر گەورە لە ئاکرێ دروستکراوە، بەڵام بەداخەوە دوو ملیار دیناری تێچووە، کەچی تەجهیز نەکراوە، هاوکات لەسەردەمی کابینەی(٥) یاریگای ئاکرێ بە دوو ملیار و نیو دینار دوو قۆناغی جێبەجێ کراوە و یاری تێدا دەکرێت، زۆر پێداویستی و گرفتی هەیە پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان جێبەجێیان بکات بەتایبەتی دیواری دەرەوە و پاسەوان و رووناکی بۆ دابنرێت .

### پێویستە حکومەتی هەرێم فریای ئاکرێی کۆن بکەوێت

ئاکرێ ئەندازەی هەندێ لە خانووەکانی تیرازێکی تایبەتمەندی کوردستانییە و مێژوویەکی کۆنی هەیە، پێویستە پارێزگاری لەو ئەندازە و تیرازە تەلارسازییە بکەین و وەکو شوینێکی کەلتووری و مێژوویی بمێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا دەستی خزمەتگوزاری پێ نەگەیشتووە، جەنابی قایمقام هاوڕا بوو لەگەڵماندا و تەئیدی کردین و ئەویش وتی:

کە ئاکرێی کۆن دەبینین زۆر خەفەت دەخۆین، چونکە لە ئەتڵەسی عێراقیش ئەم خانوو و تیرازە تێکچووە، ئەو خەڵکەی لەم خانوو گەڕەکانە ماون هەژار و کەمدەرامەتن ناتوانن بیپارێزن، لێرەدا داواکارین لە رێکخراوی یونسکۆش داوامان کردووە کە ئاکرێ بخرێتە لیستی شوێنەوارە دێرینەکان بۆ ئەوەی بپارێزرێت، بەڵام یونسکۆش بنەماو مەرجی خۆی لەمبارەوە هەیە دەبێ ئەم خانووە یا ئەو شوێنە دەستکاری نەکات کە خەڵکەکە دەستکاری دەکات و دەیەوێت چاکی بکاتەوە، بە بلۆك نۆژەنی دەکاتەوە هەر بلۆك بێتە ناو هەر خانوویەك ئەوە یونسکۆ قبوڵی ناکات، لەبەر ئەوەی لە رێنمایی شوێنەوار دەردەچێت، بۆیە داوا لە حکومەتی کوردستان دەکەین یا هەوڵی پاراستنی بدرێت و لەناو نەچێت و بودجەی بۆ تەرخان بکات و بەپێی مەرج و رێنمایی یونسکۆ کاریان لەسەر بکات.

### بەپێی ماستەرپلانی نوێ ئاکرێ بەرەو رۆژئاوا گەورە دەبێت

ئاکرێ لەرووی هەڵکەوتەو شوێنی جوگرافیاوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، شارەکە کەوتۆتە ناوچەیەکی سەختی شاخاوی و داخراوەوە، کە لەگەڵ بەرفراوانبوونی شارەکەو زیادبوونی دانیشتووانەکەی گرفتێکی گەورە رووبەرووی ئەو بەرفراوانبوونەو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان دەبێتەوە، گەورەبوونی شارو رێکخستنەوەی نەخشەو دانانی پلان بۆ داهاتووی شارەکە پێویستی بە ماستەر پلان هەیە سەبارەت بەم مەسەلەیە قایمقامی قەزای ئاکرێ وتی: وەکو شارەکانی دهۆك و زاخۆ و ئامێدی ماوەیەکە کۆمپانیای ڤۆسینگی ئەڵمانیایی بۆندێکی لەگەڵ پارێزگای دهۆك کردووە خەریکی دروستکردنی ماستەر پلانێکی تازەن بۆ ئاکرێ و لە کارەکانیان چەند قۆناغێکی باشیان بڕیووە، شایانی باسە ئەو پڕۆژەی ماستەرپلانەش لەسەربیرۆکە و بودجەی پارێزگای دهۆکە، بەڵام هێشتا کارکردنی تێدا ماوە لەپاش تەواو بوونی بەمەبەستی پەسەندکردنی دەنێردرێتە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

بەهۆی ئەو ماستەر پلانەوە دەتوانرێت بەشێوەیەکی زانستی و ئەندازەیی و هاوچەرخانە شارەکە بەرفراوان بکرێت و کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجام بدرێت، تەنانەت کێشە و گرفتەکانی شارەکە لەهەر شوێن و پرۆژەیەکدا بێت دەتوانرێت بدۆزرێتەوەو چارەسەری گونجاوی بۆ بکرێت. بەپێی ئەو ماستەرپلانە تازەیە دەتوانرێت شارەکە بەرەو ڕۆژئاوا بڕوات و فراوان بکرێت، لەبەر ئەوەی ڕووبەری سنووری شارەوانی ئاکرێ لەسەردەمی حکومەتی عێراق دا (٥) کیلۆمەتر دووجا بوو، بەڵام ئێستاکە دەبێتە ( ١١٣) کیلۆمەتر دووجا ئەوەش سنوورێکی بەرفراوان و گونجاوە، بۆ جێبەجێ کردن و سەرکەوتنی ماستەرپلانەکە دەبێت چەند کارێکی پێویست هەیە ئەنجام بدرێت، لەوانە کوژاندنەوەی زەویوزاری کشتوکاڵی و ئیستیملاك کردن و قەرەبووکردنەوەی خاوەن زەوی و موڵکدارەکان. بەجێبەجێکردنی هەموو ئەمانە ماستەر پلانەکە سەرکەوتوو دەبێت . قەلعە سەربازییەکەی ئاکرێ کە کۆمەڵێك ماڵ تێیدا نیشتەجێن دیمەنێکی ناشرینی سەربازی کاتی رژێمەو وەکو خۆی لەدەروازەی ئاکرێ ماوەتەوە لەمبارەیەشەوە جەهوەر عەلی وتی:

قەلعە سەربازییەکەی ئاکرێ نزیکەی(١٧٠) ماڵی تێدایە، هەموویان کەمدەرامەت و هەژار و ئاوارەن و کێشەی کۆمەڵایەتیشیان زۆرە و ئەمجۆرە قەلعەیە لە زۆر شوێن هەبووە چارەسەریان بۆ دۆزیونەتەوە و بۆ ئەم قەلعەیەش نووسراومان بۆ پارێزگای دهۆك بەرز کردۆتەوە و داخوازیمان ئەوەیە ئەم ژمارە خێزانەش وەکو خەڵکەکەی تر قەرەبوو بکرێنەوە و ببنە خاوەن شوێنی نیشتەجێبوون و پێویستە ئەم شوێنە تێکدرێت بۆ کاروپرۆژە و بینایەکی پێویست وەکو ئەوەی ئێستا دانراوە کە شوێنەکە بینایەی پارێزگای ئاکرێی لێ دروست بکرێن یان بەشێکی قەلعەکە نۆژەن بکرێتەوە و بەشێك لە فەرمانگە و یەکە ئیدارییەکان بچنە ناو قەلعەکە.

**داوالە رێکخراوی یونسکۆ کراوە ئاکرێ بخرێتە لیستی شوێنەوارە دێرینەکان بۆ ئەوەی بپارێزرێت. بەڵام داواکارییەکە بێ وەڵام بووە**

# بۆئەوەی کێشە هزرییەکان بەسیاسیی نەکرێن، دەبێت دەروازەیەک بۆ ئاشتکردنەوەی ئەخلاق و سیاسەت بکەینەوە



عەبدولڕەحمان سدیق

هەر کەسێك کە ڕێنماییکردنی خەڵکی لەئەستۆگرتبێت لەهەربوارێکی ژیاندا، خودی کارەکەی کارێکی ئەخلاقیی و مرۆیيە، ئیدی ئەوە سیاسەت وبەرژەوەندیی سیاسییە کەدواتر دێتە نێو بوارەکەوە، ئەخلاق ورەهەندە مرۆییەکانی ناشیرین دەکات.

بۆیە شێخ سەعیدی نەورسیی دەیوت (خودایە پەنا بەتۆ دەگرم لەشەیتان وسیاسەت) چونکە دەیزانیی ئەوە سیاسەتە کە ململانێی ناڕەوا بەرهەم دەهێنێت لەنێوان پەیڕەوکارانی ئایینە جیاوازەکان و تەنانەت لەنێوان پەیڕەوکارانی هەمان ئاینداو، بگرە لەنێوان هەمان ڕێچکەو ئایینزای نێو یەك ئاینیشدا !!

لێرەوەیە دەبێت بپرسین : ئایا ئەوە کێشە هزرییەکانمانن کە کێشەی سیاسییمان بۆ دروست دەکەن؟ یان ئەوە کێشە سیاسییەکانمانە کە خۆی لەبەرگی کێشەی هزریی وئیمان و باوەڕدا حەشار دەدات و، ئەخلاق ورێکاری ئەخلاقیی خۆیشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە؟

بۆیە کۆنفۆشیۆش ڕاستی وتووە کاتێك دەڵێت: کە بارودۆخی وڵاتێك بە تەواوی تێکچوو، چارەسەر ئەوەیە کە وشەکان بە مانای ڕاستەقینەی خۆیان بەکاربهێنرێن..

- کەواتە ئەخلاق چییەو، سیاسەت چییە؟

لێرەدا زۆر پێناسە هەن کە بەکار هێنان و پەسەندکردنی هەریەکەیان، قسەکانمان بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا دەبەن، پێناسەکردنی چەمکەکان، پەسەندکردنیان لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە هەرواکارێکی ئاسان نییە،بۆیە باشتر وایە چەمکەکان لە فراوانترین بازنەدا ڕاڤەبکەین بۆ ئەوەی لە خاڵێکی ئاواوە دەستپێبکەین کە زۆربەمان کۆك بین لەسەری.

ئەخلاق لە ڕوانگەی ئایینەوە بۆ فەلسەفەو دواتر بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زۆر خاڵی لە یەکچوون و جیاواز لە خۆ دەگرێت، بەهەمان شێوەش سیاسەت.

ئەوروپا بۆ دەربازبوون لە کێشەی پێناسەکردن، هات هەریەك لە چەمکەکانی ئەخلاق و سیاسەتی لە جیهانی بیروبیردۆزو تیۆرەوە گوێزایەوە نێو جیهانی کردارو پراکتیکەوە، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەو وردکردنەوەی هەریەك لە چەمکەکان بۆ کۆمەڵێك ڕێسای هەستپێکراوو، ناوی لێنان (ڕێساکانی ڕەفتار)، ئینجا داوای پەیڕەوکردنی ئەو ڕێسایانەی لە دەستووردا جێگیر کردو، بە دەنگدانی خەڵکیش لەسەر دەستوور، ئەو ڕێسایانە بوونە کۆمەڵێك بەهای پەسەندکراو بە جۆرێك کە خەڵکی دەزانن ئەخلاق و سیاسەت و چەمکەکانی تریش لە چ ڕێساو ڕێنماییەکدا بەرجەستە دەکرێن.

بەڵام لای ئێمە چەمکەکان هێشتا لە جیهانی تیۆرو بیردۆزدا دەخولێنەوەو، هەمووشمان لەسەر پێناسێك یان ڕێسایەکی ڕەفتار کۆك نین، بۆیە ئەوەی لای من ئەخلاقە لای ئەوی دی دابونەریتە، ئەوەی لای من سیاسەتە، لای ئەوەی دی وەعزو ئامۆژگارییە، ئەوەش کەلای ئەو ئەخلاقە لای یەکێکی دی فێڵ و درۆیە !!

سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانیش وەکو دواجار بەپێی ئەو قوتابخانەو بیرمەندەی شوێنی کەوتوون، لە ئەخلاق و سیاسەت گەیشتوون.

ئەگەر لە (میکیاڤیلی)یەوە دەست پێبکەن، ئەوە بێگومان سیاسەت بریتی دەبێت لەوەی کە پێویستە وا لە مرۆڤەکان بڕوانن کە مرۆڤ هەمیشە خراپ و دڕندەن و، پێویستە هێزت هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیانداو، هونەری بەڕێوەبردنی وڵاتیش وات لێدەخوازێت کە هونەری جەنگ بزانیت و، واش لە مرۆڤ بڕوانین کە مرۆڤە نەك فریشتە.

خۆ ئەگەر لە (کانت)ەوە دەست پێبکەن، ئەوا لە بیری ئەوەدا دەبن کە ئەخلاق و سیاسەت پێکەوە ئاشتبکەنەوەو بەدوای چەمکەکانی هەق و عەدالەتدا بگەڕێن و، مامەڵەش لەگەڵ ناخی خێرخوازی مرۆڤدابکەن و، بڕوا بە چوار بنەماکەی بۆ چوونەکانی (کانت)بکەن، کە ئەویش ئاشتی بەردەوامی نێوان گەلان و، پیادەکردنی دیموکراسیی و، ئاشتی نێوان دەوڵەتانی دیموکراسیی و، دژایەتیکردنی تاکڕەوی بۆ دەسەڵاتی تاکڕەوانە.

هەرچی مەسەلەی ئاوێتەکردنی ئەخلاق و سیاسەتە، ڕووبەڕووی گەورەترین گرفت دەبێتەوە، چونکە ئێمە دەمانەوێت بە ئاوێتەکردنیان هەردووکیان ئاشت بکەینەوە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە لە کوێدا ئاوێتەیان بکەین؟

چونکە جۆرێکی ئاوێتەکردن ئەوەیە کە ئەخلاق بەرینە نێو بازنەی سیاسەتەوە، بەم جۆرەش ئەخلاق وەکو ئەخلاق بوونێکی نامێنێ، یان سیاسەت بەرینە نێو ئەخلاقەوە، بەمەش سیاسەت وەکو سیاسەت بوونێکی سەربەخۆی نامێنێ؟!

کەواتە چارەسەری گونجاو ئەوەیە کە هەریەك لە ئەخلاق و سیاسەت (بوون)و (بازنە)ی سەربەخۆی خۆیان هەبێت بەڵام ئاوێتەکردنەکە لە نێو ناوەندێکی سێیەمدا بێتە ئەنجامدان کە نێوەندێکی سەربەخۆ بێت، ئەو ناوەندەش دامودەزگاکانی دەوڵەتە کە بێلایەن و مۆڵکی هەموو خەڵکەو، پێویستە بەشێك لە هەموو چەمکە جیاجیاکان لەخۆی بگرێت.

ئەخلاق و سیاسەت دوو هەبووی جیان و ئامادەنین هیچیان ببنە هۆکار لە خزمەتی ئەویتردا، چونکە ئەخلاق پێی وایە کە ئامانجی خۆی هێنانەدی سیستمێکی گشتییە کە ئەخلاق تیایدا بنەمای سەرەکی بێت و، سیاسەت بەشێك بێت لەو ، سیاسەتیش پێی وایە کە ئەرکی خۆیەتی هەوڵبدات بۆ هێنانەدی سیستمێکی گشتی کە بنەما سەرەکیەکەی سیاسەتەو، ئەخلاق بەشێك بێت لێی !

لێرەوە ماددەی یەکەم لە هەر سیاسەتێکدا بریتیە لە ئازادیی گرێدراو بە ئازادیی ئەوانی ترەوە، لە کاتێکدا ماددەی یەکەم لە ئەخلاقدا بریتیە لە دادپەروەریی گرێدراو بە دادپەروەریی ئەوانی ترەوە. سیاسەت پێی وایە کە مرۆڤەکان پێویستیان بەو هۆکارانە هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان بەرەو قازانج

و بەرژەوەندیی، لە کاتێکدا ئەخلاق لای وایە کە مرۆڤایەتی ئاتاجـــی ئـــەو هۆکارانەن کە لە کۆی ئـــەو بەهاو ڕێنماییە باڵایانـــە نزیکیـــان بکاتەوە کە دواتر ئاراســـتە بە ڕەفتاریان دەدات.

هـــەر لێرەوە زەحمەتە بتوانین کەســـێك ببینین کە هەردوو چەمکی ئەخلاق و سیاسەت وەکو یەکو لەیەککاتدا لەبەرچاو بگرێت ئەگەر کەسی وا هەبێت یان پێغەمبەرانن یان ئەوانەن کە لە ڕاســـتیدا کاریگەریـــی ئەخلاقیان لەســـەر زیاترەو، بەرێکەوت کەوتوونەتە نێو بازنەی سیاسەتەوە.

ڕاگرتنی هاوســـەنگیی لە نێوان ئەخلاق و سیاســـەتدا بە جۆرێك زەحمەتە لە نەبوونی کەشـــوهەوای دیموکراســـیی و شـــەفافیەت و ئازادی ڕادەربڕین و ئاڵوگۆڕی ئاشـــتیانەی دەسەڵاتدا، کە دواجار یەکێکیان ئەوی تریان بە ڕەنگی خۆی بۆیە دەکات.

بۆیە ئێستاش کە دەڵێین سیاسەت، هیتلەرو مۆسۆلینی و هاوشـــێوەکانیان بە بیردا دێن، کە دەڵێین ئەخلاق، گاندی و ماندێللاو هاوشێوەکانی بە بیردا دێن.

هەر لەبەر ئەمەشە وشەی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ئێمەدا ماناکانی لە زۆر مانای خراپ و ئاست نزمدا وەرگیراوە.

لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا وشـــەی سیاســـەت دەبەنەوە ســـەر ڕەگە زمانەوانیەکـــەی و، دەڵێن لە ڕامهێنان و ڕامکردنی ئەســـپ و بەرزە وڵاخەوە هاتووەو، لەوێشـــەوە سیاسەت مانای ئەوە وەردەگرێت کە دەسەڵات وەك سوارچاکێك گەلەکەی ڕام بکات کە بریتین لە کۆمەڵێك ئەسپ و وڵاخی چەمووش و لاسار !!

لە ژیانی کوردەواریشـــداتا ئەم ســـاتەی کە قسەی تێدا دەکەین گەر گوێت لە شـــەڕە جوێنـــی نێوان ژنانی گەڕەکە میللییەکان بێت، ئەوە گوێبیســـتی ئەوە بوویت کە یەکێکیان بـــەوی دی دەڵێت: ئەگەر بێدەنگ نەبیت، دێم سیاســـەتت دەکەم !!

دەستەواژەی سیاسەتت دەکەم، سیاسەتی کرد، واتە هەرچی خراپە پێی کرد، یان هەرچی نەشیا پێی کرد !!

ئیـــدی لێرەوە دەزانیت سیاســـەت لـــە ڕۆژهەڵاتدا لە چ ئاســـتێکی نزمدایـــەو، ئەوەش دەزانیت کـــە خەڵکی بۆچی سیاســـەت بە شـــتێکی قێزەون تەماشـــا دەکەن و، ئەخلاق و ئەهلـــی ئەخلاقیش پێیان وایە کە هیچ ئەخلاقێك لە توانایدا نییەو نابێت سیاسەتێکی لەم جۆرە چاك بکاو جوان بکات.

ئەوەی پێی دەڵێین ئاشـــتکردنەوەی ئەخلاق و سیاســـەت، کۆمەڵێك مەرجی پێشوەختەی دەوێت لەوانە :

**یەکـــەم** / فەراهـــەم کردنی کەشـــوهەوای میانڕەویی و، خۆدوورگرتنی سیاســـەت لە توندڕەویـــی و، تاکڕەویی و، گەندەڵیی و، ناعەدالەتی. تاد

**دووەم** / پابەندبوون بە یاســـاو، یەکسانبوونی کەسەکان لە بەرامبەر یاسادا.

**ســـێیەم** / بەدامەزراوەییکردنی دەوڵەت و دوورکەوتنەوە لە حوکمی میزاج و سیاسەتی ڕۆژ.

**چـــوارەم** / پەڕینەوە لە قۆناغی توندڕەوانەی شۆڕشـــەوە بەرەو شەرعیەتی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەو بێگەرد.

ئەخلاق و سیاســـەت لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە کە ئامانجی هەریەکەیان ئەوەیە کە ڕوئیایەکی پێشوەخت بدەنە مرۆڤەکان، هەتا مانایەك و ئامانجێك ببەخشـــێتە ژیانیان، بەڵام دواتر لە چۆنیەتی ئەم ماناو ئامانج بەخشـــینە جودا دەبنەوە، چونکە ئەخلاق لە سیاســـەتدا بەمانای ئەوە نایەت کە ڕاستگۆبێت، دڵسۆزبێت، بەڵکو ئەخلاق لە سیاسەتدا کاری ئەوەیە کە ئەو پێوەندییە ئاڵۆزە ڕێك بخات لە نێوان گەیشـــتن بە ئامانج و، ئەو هۆکارانەی کە دەتگەیەنێت بە ئامانج.

• کەواتە پرسیارەکە بەم جۆرەیە :

سیاســـەتمەداره خاوەن ئامانجە سیاســـیەکان پشـــت بەچ پێوەرێکی ئەخلاقی دەبەستن، لە هەڵبژاردنی جۆری خەبات و تێکۆشاندا ؟!

یـــان بەدیوێکی دیکەدا: سیاســـەتمەداره خاوەن ئامانجە سیاسییەکان پشت بە کامیان دەبەستن؟ بەناوەرۆك و مەبەستی ئامانجەکانیان، یان بە مۆرك و شێوازی هۆکارەکانیان ؟

چونکە ئەوەی (میکیاڤیلی) لـــە (کانت) جودا دەکاتەوە لە یەکێك لە خاڵەکاندا، مەســـەلەی هـــۆکارە، لەبەر ئەوەی هەرکاتێك ئامانج پاســـاوی بۆ هـــۆکار هێنایەوە، لە پێناوی گەیشـــتن بە ئامانج، هەموو هۆکارێك بە ڕەوابزانرێت، ئیدی ئەوســـا لە (میکیاڤیلی) نزیك دەبینـــەوە، هەرکاتێکیش لە ئامانجمان ڕوانی بەو شێوەیەی کە هۆکارەکانی خەبات خاوەن بەهایەکـــی ئەخلاقی بن و، بە هـــۆکاری پیس و قێزەون بۆ ئامانجی پـــاك و ڕوون هەوڵ نەدەین، ئەوســـا لە (کانت)و ئەوانی وەك ئەو نزیك دەبینەوە.

هەر لێرەوە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە ڕۆڵی ڕۆشـــنبیران بدەین لەم مەســـەلە ئاڵۆزەی ئەخلاق و سیاسەتدا، چونکە لە ڕاستیدا پێویستیی زۆرمان بەوە هەیە کە بزانین کێ ڕۆشنبیرەو کێش دەسەڵاتە، لەبەر ئەوەی لای ئێمە تێکەڵییەکی یەکجار زۆر هەیـــە لە نێوان ناوەکاندا، هەروەهـــا دەبێت ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە ئایا ناو چۆن لەکەس و دەزگاکان دەنرێت ؟ ئایا ڕۆشـــنبیر کەسێکە خۆی سیفەتی ڕۆشنبیر بە خۆی دەدات یان خەڵکی دی ؟ پێوەر چییە بۆ پێدانی ئەم نازناوە بەکەسێك و، ســـەندنەوەی لە کەســـێکی دی ؟ ئێمـــە وەك بۆ پێدانی نازنـــاوی کار پێوەری خوێندن و کۆلێژو پەیمانگا دەگرینەبەر بۆ پێدانی نازناوی پزیشـــك و ئەندازیارو مامۆستاو مافناس و تاد، پێویســـتیمان بەوەش هەیە ڕۆشنبیریی خوردبکەینەوە بۆ پیشـــە جیاجیاکانی وەك ڕۆژنامەنووســـان، نووســـەران، مامۆســـتایان، هونەرمەنـــدان. هتد، بۆ هەریـــەك لەمانەش پێوەری خوێندن و دەرچوون لە تاقیکردنەوەکانی قۆناغەکانی خوێندن و، دواتریش بوونی بەرهەمەکانیان شـــایەدی جۆرێك لە ڕۆشنبیرییان بۆ دەدات.

هەر لێرەوە ڕۆشـــنبیریی لە پێگەوە دەگۆڕێت بۆ پیشەو، لـــە مەزندەو میزاجەوە دەگۆڕێت بۆ خوێندن و مەنهەجی تەواو کردن و بەرهەمی ڕۆشنبیریی.

ســـەبارەت بەوەی کە ئایا ئەخلاق پردێکە لە نێوان ئازادیی و یاســـادا ؟ ئەوە دووبارە دەبێت پێوەندیی نێوان ئەم دووانەی دوایی بە ڕێســـاکانی ڕەفتار دیاربکرێت لە نێو دەســـتووردا، ئەوساش تاکی ئێمە وەکو هاووڵاتی کە دەنگ بەو دەستووره دەدات، دەزانێت مەبەست لە ئەخلاقی پەسەندکراو چییە لەلایەن کۆمەڵگەوە، هەر ئەوساش پیادەکردنی ئەخلاق کەبە ڕێساکانی ڕەفتار بەرجەستە دەبن لە دەستووردا و لە یاسای حزبەکان و، لە یاسای هەڵبژاردنی گشتیدا، بەهەند هەڵدەگیرێت و، ئەوساش سیاســـییەکان ناتوانن گەندەڵ بن و، پۆســـت و پایەو پلەی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربێنن، چونکە هاووڵاتی تێگەیشـــتوو لە مافە دەســـتوورییەکانی خۆی، بەرگری لە مافەکانی خۆی دەکات و داوایان دەکات.